# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.578 Tue 20/ 4/ 2010 | نرخ 750 دینار | ژمارە 578 سێشەممە 20/ 4/ 2010

ل ٨

## دیوانی چاودێری دارایی هەولێر «سەرپێچییەکی» سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاشکرا دەکات



ئاسیاسێل
کۆماندەکاتەوە
www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١

# نەوشیروان مستەفا: هیچ فشارێک کار لە هەڵوێستمان ناکات

رۆژنامە


نەوشیروان مستەفا رایگەیاند، کە هیچ فشارێک کار لەسەر هەڵوێستی سیاسیمان ناکاتو فراکسیۆنی گۆڕانیش لە پەرلەمانی عێراق، دەبێتە داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافە نەتەوەییەکانی کورد.

نەوشیروان مستەفا لە چاوپێکەوتنێکی بەرنامەی رووبەڕووی کەناڵی (KNN)دا کە ئەمشەو پەخشدەکرێت، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ بزووتنەوەی گۆڕان توانیویەتی لە دوو هەڵبژاردنی رابردوودا پێگەیەکی بەهێز لەناو پەرلەمانی کوردستانو عێراقدا دابمەزرێنێت. لەوڕووەوە دەڵێت: بێگومان لەم خولەی پەرلەمانی عێراقیدا نوێنەرەکانمانو فراکسیۆنەکەمان، دەبن بە داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافە نەتەوەییەکانی کورد.

سەبارەت بە سووربوونیشیان لەسەر دژایەتیکردنی گەندەڵییو گۆڕینی سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتو بەرگریکردن لەمافەکانی خەڵکی کوردستانو لایەنگرانی گۆڕان، نەوشیروان مستەفا دەڵێت: «ئێمە سەردەمێک بۆردوومانی کیمیایی نەیتوانیوە هەڵوێستەکانمان بگۆڕێتو بێدەنگمان بکات، لەبەرئەوە سەر بۆ هیچ فشارێکی سیاسیی دانانەوێنین کە بەرگریی لە مافی دۆستو لایەنگرەکانی خۆمان بکەین».

لە دوای (٧/٢٥)ەوە، ئەو سیاسەتانەی کە لەلایەن لایەنی دەسەڵاتەوە رووبەڕووی بزووتنەوەی گۆڕان بووەتەوە گەیشتووەتە ئاستی «توندوتیژییو سزای سیاسیی»، نەوشیروان مستەفا لەوبارەیەوە وتی: «لەم هەڵبژاردنەدا دەتوانین لەسەر دوو ئاست بڕوانین بۆ ئەوەی دیاری بکەین بەرامبەر بەئێمە چیان کردووە، یەکێکیان ئاستی راگەیاندنە، کە جەنگێکی سایکۆلۆژیی زۆر توندوتیژو خەستیان بەرامبەر بە ئێمە لە دەزگاکانی راگەیاندندا بەکارهێنا، دەتوانین بڵێین کە جەنگێکی زۆر توند دژی ئێمە بەڕێکرا، من پێشموایە، کە پسپۆڕی بیانییو بێگانەیان هێنابوو بۆ ئەوەی لەو جەنگە سایکۆلۆژییەدا هاوکارییان بکەن».

وتیشی: «لەسەر ئەرزی واقیعیش، ئەوەی پێی دەوترێت «ئیرهابی حکومەتی»، ئەوەی لەدەستیان هاتو پێیان کراوە بەهەموو شێوەکان ئیرهابی حکومەتییان بەرامبەر بە دۆستو لایەنگرەکانی ئێمە بەکارهێناوە، هەر لەوەی کە خەڵکیان دەرکردووەو لەشوێنێکەوە گواستوویانەتەوە بۆ شوێنێکی دیکە بۆئەوەی دەست لەکارەکەی هەڵبگرێت یان هەڕەشەیان لێکردووە، هەر لەوەی کە هەڕەشەیان لەکەسوکاری کردووە، هەر لەوەی کە هەندێکجار ئیغرائاتیان کردووە، ئەوەی کە کوردی کۆن پێیانوتووە «گفت و گەف»، واتە لەلایەکەوە هەڕەشەو لەلایەکەوە بەڵێن.



## وتەبێژی «عێراقیە» بۆ رۆژنامە: هیوادارین ئامانجی هاوپەیمانیی لە پۆستی سەرۆک کۆمار گەورەتر بێت

ل ١٢

## ئەیوب بارزانی: جگە لە پارتی، بادینان ناوچەیەکی موحەڕەمەیە بۆ لایەنەکانی دیکە

رۆژنامە

ئەیوب بارزانی مێژوونووسو ئامۆزای سەرۆکی هەرێم، رەخنە لە دەسەڵاتدارانی هەرێم دەگرێت، کە خەڵکی کوردستان لەژێر سایەی دەسەڵاتدارانی ئێستادا چێژ لە دیموکراسی نابینن.

لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا، ئەیوب بارزانی، باس لەوەدەکات، کە رقو تووڕەیی لەلای زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگە دروستبووەو ئەو تووڕەییەش لە کۆبوونەوە لەدەوری لیستی گۆڕاندا دەرکەوت، ئەو دیاردەیەش بەڵگەی زیندوویی کۆمەڵگەی کوردییەو ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە گەلێک هەیە تەسلیمی رژێمو سیستمێکی دواکەوتوو نابێت، کە رێز لە ئیرادەی نەگرێت، هەروەها دەڵێت: باری « گۆڕان»و تووڕەیی جەماوەریی ئاماژەیەکی روونە بۆ ئیرادەیەکی جەماوەریی بۆ رزگاربوون لە حوکمێک، کە لە هیواو ئامانجەکانی گەلەکەی دوورکەوتبێتەوە، ئەو دەڵێت: پێموانییە کە هەرێمی کوردستان لەژێر ئەم دەسەڵاتەی ئێستادا چێژی دیموکراسیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکات.

هەروەها ئەیوب بارزانی، سەبارەت بە کەمیی ئازادییو فرەیی سیاسیی لەناوچەی بادینان وتی: «ناوچەی بادینان بە ناوچەیەکی موحەڕەمە بۆ هێزەکانی دەرەوەی لایەنی دەسەڵات لە قەڵەم دەدرێت».



دەقی چاوپێکەوتنەکە لە ل(٥) دایە

## رێکخەری فراکسیۆنی گۆڕان و حکومەتی هەرێم: نانبڕینو سزای سیاسیی بەردەوامە

ل ٢

## عارف تەیفور: کورسییە قەرەبووەکەمان یەکلایینەکردووەتەوە

شارا عەبدولڕەحمان

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە تا ئێستا پێدانی کورسییە قەرەبووەکەی لیستی هاوپەیمانیی بە د.فوئاد مەعسوم یەکلاییەنەبووەتەوە.

عارف تەیفور، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەگەر بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ کورسییە قەرەبووەکەی لیستی هاوپەیمانیی بکرێت، ئەو کورسییە بەر پارتی دەکەوێت، چونکە کاندیدێکمان لە خانەقین دەنگێکی زۆری هێناوە، ئەگەر نا نییەتمان وایە کە بدرێت بە د.فوئاد مەعسوم، کاندیدی یەکێتی.

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئاماژەی بەوەشکرد، ئەگەر یەکێتیو پارتی رێکبکەون لەسەر ئەوەی کە ئەو کورسییە قەرەبووە بدەنە کاندیدی لایەنەکانی دیکەی هاوپەیمانیی، «ئەوا بۆ هەڵبژاردنەکانی دیکە قازانجی لێدەکەن بۆ هاوپەیمانێتیکردنو لەسەر تێکڕای ئەو مەسەلانە لەگفتوگۆداینو لەسەرهیچکاملەوپێشنیازانەنەگەیشتووینەتە ئەنجام».

سەبارەت بە دانانەوەی د. فوئاد مەعسوم بە سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، عارف تەیفور وتی: «پێویستە لە دابەشکاری پۆستەکاندا دادگەریی هەبێت، چونکە هەموو لایەک دەزانێت کە پارتی (٣٢)کورسی هێناوە لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانداو تا ئێستا دابەشکاریمان نەکردووە بۆ ناو خودی لیستەکە لەپەرلەمانی عێراقدا، با بزانین بارودۆخی لایەنەکان چۆن دەبێت، کێ چی بەردەکەوێت، ئەوسا سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی یەکلایی دەبێتەوە، چونکە سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیش پۆستێکەو وەک جێگری سەرۆکی پەرلەمان، یان وەزیرێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لەبەرئەوە ئەو مەسەلەیە دوادەکەوێت، بەڵام وتەبێژی لیستەکە لە پارتی دەبێت».

## لێپێچینەوە لە خوێندکارە خۆپیشاندەرەکان دەکرێت

ل ١٦



ئاسیاسێڵ یەکەم و تەنها تۆڕی پەیوەندییە
کە هەر ١٨ پارێزگاکەی عێراق دەگرێتەوە
ئاسیاسێل
کۆماندەکاتەوە
www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١

# رۆژانە زیاتر لە (٤٠٠) تانکەر نەوتی هەرێم رەوانەی ئێران دەکرێت

**هەولێر: ئاوارە حەمید**

هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ ئێران بەردەوامەو لیژنەی پیشەسازیی‌و وزەو سەرچاوە سرووشتییەکانیش لە پەرلەمانی کوردستان بێئاگایە لە داهاتی ئەو نەوتەی هەرێم کە بە بەردەوامیی رەوانەی دەرەوە دەکرێت.

یەکێک لە خاوەن تانکەرەکان، کە نەوت لە سنووری باشماخەوە دەگوازێتەوە بۆ ئێران بە رۆژنامەی راگەیاند: بەهۆی پشووی (سیانزە بەدەر-نەورۆز)ەوە هەناردەکردنی نەوت بۆ ئێران سستیی تێکەوتبوو، بۆیە لە ئێستادا لە زۆر شوێنەوە نەوت بۆ باشماخ دەچێت‌و رۆژانە نزیکەی (٤٠٠) تانکەر لەو مەرزەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئێران.

وتیشی: «لە ناوچەی کانی مانگا لە پشت پێنجوێن تانکەر ریزیانبەستووە تاوەکو مەرزەکەو بەهۆی پەلەکردن لە بارکردن‌و گواستنەوەی نەوت، نزیکەی (٢٠٠٠) هەزار تانکەر نەوت لە مەرزەکە وەستاون.

هەردوو کۆمپانیای عێراق ئۆیل‌و قەیوان کاری گواستنەوەو ناردنەدەرەوەی نەوت دەکەن لەو دەروازە سنوورییەوە.

عەبدوڵڵا مەلا نوری، ئەندامی لیژنەی پیشەسازیی‌و وزەو سەرچاوە سرووشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: لیژنەکەیان ئاگاداری ئەوە نییە کە ناردنەدەرەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان چۆن‌و بە چ یاسایەک ئەنجامدەدرێت، بە کێ دەفرۆشرێت؟، ئەوانە کێن کە لەپشتی ئەو پرۆسەیەوەن؟.

عەبدوڵڵا مەلا نوری جەختی لەوەکردەوە، ناردنەدەرەوەکە بەشێوەیەکی نایاساییەو جێی گومانە، رۆژانە بڕێکی زۆر لە نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەبرێتە پاڵاوگە بچووکەکان بە بیانووی ئەوەی دوای پاڵاوتنی دەخرێتە بازاڕەوە، کەچی ئەو نەوتە رەشەی کە لە کێڵگەکان دەردەچێت چەند هێندەی ئەو نەوتە سپییەیە کە لە بازاڕەکانی کوردستان هەیە».



# بۆچی ئەنجومەنی وەزیران (١٣٠) ملیار دیناری بۆ بودجەکەی زیادکردووە؟

**رۆژنامە**

ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بۆ ئەمساڵ زیاتر لە (٢١٨) ملیارو (٧٧٨) ملیۆن دیناری بۆ ئەنجومەنی وەزیران تەرخانکردووە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ساڵی پار بۆ (٢٨) وەزارەت، (١٥٦) ملیارو (١٧٥) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکرابوو.

بەپێی ئەو بودجە خەملێنراوەی کە ئەنجومەنی وەزیران رەوانەی پەرلەمانی کردووە، ئاماژە بەوەکراوە، تا (٢٠٠٩/٦/٣٠)، (٤٥) ملیارو (٣٠٦) ملیۆن دینار سەرفکراوە.

سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، روونیکردەوە، کە ئەگەر ئەو خەرجییەی (٦) مانگی سەرەتای حکومەتی هەرێم دوو ئەوەندە بکەین بۆ ساڵەکە، دەکاتە (٩٠) ملیارو (٦١٢) ملیۆن دینار، واتە (٦٥)ملیارو (٥٦٣) ملیۆن دینار لە بودجەی ساڵی رابردووی ئەنجومەنی وەزیران، کە بۆ (٢٨) وەزارەت بووە، ماوەتەوە، ئاماژەی بەوەشکرد؛ ئەو بڕەی ئەمساڵ بۆ ئەنجومەنی وەزیران دانراوە لە بری ئەوەی کەمبکرێتەوە، (١٣٠) ملیار دیناری لە ساڵی رابردوو زیاترە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو کەموکوورییەی لە بودجەکەدا هەیە، جگەلەوەی بودجەی کارپێکردن (٦٩٪)و بودجەی وەبەرهێنان (٣١٪)ی بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ە.

فراکسیۆنی گۆڕانیش کە نارازیی بوون بەرامبەر بە تەرخانکردنی ئەو بڕە بودجە زۆرانە بۆ سەرۆکایەتییەکانی هەرێم‌و لە ناویاندا ئەنجومەنی وەزیران، لە روونکردنەوەیەکدا داوایانکردووە بودجەی ئەنجومەنی وەزیران کەمبکرێتەوە، بەجۆرێک لەگەڵ دروشمی تەرشیقدا بگونجێت، نەک بەپێچەوانەوە، بەوپێیەی کاتێک (٩) وەزارەت لە کابینەی شەشەمدا کەمکراوەتەوە، کەچی بودجەی ئەنجومەنی وەزیران بە بڕی (١٣٠) ملیار دینار زیادیکردووە.

تەرخانکردنی (٢١٨) ملیارو (٧٧٨) ملیۆن دینار بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم لەکاتێکدایە، کە ئەنجومەنی وەزیران بۆ (٣) پارێزگا، (٢) هەزارو (٧٣١) فەرمانبەری هەیە، ئەمەش ئەگەر بەراوردبکرێت بە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراق، کە بۆ (١٥) پارێزگا، (٢) هەزارو (٥٢٣) فەرمانبەری هەیەو وەک بودجەکەش (١٠٠) ملیارو (٧٧٨) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە.

لەمبارەیەوە بیلال سلێمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵ، بە رۆژنامەی راگەیاند: تەرخانکردنی ئەو بودجە زۆرە بۆ ئەنجومەنی وەزیران «بە شەرعیەتکردنی گەندەڵییە»، چونکە هیچ مانای نییە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بۆ (٣) پارێزگا پێویستی بە (٢١٨) ملیار دیناربێت، لەکاتێکدا هەموو داهاتی کوردستان (٣٤٨,٦٧٩,٠٠٠)ملیار دینارە، کە ئەگەر رێژەی (١٧٪)کەی هەرێم لە بودجەی عێراق نەنێردرا یان کەمکرایەوە، چۆن بتوانرێت خەرجیی وەزارەتەکان دابینبکرێت».

بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە گومان هەیە لە رێژەی ئەو داهاتەی هەرێم کە ئاشکرایانکردووەو گومانیش هەیە لەو بودجە زۆرەی بۆ هەرسێ سەرۆکایەتییەکە دانراوە، کە ئەمە بۆخۆی شەرعییەتدانە بە گەندەڵیی، چونکە هیچ رێگەیەک نییە پەرلەمان چاودێریی خەرجکردنی ئەو پارانە بکات، لەبەرئەوەی حساباتی خیتامی نانێردرێتە پەرلەمان‌و راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریش دەشاردرێنەوە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

# نزیکەی (١٠)هەزار کەس دادەمەزرێن

**رۆژنامە**

لەدوای پەسەندکردنی بودجە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، دامەزراندن دەکرێتەوەو بەپێی پێویستی وەزارەتەکان، بۆ ئەمساڵیش بڕیاروایە (٩٥٤٧) هەزار کەس دابمەزرێنرێن‌و ئەولەویەتیش بۆ دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان دەبێت.

راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان ئاشکرایکرد، کە لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا سەرۆکایەتی پەرلەمان پرۆژەیاسای بودجە رەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم دەکات، تا لەماوەی (١٠) رۆژدا ئیمزای لەسەر بکات یان رەتیبکاتەوە.

لەدوای پەسەندکردنی یاسای بودجەش لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، دامەزراندن لە حکومەتی هەرێم دەستپێدەکات.

محەمەد قەرەداغی، سکرتێری یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، بە رۆژنامەی راگەیاند: دوای پەسەندکردنی بودجە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوەو گەڕانەوەی بۆ حکومەت، دەست بە دامەزراندن دەکرێت بەپێی پێویستیی وەزارەتەکان‌و بەتایبەت دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان.

بە وتەی سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران، دامەزراندنی ئەمساڵ جیاواز دەبێت، چونکە هەر لە سەرەتای ئامادەکردنی بودجەوە وەزارەتەکان پێویستیی وەزارەتەکەیان بە فەرمانبەر دیاریکردووەو بەپێی ئەوە کار لەسەر دامەزراندنەکان دەکرێت.

بەپێی پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێم، حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠١٠)، (٩) هەزارو (٥٤٧) کەس دادەمەزرێنێت، بەجۆرێک سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، (٧٣) کەس‌و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان (٢٨) کەس‌و ئەنجومەنی دادوەریی (٢٥٠) کەس، وەزارەتەکانیش کە داوای دامەزراندنی فەرمانبەریان کردووە بریتین لە: وەزارەتی تەندروستی (١١٠٠) کەس، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی (٩١٢) کەس، وەزارەتی پەروەردە (١٥٠٠) کەس، وەزارەتی دارایی‌و کاروباری ئابووریی (٣٣٢) کەس، وەزارتی داد (١٣٠) کەس، وەزارەتی پیشەسازیی‌و بازرگانی (٦٠) کەس، دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان (٥٥) کەس، وەزارەتی کارەبا (٢٥٠) کەس، وەزارەتی پلاندانان (١٠٥) کەس، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان (١٥٠) کەس، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە (١٥٠) کەس، وەزارەتی ئەوقاف‌و کاروباری ئایینی (١٧٠) کەس، وەزارەتی شەهیدان‌و ئەنفال (١٢٠) کەس، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی (٣٠٠) کەس، وەزارەتی رۆشنبیریی (٢٥٠) کەس، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن (٢٠٠) کەس، وەزارەتی شارەوانی‌و گەشتوگوزار (٧٥٠) کەس، وەزارەتی ناوخۆ (٩٢٢) کەس، ئاسایشی سلێمانی (٣٠٠) کەس‌و ئاسایشی هەولێر (١١٩٠) کەس، وەزارەتی کشتوکاڵ (٢٥٠) کەس.

بودجەی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠١٠) بڕەکەی (١١) ترلیۆن‌و (٤٣٣) ملیارو (١٧٦) ملیۆن دینارەو پاش زیاتر لە (١٠) دانیشتن‌و گفتوگۆیەکی بەردەوامو ناڕەزایی ئۆپۆزسیۆن، رۆژی (١٣)ی ئەم مانگە بە دەنگی (٧٢) دەنگی بەڵێ‌و (٣٢) دەنگی دژ، پرۆژەیاساکە لە پەرلەمان پەسەندکرا.




# قادر عەزیز حیزبەکەی دەگۆڕێت

**بەرهەم خالید**

سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشان، ئاشکرایکرد؛ کە بڕیاری گۆڕینی شێوازی کارکردنی حیزبەکەیان داوە بۆ حیزبێکی مەدەنی.

قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند: حیزبەکەیان بە مەبەستی خۆڕێکخستنەوەو چاکسازیی لەشێوازی کاردا، بڕیاریانداوە کۆمەڵێک لە بارەگاکانیان کەمبکەنەوە، یان بیانگۆڕن‌و وتی: «بوونی بارەگای گەورەو پاسەوانی زۆر بێزاریی زۆری لای هاوڵاتییان دروستکردووەو لەگەڵ ئێستادا ناگونجێت، هەروەها خەرجییەکی زۆریشیان دەوێت‌و جۆرێکیشە لە زیندانیکردنی کادیرانی حیزب لەناو ئەو بارەگایانەدا، بەوەش لە جەماوەر دووردەکەونەوە».

قادر عەزیز، وتیشی: «وەک هەوڵێک بۆ بەهێزکردنی حیزبەکەمان‌و خۆڕێکخستنەوەو ناردنی کادیرەکان بۆ ناو جەماوەرو کەمکردنەوەی خەرجیی، بڕیارماندا شێوازو میکانیزمی کارکردنمان بگۆڕین بۆ حیزبێکی مەدەنی، بەجۆرێک ئۆفیس جێگەی بارەگاکانی ئێستا بگرێتەوەو تەنیا بۆ کۆبوونەوە سوودیان لێوەربگیرێت».

# بودجەو بەرپرسیارێتی سەرۆک

**ئازاد چالاک**

به دەست هەڵبرینی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان‌و دەنگنەدانی ئۆپۆزسیۆن، بودجە تێپەڕێندرا.

کەموکوڕییەکانی بودجە هێندە زۆرو مەترسیدارن کە ناکرێت تەنیا لە (٢٣) خاڵدا کۆبکرێنەوە، کە فراکسیۆنی گۆڕان لەلاپەڕە (١٤و١٥)ی ئەم رۆژنامەیەدا ئاماژەی پێداوەو روونیکردووەتەوە، ئیتر پاش ئەوە ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێدێت‌و بیردەچێتەوەو ئەندامانی لیستی زۆرینەش بەشانازییەوە بەسەرکەوتن بۆ خۆیان‌و بۆ حیزبەکانیان‌و بۆ حکومەت‌و سەرۆکایەتی هەرێمی حیساب بکەن.

لێرەدا تەنیا دوو تێبینی دەخەمەڕوو، یەکەمیان بۆ لیستی گۆڕان‌و ئۆپۆزسیۆنە بەگشتیی، ئەویش ئەوەیە کە ئەندامانی لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن دەبوایە بەشدار نەبوونایە لەپرۆسەی دەنگدان بە بودجەو هەموویان بەیەک هەڵوێست هۆڵی پەرلەمانیان بەجێبهێشتایەو با هەر لیستی دەسەڵات خۆی بەو «ئەرکە مێژووییە» هەستایەو دەنگی بۆ بودجە بدایە، بەتایبەتیش کە دەرکەوت زۆرینە دەیەوێت بەهەرچی شێوەیەک بێت بودجە تێپەڕێنێت، بەشداربوون لەدەنگدان‌و دەنگ نەدان لەهۆڵی پەرلەمان جۆرێک لەشەرعیەتی بەخشی بەپرۆسەکە، بەڵام بایکۆتکردن‌و چوونە دەرەوە لەهۆڵی پەرلەمان، ئەوا بەرپرسیارێتی تێپەڕاندنی بودجەی تەنیا دەخستە ئەستۆی لیستی دەسەڵات.

دووەمیان لیستی کوردستانیی‌و داواکاری گشتیی‌و وەزارەتی دادو لەسەروو هەمووشیانەوە جەنابی سەرۆکی هەرێم، دەبێت چۆن رازی بن بۆ خۆیان‌و بۆ مێژوو بودجەیەکی لەو جۆرە تێپەڕێنێت‌و پەسەندبکرێت؟ کێ دەتوانێت بودجەیەک بەو هەموو کەموکورتییەو بەبەرچاوی کۆمەڵانی خەڵک‌و میدیاکان کە بەشێکی گەورەی بۆ شاردنەوەی گەندەڵیەو بەشێکی هی بێ بەرنامەیی‌و بەشێکی دیکەی بێ ئاگایی‌و لێنەزانیی وەزیرو بەرپرسانی هەرێمە بەو شێوەیەو بەزۆرینە پەسەندبکرێت؟

ئەگەر ئەم بودجەیە بەم هەموو کەموکورتییەوە بخرایەتە بەردەمی پەرلەمانی هەر وڵاتێکی ئەم دنیایە چی روویدەدا؟

ئەگەر لەپەرلەمانی عێراقیش یەک برگە لەو (٢٣) خاڵە باسکرایە، نە لیژنەی دارایی‌و نە لیژنەی نەزاهەو نە هیچ لیژنەیەکی دیکەی پەرلەمان رازی نەدەبوون بودجەیەکی لەو جۆرە لەپەرلەمان بمێنێتەوەو نەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

کام حیزب‌و کام کوتلەو کام وەزیرو کام کابینەی وەزاری روویان دەهات جارێکی دیکە پاش پێشکەشکردنی بودجەیەکی لەو جۆرە بچنەوە ژوورەکانی خۆیان‌و کاری حکومەت‌و هاوڵاتییان بەڕێوەبەرن‌و خۆیان بەنوێنەرو بەرپرسی خەڵک بزانن؟

لەم وڵاتە پەرلەمان نییە، چونکە ئەگەر پەرلەمان هەبووایە دەبوایە لیستی دەسەڵات پێش لیستەکانی دیکە بهاتایەتە جواب‌و هەڵوێستیان وەرگرتایە.

لەم وڵاتە حکومەت نییە، چونکە ئەگەر حکومەت هەبووایە دەبا رێزی لەو متمانەیە بگرتایە کە خەڵک‌و پەرلەمان پێیانی بەخشیوەو ئەمین بوونایە لەسەر سەروەت‌و سامانی گشتیی.

لەم وڵاتە ئیرادەی قەزاو داواکاری گشتیی خنکێنراوە، دەنا دەبووایە بۆ هەر برگەیەک لەو کەموکورتییانەی بودجە تۆڕێ گەندەڵکاران بدرانایە بە دادگاو سزای خۆیان وەرگرتایە، ئەوەی کە ماوە بیڵێم بەرپرسیارێتی سەرۆکی هەرێمە لەگەڕاندنەوەی یاسای بودجەو ئیمزا نەکردنی‌و پاراستنی سەروەت‌و سامانی گشتیی.

داواکارم لەدیوانی سەرۆکایەتی هەرێم کە هەموو کەموکورتییەکانی بودجەو تێبینییەکانی فراکسیۆنی گۆڕان‌و ئۆپۆزسیۆن بەگشتیی، لەگەڵ یاسای بودجە بگەیەننە بەردەستی سەرۆکی هەرێم‌و دەستبەجێ دەستبکرێت بەدانانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە کە پێکهاتبێت لەنوێنەرانی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی گشتیی سلێمانی‌و هەولێرو داواکاری گشتیی‌و وەزارەتی دادو لیژنەی دارایی‌و نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان‌و هەر نوێنەرێکی دیکە کە لایان پەسەند بێت.

تێپەڕاندنی بودجە بەو شێوەیە، کارەساتێکی ئێجگار گەورەیەو پێنانە بەسەر خوێنی شەهیدو رەنج‌و ماندووبوونی هاوڵاتییان‌و پشتکردنە لەمێژووی دووردرێژی خەبات‌و قوربانیدانی کوردو درێژەدانە بەسیستمی گەندەڵی کە ئەم هەرێمەی گرتووەتەوە.

---

## رێکخەری فراکسیۆنی گۆڕان‌و حکومەتی هەرێم:

# نانبڕین‌و سزای سیاسیی بەردەوامە

**رۆژنامە**

هەرچەندە سەرۆکی هەرێم‌و حکومەت بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەی نانبڕاوەکانیان داوە، بەڵام رێکخەری فراکسیۆنی گۆڕان‌و حکومەتی هەرێم بۆ کێشەی نانبڕاوەکان جەختدەکاتەوە، کە نانبڕین‌و دەرکردن بەردەوامەو ئەو بەڵێنانە وەک پێویست جێبەجێناکرێن.

پەیام ئەحمەد، رێکخەری فراکسیۆنی گۆڕان‌و حکومەتی هەرێم بۆ مەسەلەی نانبڕاوەکان وتی: «گلەییمان هەیە لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی کاری گەڕانەوەی ئەو کەسانەی بەهۆی بیروڕای سیاسییەوە نانبڕاوکراون، چونکە کاتێک ئەوان بڕیارێک دەدەن‌و دان بە بوونی نانبڕاواندا دەدەنێن‌و بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکەیان دەدەن، پێویستە ئەو چارەسەرە گشتگیر بێت، ئێمە هەستدەکەین ئەم کارە وەک پێویست بەڕێوەناچێت‌و «موماتەڵەیەکی» تێدایە، چونکە لەوکاتەی بەڵێنی چارەسەری کێشەی نانبڕاوەکانمان پێدراوە لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتەوە، کەچی دەیان کەس هەن بە تایبەت مامۆستاکان، کە لەسەر ئەوەی دەنگیان داوە بە گۆڕان دەرکراون‌و تائێستا نەگەڕێنراونەتەوە، هەروەها لە وەزارەتی پێشمەرگە خەڵکانێک هەن نەگەڕێنراونەتەوە، لە وەزارەتی ناوخۆ ژمارەیەکی ئێجگار زۆر دەرکراون‌و گواستراونەتەوە لەسەر ئەوەی بوون بە گۆڕان‌و لە هێزەکانی ئاسایش بە بەردەوامیی خەڵک دەگوێزرێتەوەو لە شوێنەکانیان لادەبرێن.

جێبەجێنەکردنی بڕیارو بەڵێنەکانی حکومەت‌و سەرۆکایەتی هەرێم، گەیشتووەتە ئەو ئاستەی لە هەندێک جێگە ببێتە کێشەی شەخسیی، بە وتەی ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان، بەڕێوەبەری قوتابخانە هەن دەڵێن: «تا من بەڕێوەبەربم نایەڵم ئەوانە بگەڕێنەوە!»، کە ئەمەش بۆخۆی کەموکوڕییەکە، چونکە کاتێک سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی حکومەت بڕیاری نەهێشتنی ئەو سزایە دەدەن، چۆن دەکرێت لە خوارەوە جێبەجێ نەکرێت؟! «هەربۆیە گومانمان لە جدییەتی بڕیارەکە هەیە».

لەم کاتەدا کە فراکسیۆنی گۆڕان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی حکومەت لە دانوستاندان بۆگەڕاندنەوەی نانبڕاوەکان‌و نەمانی سزای سیاسیی، بەڵام رێکخەری فراکسیۆنی گۆڕان‌و حکومەتی هەرێم بۆ مەسەلەی نانبڕاوەکان، ئەو راستییەی دووپاتکردەوە، کە تا دوو رۆژی رابردووش خەڵکانێک هەن دەرکراون‌و گواستراونەتەوە، خەڵکمان هەیە لە (٧/٢٥) ەوە، تا ئێستا (٧) جار گواستراوەتەوە، ئەمەش رەنگە هۆکارەکەی ئەوەبێت، کە هیچ نووسراوێک نییە، کە گرەنتی بێت بۆ نەمانی سزای سیاسیی‌و نانبڕاوکردنی خەڵک، بەڵام ئێمە بەڵێنەکانی سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی حکومەتمان بە هەند وەرگرتووە، بەڵام دیارە وەک خۆی جێبەجێ ناکرێت.

پەیام ئەحمەد، ئەوەشی خستەڕوو، کە لەژێر گوشاری فراکسیۆنی گۆڕاندا ئەوەمان کردووە، کە ئەو کەسانەی دەگەڕێنەوە بخرێنەوە شوێنەکانی خۆیان بە هەمان مووچەو پلەو خزمەت و قەرەبووی ئەو ماوەیەشیان بۆ بکرێتەوە، کە نانبڕاوکراون، بەڵام تائێستا ئەو بڕگەی قەرەبووە جێبەجێ نەکراوە، سەبارەت بەو کەسانەش، کە نانبڕاوکراون بە پاساوی ئەوەی مووچەخۆری حیزبین‌و لە راستیدا کادیری حیزبیی‌و مووچەخۆری حکومەت بوون، ئەندامەکەی پەرلەمانی کوردستان وتی: «لەبەرئەوەی لە پەرلەمان ئەو مادەیە پەسەندکراوە، کە مووچەی کادیرانی حیزب لەلایەن حکومەتەوە بدرێت، ئێستا پێویستە ئەو کەسانەی لەسەر دەنگدانیان بە گۆڕان دەرکراون‌و لە حیزب کاریان کردووە، بەڵام مووچەخۆری حکومەت بوون‌و پلەو ناونیشانی فەرمانبەری حکومەتیان هەبووە، دەبێت ئەوانەش بگەڕێنەوە سەرکارەکانی خۆیان لەو وەزارەتانەی لێی دامەزراون‌و مووچەیان لێوەردەگرت، ئەمەش بەم نزیکانە چارەسەر دەکەین».



پەیام ئەحمەد

---

# لێدوانەکەی تاڵەبانی، کێشە دەنێتەوە

**رۆژنامە**

جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئەلعەرەبییەدا رایگەیاندبوو: بۆ پێکهێنانی حکومەت، هاوپەیمانیی کوردستان دەچێتەپاڵ ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراق‌و ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا پاش یەکگرتنەوەیان.

ئەو لێدوانەی تاڵەبانی چەندین پەرچەکرداری لای لایەنەکوردییە براوەکانی هەڵبژاردن‌و لایەنە عێراقییەکان دروستکردو جۆرێک لە گومان‌و دوودڵی هێنایە ناو گۆڕەپانەکەوە بەتایبەتی لای لایەنە کوردییە براوەکان، کە چەندین کۆبوونەوەیان بۆ یەکخستنی گوتاری کوردی لەبەغدا لەگەڵ سەرۆکی هەرێم گرێدابوو.

ئەسمەر حسێن، پەرلەمانتاری پێشووی یەکگرتووی ئیسلامیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی ئەلزەمان ئاماژەی بەوە کردووە: ئەو لێدوانەی تاڵەبانی، گوزارشت لە بۆچوونی هاوپەیمانیی کوردستان دەکات‌و بۆچوونی یەکگرتووی ئیسلامیی‌و کۆمەڵ‌و گۆڕان نییە، ئەوەشی روونکردووەتەوە، کە ئەوان ئامادەن گفتوگۆ لەگەڵ ئەلعێراقییەو هەموو ئەو ئیئتیلافانەدا بکەن کە بەرژەوەندییەکانی کورد بپارێزن.

وەکو وەڵامێکی ناڕاستەوخۆش بۆ تاڵەبانی، د. مەحمود عوسمان کە کاندیدێکی دەرچووی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە لێدوانێکدا بۆ ئەلزەمان وتوویەتی: پێویستە ئەلعێراقییەی گەورەترین فراکسیۆن بۆ پێکهێنانی حکومەت رابسپێردرێت.

ئەو کاردانەوە جیاوازانە نووسینگەی سەرۆک کۆماری ناچارکرد کە روونکردنەوەیەک لەو بارەیەوە بدات کە تێیدا هاتووە: وتەکانی سەرۆک کۆمار، شێوێنراون، یان بە هەڵە لێکدراونەتەوە، چونکە هاوپەیمانیی کوردستان نایەوێت بەتەنیا لەگەڵ دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانیدا هاوپەیمانێتی بکات، بەڵکو ئارەزوومەندە هاوپەیمانیی لەگەڵ (ئەلعێراقییە، تەوافوق‌و وەحدەی عێراق)یش بکات.

هاوکات د.محەمەد کیانی، کاندیدی سەرکەوتووی لیستی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ هەمان رۆژنامە رایگەیاندووە: «ئەو لێدوانەی تاڵەبانی، پێشێلکارییەکی راشکاوانەیە بۆ ئەو رێککەوتنەی کە لایەنەکان لەسەر داواکاری بارزانی، وەفدێکی دانوستانکاری یەکگرتوویان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئیئتیلافەکانی دیکەدا پێکهێناوە». کیانی ئەوەشی وتووە کە «لێدوانەکەی تاڵەبانی، هەڵوێستێکی تاکرەوانەیەو لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکانی دیکەدا رێککەوتنی لەسەر نەکراوە».

کاندیدەکەی گۆڕان، ئەوەشی رەتکردووەتەوە، کە ئەوان ببنە دواکەوتەی هاوپەیمانیی کوردستان‌و روونیکردووەتەوە، کە ئەوان لەسەر بنەمای چەند خاڵێک لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە وەفدێکی هاوبەش لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی کورددا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا دروستبکەن، «ئەو لێدوانەی تاڵەبانی پێشێلکاریی ئەو مەرجانەیە کە بۆ پێکهێنانی وەفدێکی یەکگرتوو لەسەری رێککەوتووین‌و دەبێتە هۆکارێک بۆ پەرتبوونی ریزەکانی کورد».

---

# کۆمسیۆن دەنگەکانی بەغدا دەژمێرێتەوە

**رۆژنامە**

لە روونکردنەوەیەکدا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند: بڕیارێکی دەستەی دادوەری هەڵبژاردنیان پێگەیشتووە سەبارەت بە دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی سەرجەم ناوەندەکانی دەنگدانی سنووری پارێزگای بەغدا، جگە لەو ناوەندانەی کە دەنگەکانیان رەتکراونەتەوە، کە هەردوو دەنگدانی گشتیی‌و تایبەتی هەڵبژاردنی (٢٠١٠/٣/٧) دەگرێتەوە.

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاماژەی بەوەشداوە: کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی دەستەی دادوەری هەڵبژاردن، کۆمسیۆن کاردەکات بۆ فەراهەمکردنی سەرجەم پێویستییەکان بۆ دووبارە هەژمارو جیاکردنەوەی دەنگەکانی سەرجەم ناوەندەکانی دەنگدانی سنووری پارێزگای بەغداو بەم نزیکانەش رێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیە رادەگەیەنرێت.

---

## «خراپی رێگاوبان هۆکارێکە»

# لە سێ مانگدا (٦٠) هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە

**رۆژنامە**

لەماوەی سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا (٦٠) هاوڵاتی بە رووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوەو بەرپرسانی هاتوچۆش زیادبوونی رووداوەکان بۆ خراپیی رێگاوبانەکان‌و پابەندنەبوونی شۆفێران بە رێنماییەکان دەگەڕێننەوە.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی لە مانگەکانی (کانوونی یەکەم، شوبات، ئازار)ی ئەمساڵدا لە سنووری پارێزگای سلێمانی (٦٠) هاوڵاتی بە رووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە، لەکاتێکدا لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی رابردوودا (٤٢) کەس گیانیان لەدەستداوە.

مولازم بەختیار، بەرپرسی راگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: رووداوەکانی هاتوچۆ زیادیانکردووەو هۆکاری سەرەکیی دەگەڕێتەوە بۆ خێرایی‌و پابەندنەبوونی شۆفێرەکان بە رێنماییەکانی هاتوچۆوە، جگەلەوەش خراپیی رێگەوبانەکان هۆکاری زیادبوونی رووداوەکانی هاتوچۆن.

# ئەیوب بارزانی:

# خەڵکی کوردستان سەلماندیان تەسلیمی رژێمو سیستمێکی دواکەوتوو نابن

سازدانی سیروان رەشید

(١ – ٢)

**ئەیوب بارزانی مێژوونووس کە ئامۆزای سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. لەم چاوپێکەوتنە تایبەتەی رۆژنامەدا بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بەکۆمەڵێک پرسی هەنووکەیی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق دەردەبڕێت.**

**رۆژنامە: نزیکەی ساڵێکە لە کوردستان پێکهاتەی سیاسیی هەرێمەکە گۆڕاوە، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو گۆڕانکارییە؟**

* راستە پێکهاتەی سیاسیی هەرێمی کوردستان گـۆڕاوەو نیشانەکانی ئەو گۆڕانکارییەش بەشێوەیەکی بەهێز لە هەڵبژاردنی ئازاری رابردوودا دەرکەوت، هەژموونی دووحیزبەکە بەسەر ئیرادەی کوردستاندا بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتو قۆرغکردنو بەگەندەڵیکردنی، رقو تووڕەیی لە لای زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگە دروستکردو ئەو تورەییەش لە کۆبوونەوە لە دەوری لیستی گۆڕان دەرکەوت، ئەو دیاردەیەش بەڵگەی زیندوویی کۆمەڵگەی کوردییەو ئاماژەیەکە بۆ ئـەوەی کە گەلێک هەیە تەسلیمی رژێمو سیستمێکی دواکەوتوو نابێت کە رێز لە ئیرادەی نەگرێت، ئاماژەیە بۆ ئەوەش کە بەرگریی لە مافەکانی دەکات.

**رۆژنامە: یەکێک لە دەرئەنجامەکانی دوو هەڵبژاردنی رابردوو (٧/٢٥) و (٣/٧) گۆڕینی هاوسەنگیی هێزە لەنێوان (پارتیو یەکێتی) و کاڵبوونەوەی رێکەوتنە ستراتیژییەکەی نێوانیانە، پێتانوایە ئەم گۆڕانکارییە لە بەرژەوەندیی پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی هەرێمو خەڵکی کوردستانە؟**

* لەپاش ئیمزاکردنی هەر رێکەوتنێک ئـەوە دەمێنێتەوە کە چۆن دوو لایەنی رێکەوتنەکە مامەڵە لەگەڵ رێکەوتنەکەدا دەکەنو هەر لایەنێک هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات بەشێوەیەک، کە تا هێندێکی زۆر بەرژەوەندییەکانی بێنێتەدی، لەم بـارەیـەشـەوە سەرکردایەتی (پ د ک) هەستیان بەمە کرد، کە بێئاگانو تائێستاش سەرکردایەتی (ی. ن. ک) لە زۆربـەی هەڵسەنگاندنە سیاسییەکانیو شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو سەرکردایەتییەی (پ. د.ک)، کە چاودێرییان دەکەن، هەڵەیان کردووەو تێگەیشتنێکی واقیعیانە نەبووە بۆ سرووشتی سەرکردایەتی پارتی، هەر بۆیە بەدەست نەبوونیی ستراتیژییەتێکی روونەوە دەناڵێنو پێویستە ئێستا بە رۆڵێکی گرنگی کەمتر لە هەرێمی کوردستانو عێراقدا قایل بن، ئەوەی جێگەی تێبینییە رێکەوتننامە ستراتیژییەکە، رێکەوتنێکە کە لە تاریکداو لەنێو بیرۆکەی کردنی هەموو شتێک لەپێناو مانەوە لەدەسەڵاتدا بووە بەهەر بەهایەک بێت، لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستانە، کە ئەو هەڵسوکەوتانە تێپەڕێنێت، کە نەهامەتی بۆ گەلی کورد هێناو رژێمەی کە هەژموونی خۆی لەڕێگەی ساختەکاریی و تۆقاندنو نانبڕین دەستەبەر بکات، گەلەکەی رێزی لێناگرێت، پێموایە: کە باری « گۆڕان»و تورەیی جەماوەریی ئاماژەیەکی روونە بۆ ئیرادەیەکی جەماوەریی بۆ رزگاربوون لە حوکمێک، کە لە هیواو ئامانجەکانی گەلەکەی دوور کەوتبێتەوە، پێموانییە کە هەرێمی کوردستان لەژێر ئەم دەسەڵاتەی ئێستادا چێژی دیموکراسیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بـکـات، بۆیە گرنگە وزە جەماوەرییەکان کۆبکرێنەوە بە فراوانترین شێوە بۆ خزمەتی گۆڕانی دیموکراسی.

**رۆژنامە: ئایا ئەگەر لەوڵاتێکدا پـرۆسـەی هـەڵـبـژاردنو تاڕاستێک کێبرکێی سیاسیی بەرقەراربێت، بوونی رێکەوتنی ستراتیژیی لەنێوان دوو پارتدا بۆ مۆنۆپۆڵکردنی کایەی سیاسییو ئابووریی و بۆ دابەشکردنی دەسەڵات پێویستە، یان ئەم دوو هێزە ئامادەنین مل بۆ ململانێیەکی راستەقینەو دیموکراسیەت بدەن؟**

* پێویستە لە وەڵامـدانـەوەی ئەم پرسیارەوە لە سرووشتو باگراوندی سەرکردایەتی سیاسیی ئێستاو تۆمارە سیاسییەکەی تێبگەین، ئـەوەی جێگەی گومان نییە، ئەوەیە کە تەنانەت هەڵبژاردن لەناو پارتیدا ساختەکاریی زۆری بەخۆوە بینی لە بارودۆخێکدا، کە هیچ پێویستییەک بـۆ ساختەکاریی نـەبـوو، ئـەی ئەگەر رکابەرێکی راستەقینە بچێتە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، چۆن دەتوانیت رێـژەو پلەی ئەو هیستیریایە پێشبینی بکەیت، کە سەرکردایەتییەکەی دەگرێتەوە بەتایبەت، کە سەرکردایەتییەکی بۆماوەیی لە سەدا سەد بێتو ئەو بۆماوەییەش لە ناوەڕۆکدا ناتەبایە لەگەڵ مەبدەئی لێهاتوویی و ئازادیی دیاریکردن، ئامانج لە ساختەکاریی لە ناو حیزبدا بریتییە؛ لەوەی کە سەرۆکی حیزب کەسانێکی هەیە، کە نزیکن لێی، یان بەلایەوە پەسەندن، یان گوێڕایەڵنو لەڕێگەی ساختەکاریشەوە لەخۆی نزیکیان دەکاتەوەو بە ئیمتیازات دایاندەپۆشێت، لەکاتێکدا کە کەسانێکی دیکە لە حیزبەکەیدا لە پۆستەکان دووردەخاتەوە، کە شیاوترنو توانای پەیوەندییە سیاسییەکانیان زیاترە، ئەمانەش هەموویان لەسەر عاتیفەی کەسییو جێگیرکردنی سەرکردایەتی ئێستا بونیادنراون، سەبارەت بە رێکەوتنە ستراتیژییەکەش لەڕاستیدا هاوسەرگیریی بەرژەوەندیی کەسییو خێزانییەو پەیوەندیی بە دیموکراسیەتی هەرێمی کوردستانەوە نییە، بەپێچەوانەوە ئامانج لەو رێکەوتنە بـەردەوامـی هەژموونکردنی دەسەڵاتی سیاسییە، کە ئەوەش بۆخۆی بەرژەوەندیی بازرگانییو باری دارایی لەخۆ دەگرێت، بۆ دەوڵەمەندکردنی خێزانیی، من پێموایە؛ گرنگە راستیی لە خەڵک تێبگەیەنرێت، تا هیچ ئومێدێکی لە ژیانی دیموکراسی راستەقینە بونیاد نەنێت، لەژێر سایەی ئەو سەرکردایەتییەی، کە ئێستا هەیەو پلان لەسەر ئەم بنەمایە بکێشێت.

**رۆژنامە: لە چەند رۆژی رابردوودا لە راگەیاندنەکانی پارتیو یەکێتییەوە، ناکۆکیی سیاسیی لەنێوانیان بیستراو گەیشتە ئەو حاڵەتەی پارتی بە توندیی رەخنە لە یەکێتی بگرێت، بەتایبەت لە ئـەدای حکومەت، کە د.بـەرهـەم سەرۆکایەتی دەکـات، ئایا داهاتووی پەیوەندیی ئـەو دوو هـێـزە چۆن دەبینیت؟**

* وەک ئاماژەت پێداوە سەرکردایەتی یەکێتی لـە تێگەیشتنی سرووشتی سەرکردایەتی پارتیدا کەموکورتییان هەیە، راستییەکی روونو ئاشکرا لە شەستەکانی سەدەی رابردووە هەیە، کە ئەویش ئەوەیە؛ سەرۆکی حیزبی ئاغایەو ئاغاش هەرگیز سازش لەسەر ئاغایەتییەکەی خۆی ناکات، چونکە موڵکی ئەوەو گەمەی دیموکراسیش ئەگەر لە بەرژەوەندیی نەبێت، یان کەناڵەکانی ساختەکاریی لێ دابخرێت، دەیڕووخێنێتو سەرپشککردنو رێگەپێدراویی نەنووسراوو متمانەدار هەیە، کە هەموو شتێک وێران دەکرێت ئەگەر سەرکردایەتی پێنەدرێت، هەر بۆیە بوونی لە پۆستی سەرکردایەتیدا، جا سەرۆکی حیزب بێت، یان سەرۆکی هەرێم ئەو پۆستە بە رۆحیەتی ئاغاییەوە وەردەگـرێـتو سـازشـکـردن لەسەری ئەستەمەو ئەو پۆستەش هەڵبژاردنو بڕیارەکانی پەرلەمان کاری تێناکات، ئەگەر لەناو حکومەتدا مابێتەوە، یان لەدەرەوەی بێت گرنگ نییەو بەپێی لۆژیکی سەرجەم دەسەڵاتە رێگە پێدراوەکان مامەڵە دەکاتو لە سایەی کەلتووری ئاغایی بەربڵاو لە هەرێمی کوردستاندا، هیچ کەسێک ناتوانێت پێگەی بەرزتر لە پێگەی ئاغاو کەسە نزیکەکانی هەبێت، بۆیە رۆژنامەی حیزبیی کار دەکات بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو کەسانەی، کە ئەم کەلتوورو لاساییکردنەوە پیرۆزەیان لەبیرکردووەو بەوهیوایەی د.بەرهەم ساڵح لەمە تێگەیشتبێت.

**رۆژنامە: بزووتنەوەی گۆڕان توانی لەمێژووی حوکمڕانیی هەرێمدا، واقیعی بەرهەڵستکاریی (ئۆپۆزسیۆنبوون)، بچەسپێنێت، ئایا ئەوەندەی بەڕێزتان چاودێریی دۆخە سیاسییەکە دەکەن، ئۆپۆزسیۆن توانیویەتی کاریگەریی هەبێت لەسەر گۆڕینی سیستمی سیاسییو ئەدای ئیداریی دەسەڵاتدارانی هەرێم؟**

* گۆڕان توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لە گۆڕینی نەخشەی سیاسیی کوردستان، کە قورساییەکەی لە ناوچەکانی سلێمانیدا بوو، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی حاڵەتەکانی ساختەکاریی بەرفراوانی ناوچەکانی هەولێرو دهـۆک، ئەستەمە رووئیایەکی راستەقینە پێکبهێنرێت سـەبـارەت بە ئاستی پێشوازیکردنی گۆڕان لـەدەرەوەی سنووری ناوچەکانی سلێمانی، من دڵنیام لەوە زیاترە، کە ئامارە رەسمییەکان بڵاویان کردووەتەوە، بەڵام لە هەموو بارەکاندا پێویستە بزووتنەوەی گۆڕان فراوان بکرێت تا هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە، سەبارەت بە کاریگەرییەکانی گۆڕانیش، بێگومان کاریگەریی ئیجابیی هـەبـووە لەسەر چالاکیی پەرلەمانو بەشێوەیەکی کەمتریش لەسەر ئـەدای حکومەت، بـەڵام هێشتا رێگە دوورو درێـژە لەبەردەم گۆڕانداو سەرکەوتنی خێراش پێویستی بە ئاگاییو پلانی باشو خۆڵادانە لە مینی سیاسیی چێنراو لەسەر رێگەی خەباتی دیموکراسی، سەبارەت بە کاریگەریی گۆڕانیش لەسەر سیستمی سیاسیی ئیدارەی ئێستا، پێموایە: ئیدارەی ئێستا لە ناوەڕۆکی بوونیدا هێزی دیموکراسیو ئۆپۆزسیۆن قبووڵ ناکات، کە رکەبەرایەتی بکات لە بواری سیاسیدا، چونکە لە ناوەڕۆکیدا دوورخەرەوەیەو لە ئەداو فیکریشدا نادیموکراسییە، بەڵکو بەپێی زۆرینەی پێشبینییەکان هەوڵی بەکارهێنانی سیاسەتی گوچانو گێزەر دەدات، بۆ رێگرتن لە گەشەکردنی گۆڕانو پێشکەوتنی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بەڵام ئەمە سرووشتی ژیانی سیاسییە لە کۆمەڵگە نوێکانی ئێمەی نائاشنا بە گەمەی دیموکراسیو ئەوەی گرنگە کارکردنە لەنێو جەماوەرو گردکردنەوەیان بۆ بەهێزکردنی شەپۆلی گـۆڕانو بـەرەو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بەئاگا لە مافو ئەرکەکان بەڕووی فیکرە نوێیەکاندا.

**رۆژنامە: ماوەیەکە لەناو ریزەکانی پارتیدا باس لە هەوڵدان بۆ ریفۆرمو چاکسازیی دەکرێت، ئایا لەناو پارتیدا زەمینەی چاکسازیی هەیە؟**

* پێموانییە مومکین بێت چاکسازیی لەناو سەرکردایەتی پارتیدا بکرێت، بۆیە بەهۆی باڵادەستیی عەقڵییەتی ئاغایەتیو کەلتووری ئاغایی پیرۆزو کویخایەتی، بەڵام مومارەسەکردنی گوشاری بەهێز لەناو سەرکردایەتی پـارتـیو کادیرە ناوەندییە حیزبییەکانو دەرەوەی حیزب، لەوانەیە تەنیا گۆڕانی رووکەش بێنێتەدی لە عەقڵییەتی داخراوی سەرکردایەتی حیزبیی، بەڵام دروشمەکانی نوێبوونەوەو چاکسازیی لە ترۆپکی حیزبەوە ئامانج لێی خوڵکردنە چاوی خەڵکەو لەوە زیاترو کەمتر نییە، ئەو کەسەش کە رای بەپێچەوانەی لەمە هەیە، پێموایە: خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت، ماوەی (٥٠) ساڵە کۆمەڵگەی کوردی بەدەست چنگی خێڵەکییەوە دەناڵێنێت، تائێستا نەیتوانیوە لێی دەربازبێت، ئەمەش بەربەرستێکی جدییە لە بـەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو ژیانی دیموکراسی راستەقینە.

**رۆژنامە: لەدۆخی ئێستای کوردستاندا دەتوانرێت لەناو حیزبەوە گۆڕانکاریی بکرێت، بەتایبەت بۆ حیزبێکی وەک پارتی، کە بەهێزێکی تەواو سەنترالْ ناسراوە؟**

* وەک ئەوەی دیارەو لەماوەی سێ قۆناغدا، کە نزیکەی شەست ساڵی خایاند، سەکردایەتی ئێستای پارتی توانی عەشیرەت بۆ کۆنترۆڵکردنی حیزبەکەی بەکاربهێنێت لەڕێگەی حیزبیشەوە کۆنترۆڵی حکومەت بکات، سەرۆکی خێڵ بووەتە سەرۆکی حیزبو دواتر بووەتە سەرۆکی حکومەتی هەرێمو بەواتای گواستنەوەی کەلتووری ئاغایی بۆ حیزبو حکومەت، ئەمەش مومکینە بەهۆی دەستگرتن بەسەر بەهای تێکۆشانو کەرامەتو پەیوەستبوون بە دیموکراسیو ئازادیی هاونیشتمانیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، جگەلەوە سەرکردایەتی کەلتووری بێ دەسەڵاتکردنو هەلپەرستیی لە کۆمەڵگەدا بڵاوکردەوە، لەبەر ئەوەی پارتی وەک یەکەمین حیزبی بۆماوەیی لە هەرێمی کوردستاندا، بەندی کەلتوورێکی دیاریـکـراوەو ئـەندامـەکـانـی لەسەر گوێڕایەڵیی رەهـا سەرانی پـەروەردە دەکـــات، ســـەرەڕای ئـەو کـارەسـاتـە نەتەوەییانەی، کە سەرکردایەتییەکەی هێناویەتی، سەرکردایەتی لە سەروو هەموو لێپرسینەوەو رەخنەیەکەوەیە، دیاردەی کرانەوەی سیاسییو خێرایی خۆگونجاندن لـەگـەڵ گۆڕانگارییە ناوخۆییەکانو دەرکییەکاندا سیفەتێکی پێویستی کۆمەڵگە دیموکراسییەکانەو دەرهاویشتەی سیستمە ستەمکارییەکان نییە، کە بۆ داخـران لەدایکبووە، رژێمی بەعس بە سەرکردایەتی سـەدام حسێن، ئەستەمی چاکسازیی لە هەرەمی سەرکردایەتی حیزبیی پیشاندایـن، کە سەنگەرگرتووە لەدژی گۆڕانکاریی لە سەرکردایەتییەکەیو عەقڵییەتەکەی، بۆیە دەبینین کە نەوەی خێزانی دەسەڵاتدار، کۆنترۆڵی دەزگا ئەمنییە سەرکوتکەرەکانو پارەی گشتییو هێزە چەکدارەکان دەکات، بۆ رێگرتن لە گۆڕانکاریی.

**رۆژنامە: زۆرکـات لە بیروراکانی ئێوەوە ناوچەی بادینان بەتایبەتیو تا ئاستێکیش ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی، بە ناوچەی مۆنۆپۆڵکراو بۆ حیزب دادەنرێت، ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی فرەیی سیاسییو ئازادیی سیاسییو رۆژنامەوانیی، کە لە ناوچەکانی دیکەدا هەیە، ئەو ناوچانەش بگرێتەوە؟**

* ناوچەی بادینان بە ناوچەیەکی موحەرەمە بۆ ئەوانی دیکە لە قەڵەم دەدرێت، لەنێویدا ناوچەی بارزان، سەرەڕای ئەوەی کە بارزانییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی پێشکەشیان کردووە، بەڵام بەداخەوە چێژی ئەو ئازادییەیان نەکردو لێی بێبەشکراون لە مافی رێگەچارەی سیاسیی، بەهەمان شێوەش لە بادینان، ئەوە ئیرادەی حیزبییە کە ئەگەرەکان لە بادیناندا دەسەپێنێت، نەک ئیرادەی ئازادیی کوڕانو کچانی بادینان، بەرهەمی کەلتووریی لە بادیناندا راگەیاندنی حیزبی مەرکەزیی دروستیکردووە، کە زۆر لە گۆڕانکارییو بیروبۆچوونی جەماوەر دەترسێت، کەلتوورێکی سەربەرخۆی تیا بەدی ناکرێت، وەک ئەوەی لە سلێمانیدا هەیە، بۆ نموونە لە سلێمانی بەشێوەیەکی بەردەوام دوو کەلتووری هاوتەریب هەبووە، کەلتوورێکی ئازادیی، کە خۆی لە ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی دەرەوەی هەژموونی حیزب دەبینێتەوە، کە مەعریفەیەکی بەرفراوان بەرهەم دەهێنێت، دووەمیشیان کەلتووری ژێر رکێفی حیزبی دەسەڵاتدارە، کەلتووری حیزبی یەکێتیو پارتی نەیتوانی (ئەنتلجنسیا)ی مەدەنی سەربەخۆ بخاتە ژێـر رکێفی خۆیەوە، لێرەوە گۆڕانگاریی لەو ناوچانە روودەدات، کە سەربەخۆیی هەیە لە بەرهەمهێنانی کەلتووردا، بادینانو تا هێندێکیش هەولێر لەم کەلتوورە بێبەشکراون، کە دوو ناوچەن کاریگەرییان لەسەر دروست دەکرێت، نەک کاریگەریی دروست بکەن، ئەم گۆتبوونەش بەرهەمی سیاسەتی تۆقاندنو دەمداخستنە لە نـاوچـەکـەدا، لە بادیناندا رەگـەزی نوێکەرەوە کۆتو بەندکراوەو ئاماژەش هەیە بۆ داواکردنی ئازادییو سووککردنی کـۆتو بەندی دەسـەڵاتـی سرووشتی دەرەبەگایەتی، زۆرێک لە رووداوی گەورە لە بادینان روودەدات، بەڵام دزەناکات بۆ رۆژنامەکانو ناوچەیەکی داخراوەو زۆر پێویستی بەوەیە، کە ناسنامە رەسەنەکەی بەدەستبهێنێتەوە لەڕێگەی شکاندنی ئەو کۆتو بەندانەی کە فیکری ئازادیی زیندانیکردووە.

رۆژنامەوانی ئازاد، شتێکە کە ناتوانرێت لە هەوڵەکانی گۆڕانکاریی بادیناندا دەستبەرداربین، چونکە گۆڕانکاریی لە فیکرەوە دەستپێدەکاتو رۆڵی کەلتووری ئـازادیش ئـەوەیـە، کە ئاگایی ژینگەی سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئابووری بچێنێت، لە بادینان دووفاقییەکی روون دەبینین لەنێوان بەرژەوەندیی جەماوەری تینووی ئازادیداو ئەو دەسەڵاتدارانەی کە لەو ئازادییەدا مەترسیی سەر دەسەڵاتەکەیان دەبینن.

لێرەشەوە رۆڵی دەزگاکانی دەسەڵاتی حیزبیی دەستوەردەدەن بۆ دیاریکردنی رەوشـی بـەڕێـوەچـوونـی هـەڵـبـژاردن بەوشێوەیەی کە سەرکردایەتی دەیانەوێت بە پێچەوانەی ئیرادەی هاوڵاتی بادینی.



**ئەو چاکسازیی و نوێبوونەوەیەی لەناو پارتی باسدەکرێت، ئامانج لێی خۆڵکردنە چاوی خەڵکە**

# ئۆپۆزسیۆن گومانی هەیە هاوپەیمانیی ژێربەژێر کاربکات

راپۆرتی: بەرهەم خالید

هـەریـەک لـە لیستەکانی گـۆڕان‌و یەکگرتـوو و کـۆمـەڵ، گومانیان لە نیەت‌و هەڵسوکەوتی سەرکردەکانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان هەیە، بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆو دانوستان لەگەڵ هـەر لیستێکی عـەرەبـی، کە دەیـەوێـت حکومەت بگرێتەدەست‌و گومان دەکەن بەبێ حسابکردن بۆ ئـەو لیژنەیەی لە لیستەبراوەکان دروستبووە، ژێر بەژێر مەسەلەکان ببڕێننەوە لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکان.

ئەو لیستە ئۆپۆزسیۆنانەی هەرێم لێدوانەکەی تاڵەبانی بۆ پشتگیریکردنی فراکسیۆنی هاوبەشی (دەوڵەتی یاساو نیشتمانی عێراق) بە لێدوانێکی پێشوەخت‌و دوور لە هەڵوێست‌و دانیشتنەکانی چوار لیستە براوەکەی کوردستان دەزانن‌و باس لەوە دەکەن؛ کە بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەو حاڵەتانە «لەمەودوا کار بە بەڵێن‌و وادەو قسەی سەرزارەکیی ناکەین‌و کار بە نووسراو و بەڵگەنامە دەکەین».

ڕۆژی پێنجشەممەی رابردوو، جەلال تاڵەبانی، سـەرۆک کۆماری عێراق، لە پێشوازیی ئیبراهیم جەعفەری، سەرۆکی رەوتی چاکسازیی نیشتمانیی، رایگەیاند: لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، پشتیوانیی لە لیستی هاوبەشی نێوان دوو ئیئتیلافی (دەوڵەتی یاساو چاکسازیی نیشتمانیی) دەکـات‌و کاندیدی ئەو لیستە هاوبەشە پەسەند دەکات بۆ بەدەستهێنانی سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و گرتنە دەستی حکومەتی ئایندەی عێراق.

ئەو لێدوانەی تاڵەبانیش کاردانەوەی توندی لیستەکانی گـۆڕان‌و یەکگرتوو کۆمەڵی لێکەوتەوە، هەروەک سەلاحەدین بابەکر، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان‌و ئەندامی لیژنەی هاوبەشی چوار لیستی کوردستانیی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وتی: «هەوڵدەدەین لە بەندێکی رێکەوتنەکەدا باس لە هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتییەکە بکەین، ئەگەر هەرلایەک سەربەخۆیانەو بێ گەڕانەوە بۆ لایەنەکانی دیکە دانوستان ئەنجام بدات».

سەلاحەدین، سەبارەت بە لێدوانی پێشوەختی تاڵەبانی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بەڵێنی پێداون بە شەخسی قسە لەگەڵ تاڵەبانی بکات، بۆ ئەو مەسەلەیە.

بەپێی رەشنووسە ئامادەکراوەکەی نێوان لیستە براوەکانی کوردستان، ئەولەوییاتەکان‌و داواکارییەکان‌و چۆنێتی گفتوگۆکردنی وەفدی هاوبەشی چوار لیستە براوەکەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دیاریکراوە، لەگەڵ ئەو لیستەی حکومەت پێکدەهێنێت، ئەوەش پاش پەسەندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، شاندی لیستە کوردستانییەکان دەچێتە بەغدا بۆ ئەو مەبەستە.

چوار لیستە کوردییەکە، لەبەر رۆشنایی ئەو هێڵە گشتیانەی لە رەشنووسەکەدا ئاماژەی پێکراوە دانوستانەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، بـەڵام ناتوانن بڕیاری کۆتایی بدەن‌و ئەنجامی کۆبوونەوەکان دەهێننەوە بۆ سەرۆکی هەرێم، پاشان ئەویش دەیخاتە بـەردەم پەرلەمانی کوردستان‌و بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەو رێککەوتنەی نێوان لایەنی کوردی‌و لایەنی عەرەبی دەدرێت، بۆ پێکهێنانی حکومەت.

ئـەنـدامـەکـەی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو ئاماژەی بەوەشکرد؛ لەبەر ئەوەی ئیئتیلافە کوردییەکە بۆ ماوەی چوار ساڵ بـەردەوام دەبێت، لە دانیشتنەکانی داهاتوودا پەیڕەو و پڕۆگرامێک دادەڕێژین بۆ هاوبەندیی (ئیئتیلاف)ەکەو دابەشکردنی پۆستە بەدیهاتووەکان لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا.

بەگوێرەی رەشنووسی هاوبەشی چـوار لیستە کوردییەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (هاوپەیمانیی، گۆڕان، یـەکـگـرتـوو، کـۆمـەڵ) هـەر لیستێک پـارێـزگـاری لە سەربەخۆیی‌و نـاو و سەرۆکی لیستەکەی دەکـات، بـەڵام بۆ خاڵە هاوبەشەکان، سکرتاریەت‌و شاندێکی هاوبەش پێکدەهێنرێت، بۆ ئەوەی لێدوان بدات بەناوی ئیئتیلافە هاوبەشەکەوە، پاش ئەوەی هەر چوار لایەن لەسەری پێکدێن‌و دەبێتە خاڵی هاوبەشی کوتلە پێکهاتووەکە.

شـــۆڕش حـاجـی، هـەڵـسـوڕاوی بزووتنەوەی گـۆڕان‌و ئەندامی لیژنەی هاوبەشی چوار لیستە کوردستانییەکە، بە (سبەی) راگەیاند: لێدوانی جەلال تاڵەبانی، بۆ پشتگیریکردنی فراکسیۆنی هاوبەشی دوو ئیئتیلافی (دەوڵەتی یاساو نیشتمانی عێراق) لێدوانێکی پێشوەخت بووەو لەم کاتەدا بەپێویستی نازانین، جگە لەوەی دەربڕی ویستی ئەو ئیئتیلافە هاوبەشە نییە، کە لەنێوان لیستە براوەکاندا پێکهاتووە.

تائێستا لیژنە هـاوبـەشـەکـە بۆ دانوستانەکان لەگەڵ لایەنەعێراقییەکان دەستبەکارنەبووەو هیچ بڕیارێکیشی نەداوە، کە بەپێی پڕۆژەکەی نێوانیان دوای دەستبەکاربوونیشی ئەنجامی گفتوگۆو دانوستاندنەکانیان دەهێننەوە بەردەمی سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و دواتر لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەنجامی ئەو دانوستانانە دەدرێت».

زانا رۆستایی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیی‌و ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری پەیڕەوی ئیئتیلافی لیستە کوردییەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە دانیشتنیاندا لەگەڵ سەرۆکی هەرێم گفتوگۆیان کرد، لەسەر رەوتی کاروباری لیژنەکەو ئەو ئەنجامانەی کە تائێستا پێی گەیشتوون‌و وتی: لە کۆبوونەوەکەدا باسی ئەو لێدوانانە کرا، کە لێرەو لەوێ لەلایەن بەرپرس‌و لایەنە جیاوازەکانەوە دەدرێت بەناوی سەرجەم لیستە کوردییەکانەوە، ئاماژە بەوەکرا، کە تا تەواوبوونی پڕۆژەی ئیئتیلافەکە، هەر کەسێک لێدوان بدات گوزارشت لە بۆچوونی خۆی دەکات.

رۆسـتـایـی، ئـەوەشـی خستەڕوو، کـە تـا ئـەوکـاتـەی ئیئتیلافەکە وەکـو رێکەوتنێکی سیاسیی واژۆ دەکرێت، ئـەو لێدوانانەی بەرپرسان‌و حیزب‌و لایەنەکان دەیدەن گوزارشت لە بۆچوونی شەخسیی‌و حیزبەکەی خۆی دەکـات، هەر کاتێکیش رێکەوتنەکە بە رەسمیی راگەیەنرا، وتەبێژێکی رەسمیی دەبێت‌و پێویستە هەموو لایەک پابەندبێت بە هێڵە گشتییەکانییەوە، وتیشی: «بۆ رێگرتن لەو حاڵەتانەش رێکەوتنێکی سیاسیی ئیمزا دەکەین، کە هەموو لایەک دەبێت پابەندبن پێیەوە، چونکە لەمەودوا کار بە بەڵێن‌و وادەو قسەی سەرزارەکیی ناکەین‌و کار بە نووسراو و بەڵگەنامە دەکەین».

# فراکسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان چۆن دەچنە بەغدا؟

راپۆرتی: رێبین فەتاح

لەگەڵ‌نزیکبوونەوەلە پێکهێنانی پەرلەمان‌و حکومەتی داهاتووی عێراق، گفتوگۆ لەنێوان لیستە براوەکانی کورد لە هەرێمی کوردستاندا دەستپێکردووە. چاودێرانی سیاسیی‌و لایەنە سیاسییەکانیش زیاتر بە ئاراستەی بەیەکەوەیی‌و دروستکردنی هاوپەیمانییەک لەنێوان فراکسیۆنە کوردییەکان ئیشدەکەن.

پاش چەند دانیشتن‌و کۆبوونەوەیەک لەنێوان لیستە براوەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم لەلایەک‌و لەنێوان خـودی لیستە براوەکان خۆیاندا لەلایەکی دیکەوە، هەریەک لە بـزووتـنـەوەی گـۆڕان‌و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان‌و کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، پێیانوایە بەشداریکردنی کورد لە خولی نوێی پەرلەمان‌و حکومەتی عێراق جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ خولی رابـردووی پەرلەمان‌و حکومەتی عێراق، بەتایبەت لەو خاڵەدا کە ئەوان پێداگریی لەسەر ئـەوە دەکـەن لەماوەی چوارساڵی خولی رابردووی پەرلەمان‌و حکومەتدا، تەنیا پارتی‌و یەکێتی وەک دوو حیزبی سەرەکیی لە هەرێمی کوردستان بڕیاردەرو ئەڵقەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق‌و هەرێمی کوردستان بوون.

بەڵام پاش هەڵبژاردنی خولی نوێی عێراق، بە بۆچوونی بەرپرسانی لیستە براوەکانی دەرەوەی لیستە هاوبەشەکەی پارتی‌و یەکێتی، ئیتر نەخشەی سیاسیی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریی تێکەوتووە، بەتایبەت لەوکاتەوە کە هەریەک لە گۆڕان‌و یەکگرتوو و کۆمەڵ ئامادەنەبوون بەشداریی لە پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا بکەن‌و وەک سێ کوتلەی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان مانەوە، ئەمەش وایکرد بۆ یەکەمجار لە پاش راپەڕینەوە بەرەی دەسەڵات‌و بەرەی ئۆپۆزسیۆن تا ئاستێکی باش خەت‌و خاڵیان دەربکەوێت.

گفتوگۆکردنی نێوان لیستە براوەکانی کورد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، بەگشتیی چەند تەوەرێک لە خۆدەگرێت، وەک هەڵوێست‌و گوتاری کورد لە بەغدا، بەرنامەو شێوازی ئیشکردنیان، دابەشکردنی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن‌و پاشان میکانیزمی پێکهێنانی هاوپەیمانییەک لەنێوان لیستە براوەکاندا.

تەواوی لیستە براوەکان جەخت لەسەر یەکهەڵوێستیی‌و یەک گوتاری کورد دەکەنەوە لە بەغدا، بەڵام یەک گوتاری‌و یەکهەڵوێستیی لەسەر پرسە چارەنووسسازو نیشتمانییەکان، نەک لەسەر شێوازی ئیشکردنی هەریەک لە کوتلەکانی کورد.

دەستەواژەیەک کە لیستە براوەکان بەردەوام جەختی لەسەر دەکەنەوە، پاراستنی تایبەتمەندێتی هەریەک لە کوتلەکانە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کوتلەکان دەیانەوێت جۆرێک لە سەربەخۆییان لە پەرلەماندا هەبێت.

شۆڕش حاجی، کاندیدی هەڵبژێردراوی لیستی گۆڕان، کە لیستەکەی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی رابردوودا توانی (٨) کورسی بەدەستبهێنێت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بۆ بەشداریکردن لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەک لەنێوان لیستە براوەکاندا، وەک بزووتنەوەی گۆڕان چەند مەرجێکی خۆیان هەیە، یەکێک لەو مەرجانە ئەوەیە، کە دەیانەوێت کورد یەک گوتارو یەکهەڵوێست بێت لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان، کە پەیوەندییان بە دوارۆژی کوردو کوردستانەوە هەیە.

بەگشتیی هەریەک لە بزووتنەوەی گۆڕان‌و یەکگرتوو و کۆمەڵ، پێیانوایە؛ ئەو ئیئتیلافەی لەنێوان فراکسیۆنە کوردییەکان پێکدەهێنرێت، دەبێت هاوپەیمانێتییەکی سیاسیی بێت، بەو مانایەی کە هاوپەیمانێتییەکە لە دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەبێت.

نەجیب باڵەتەیی، کاندیدی هەڵبژێردراوی لیستی یەکگرتوو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عـێـراق، کە لیستەکەیان توانیویەتی (٤) کورسی بەدەستبهێنێت پێیوایە؛ دەبێت هەریەک لە کوتلەکان تایبەتمەندیی خۆی لەناو پەرلەمان پارێزراوبێت‌و ئەو هاوپەیمانێتییەی پێکدەهێنرێت، لە دەرەوەی پەرلەمانی عێراق بێت.

یەکێک لەو پاساوانەی کە لیستەکانی دەرەوەی لیستە هاوبەشەکەی پارتی‌و یەکێتی، پێداگریی لەسەر دەکـەن بۆ دروستکردنی هاوپەیمانیی لە دەرەوەی پەرلەمانی عێراق، ئەوەیە کە لە رووی سیاسیی‌و یاساییەوە لـە بـەرژەوەنـدیـی کـورد دەبـێـت، ئەگەر هاوپەیمانێتییەکە سیاسیی بێت‌و لە دەرەوەی پەرلەمان بێت.

وەک باڵەتەیی ئـامـاژەی بۆ دەکـات؛ چاوەڕواندەکرێت پەرلەمانی عێراق لە (١٤) کوتلە پێکبێت، (٨) کوتلەی عەرەبی‌و لە بەرامبەردا (٦) کوتلەی کوردستانیی (چوار لیستی براوەو دوو کۆتا)، لەو نێوەندەدا ئەگەر کورد یەک کوتلە بێت لە پەرلەمانی عێراقدا، ئەوکات هاوکێشەکە لە قازانجی کورد نابێت، چونکە (٨) کوتلەی عەرەبی بەرامبەر بە یەک کوتلەی کوردی دەوەستێت.

لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا بـەردەوام بایەخێکی تایبەت بە سەرۆک کوتلەکان دەدرێت، بەو هۆیەوە کە ئیعتیبارێکی سیاسییان هەیە، زۆربەی جاریش سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆک کوتلەکان کۆدەبێتەوە، لێرەدا ئەگەر لیستەکانی هەرێمی کوردستان بە شەش کوتلە بەشداربن، دەتوانن قورسایی زیاتریان لەناو پەرلەمانی عێراق هەبێت.

هەڵسوڕاوانی بـزووتـنـەوەی گـۆڕان زیاتر پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەو هاوپەیمانێتییەی دروستدەکرێت، بکرێت بە مەرجەعێک بۆ کاربەدەستانی کورد لە بەغدا، لەو روانگەیەوە کە لە چوارساڵی رابردوودا، وەک شۆڕش حاجی وتی: «جگە لە مەکتەبی سیاسیی پارتی‌و یەکێتی، پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا هیچ مەرجەعێکیان نەبووە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت لەو ئیئتیلافەوە چاودێرییان بکرێت‌و هەماهەنگیی لەنێوان پەرلەمانتاران‌و کاربەدەستەکانی کورد لە بەغدا هەبێت».

ناوبراو جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە، کە یەکێکی دیکە لەو خاڵانەی بۆ بەشداریکردن لـە ئیئتیلافی کـوردی پێداگریی لەسەر دەکەن، ئەوەیە کە دەبێت پۆستە وەزاریی‌و سیادییەکان‌و تـەواوی پۆستەکانی دیکە قۆرغنەکرێن بۆ حیزبەکان‌و لەسەر بنەمای پاکی‌و بە توانایی‌و لێهاتوویی دابەشبکرێن.

هەریەک لە گۆڕان‌و یەکگرتوو و کۆمەڵ، پێداگریی لەسەر ئەوەش دەکەن، کە بڕیاردان لەناو هاوپەیمانییە کوردییەکەدا دەبێت کۆدەنگ بێت‌و ناکرێت هیچ لایەنێک بڕیاربەدەست بێت، بەڵکو پێویستە هەموو لایەنە بەشداربووەکانی ئیئتیلاف بەیەکەوە بڕیار لەسەر پرسەکان بدەن.

هەریەک لە شـۆڕش حاجی‌و نەجیب باڵەتەیی پێیانوایە؛ دەبێت سەرۆکایەتی ئیئتیلافە کوردییەکە بەشێوەیەکی دەوریی بێت، باڵەتەیی دەڵێت: «لەناو ئیئتیلافەکەدا چەند پۆستێک هەیە، وەک سەرۆک‌و جێگرەکەی، بڕیاردەرو وتەبێژ، هەموو ئەمانە باشترە بە دەوریی بێت».


فۆتۆ: KRG

## لەیادی (١١٢)ساڵەی ڕۆژنامەگەریی كوردیدا،

# ئازادیی ڕۆژنامەوانی لە پاشەكشەدایە

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

دەسەڵات لە هەرێمی كوردستاندا هەوڵی كەمكردنەوەی ئەو پانتاییەی ئازادیی ڕۆژنامەوانی دەدات، كە لەماوەی چەندساڵی رابردوودا ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆو ئەهلیی بەدەستیانهێناوە، لەكاتێكدا چـاودێـرانو سەندیكای ڕۆژنامەنووسان جەخت لەوە دەكەنەوە كە هەڕەشەو هەوڵ هەیە بەمەبەستی پاشەكشەپێكردنی ئەو ئازادییەی كە بەدەستهاتووە، ئـەوەش لەكاتێكدایە كە یادی (١١٢)ساڵەی ڕۆژنامەگەریی كوردی دەكرێتەوە.



### خۆپیشاندانەكان زەمینەی پێشێلكاریی

ڕۆژی شەممە (١٧)ی نیسان خۆپیشاندانی خوێندكارانی بنەڕەتی ژمارەیەك خوێندنگەی سلێمانی بۆبەردەم پـەروەردەی سلێمانی، بوو بەمەیدانی پێشێلكاریی دژی ڕۆژنامەنووسانو لەو خۆپیشاندانەكە هێزەكانی پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكانو هێزەكانی پۆلیسو ئاسایش هێرشیان كردە سەر (٨) ڕۆژنامەنووسو لەماوەی رابردوودا ئەو ڕۆژە زۆرترین پێشێلكاریی دژی ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە.

بەپێی بەیاننامەیەكی سەنتەری میترۆ بۆ داكۆكی لە ڕۆژنامەنووسان لەكاتی ڕووماڵكردنی خۆپیشاندانی خوێندكاراندا هێرش كراوەتە سەر چەند ڕۆژنامەنووسێك، لەبەیاننامەكەدا ئاماژە بەوەدەكەن: «جێگەی داخە كە هێزێك كاری پاراستنی چالاكی مەدەنی بێت، بكەوێتە گیانی ڕۆژنامەنووسانو بەوشێوەیە هێرشیان بكاتەسەر، ئێمە سەرەڕای ئیدانەكردنی ئەم ڕەفتارانە داوادەكـەیـن كە بـەزووتـریـن كات لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو هێزە بكرێت».

### پێشێلی یاسا، پاشەكشە بە ئازادیی

ئەحمەد میـره، سـەرنـووسـەری گـۆڤـاری لڤین، لـە لێدوانێكیدا بۆ ڕۆژنـامـە، نكۆڵی لـەبـوونـی هـەوڵ ناكات بۆ بەرتەسككردنەوەی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی و دەڵـێـت: «لـەدوای راپەڕینەوە ڕۆژنامەگەریی بەدۆخێكی نالەباردا تێدەپەڕێت بەوەی، كە حیزبەكان كۆنترۆڵی جومگە هەستیارەكانی نـاو میدیای كـوردیـیـان كـردووەو نەیانهێشتووە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی وەك دەسەڵاتی چوارەم مومارەسە بكرێتو لەدوای ساڵی (٢٠٠٠)یشەوە كاتێك مۆدێلكی دیكە لە میدیا دێتە ئاراوە، گرۆتینێكی تازەی دا بە كاری ڕۆژنامەگەری، بەڵام بەو واتایە نا وەك وڵاتانی دیكەو ئەوروپا، بەڵكو ئەوەی دیومانە لە كوردستان بەو هەوڵو فشارە نێوخۆو نێودەوڵەتییانە بووەو هێشتا زەمینەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریش لە كوردستان وەك پێویست نییە».

ئەحمەد میره بڕواشی وایە، بوونی ئـەو كەناڵو ڕۆژنـامـە زۆرانـەش بە ئاسانیی نەهاتوونەتەدیو «نە بەخشیشی دەسـەڵاتـە نـە بەشێكە لـە گوتاری دیموكراسیبوونو كرانەوەی دەسەڵات، بەڵكو هـەوڵو تێكۆشانو قوربانیی میدیای ئەهلییە كە دوای توندوتیژییو تیرۆرو پەنابردنە بەر شەپۆلێك سكاڵای یاسایی نا سروشتیو فشاری ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان هاتووەتەدی».

بەپێی تۆماری سەنتەری میترۆ بۆ راوێـژو داكۆكی لە ڕۆژنامەنووسان، لەسەرەتای ئەمساڵەوە زیاتر لە (٥٠) پێشێلكاریی دژ بە ڕۆژنامەنووسان ئـەنـجـامـدراوە بـە لـێـدان، گرتن، لێسەندنی كامێراو هەموو جۆرەكانی پێشێلكارییەوە.

رەحـمـان غـەریـب، ڕێـكـخـەری سەنتەرەكە وتی: «خودی جێبەجێنەكردنی یاسای ڕۆژنامەنووسان، پێشێلكارییە كـە تـا ئێستا ڕۆژنـامـەنـووسـان بە یاسای سزادانی عیراقی سزادەدرێنو لــەوە دەچـێـت پەرلەمان لە یاسای ڕۆژنامەنووسی پەشیمان بووبێتەوە، چونكە بەدواداچوونیان نییەو لێپێچینەوە ناكرێت لــەوەی كـە ئـەو یاسایەی دەریكردووە جێبەجێ ناكرێت، جگە لەوە ئێمە داوای جێبەجێكردنو هەمواری یاساكە دەكـەیـنو تێبینیمان هەیە لەسەری، بەڵام خەڵكێك هەیە قەناعەتی وایە، خێرو سەدەقەیەو پێیانداوینو دەیانەوێت لێمانبسەننەوە».

لــەوبــارەیــەوە، حامید محەمەد، سكرتێری سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان، لە لێدوانێكیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەهەوڵێكی زۆر توانیمان یاسای ڕۆژنامەنووسی ئامادەبكەینو لە پەرلەمان پەسەندبكرێت، كە زۆرێك لە داواو مافو ئازادیی بۆ ڕۆژنامەنووس تێدایە، بەڵام لێرەو لەوێ هەوڵ هەیە بۆ پێشێلكردنو پاشەكشەپێكردنی، كە من نازانم سەرچاوەكانی كێن، بەڵام ئێمە وەك سەندیكا دژی ئەوەین پاشەكشە بە پـڕۆژەی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بكرێتو ئاستەنگ دروستبكرێت لەبەردەم ئەو ئازادییەداو هەموو ڕێیەكی مەدەنییانە دەگرینەبەر».

ئەو پێیوایە؛ ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، یەكێكە لە بنەماكانی دیموكراسییەتو ئـەگـەر ئـەو ئـازادیـیـە نـەبـوو، ئـەوا دیموكراسییەت فشەیەو ئازادیی مانای نییە، بەڵام وتی: «فیعلەن ئێمە هەست بەوە دەكەین كە ڕۆژانە یاسای ڕۆژنامەوانی پێشێلدەكرێ، بەتایبەت لە كاتە هەستیارو ڕووداوە گرنگەكانداو لەو بارەیەشەوە یاداشتمان داوەو چەندین سیمینارمان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان كردووە بۆ ئەوەی سنوور بۆ ئەو پێشێلكارییانە دابنرێت»، وتیشی: «راستە كە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بە یاسا هەیە، بەڵام هەڕەشەی لەسەرەو دەبێت هەوڵبدەین ئەو هەڕەشانە نەهێڵین».

### پەرلەمان دەرگا دادەخات

ئەو وتەو ڕەخنانە لەكاتێكدان كە توندوتیژیی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان دەكرێت، جگە لـەوەی وەك پێویست سـەرچـاوەی زانیارییەكانیشیان بەدەستناگاتو دەرگـای پەرلەمان بە ڕوویاندا دادەخرێت.

لەوبارەیەوە، ئەحمەد میره وتی: «لە هەموو بارێكدا حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ئەرزی واقیعدا گوتارێكی پـێـچـەوانـەی لـە ئـازادیـی میدیایی فەراهەمكردووە وەك ئەوەی پەرلەمانی كوردستان لەساڵی (٢٠١٠)دا دەرگای هۆڵەكانی لە ڕۆژنامەنووسان دادەخاتو پێماندەڵێت، ئەو دەسەڵاتە هێشتا بڕوای بەوە نییە كە هەواڵو ڕووداوەكان وەك خۆی بگاتە بینەرو بیسەری كورد، جگە لـەوەی زەمینەی پێدانی سەرچاوەی زانیارییەكان واڵا نین بۆ ڕۆژنامەوانان، حكومەتیش كە بودجەیەكی تایبەت بۆ میدیای ئەهلی تەرخان ناكات، كە میدیایەكی راستەقینەیە تا لەسەر پێی خـۆی بوەستێت، دێـت دەیـان ملیۆن دۆلار بـۆ میدیای سێبەرو دەسەڵات خەرجدەكات»، ئەو پێشیوایە، دروستكردنی فشاری ئەمنیو تۆمەتی پلانگیری بـــەردەوام دژ بە كەناڵە راستەقینەكان دەكرێت.

هـــەروەك ڕەحـــمـــان دەڵـــێـت: «هەڵوێستەكەی پەرلەمان ناهەقییەو پاساوی نییەو نیگەرانین لێی، چونكە پەرلەمان تاكە سەرچاوەی زانیاریی بووە، داخستنی ئەو دەرگایەش مانای بەرتەسككردنەوەی ئەو تۆزە سەرچاوە زانیارییانەی بە ڕۆژنامەنووسانو هاوڵاتییان دەدرێـت، بۆچی هاوڵاتی نەزانێت ئەو نوێنەرەی دەنگی بۆداوە چی دەكـاتو چی دەڵێت؟، بەڵام ئەو ڕێگرییە بۆ ئەوەیە كە دەسەڵات هەستی بەوە كـردووە، كە ڕۆژنامەنووسی لە كوردستان كاریگەریی زۆری لەسەر خەڵك هەیەو دەیەوێت ئەو كاریگەرییە كەمبكاتەوە».

لای خۆشیەوە پەریهان قوبلای، پەرلەمانتاری فراكسیۆنی گـۆڕانو ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن وتی: «هەوڵ هەیە بۆ پاشەكشەكردن بەو ئازادییەی بەدەستهاتووە، ئێمە دژی داخستنی دەرگاكانی پەرلەمانین بـە ڕووی ڕۆژنـامـەنـووسـانـداو هەڵوێستیشمان ڕوونبووەو لەو كاتەدا هۆڵی پەرلەمانیشمان جێهێشت، بۆیە ئێمە بەپێویستی دەزانین، میدیا ئازاد بێتو لە ڕێی میدیاشەوە هاوڵاتییان لە بارودۆخو گوزەرانو دانیشتنەكانی پەرلەمان ئاگاداربن».

وتیشی: «بە دڵنیاییەوە هەوڵ هەیە لەلایەن لیستی دەسەڵاتو حكومەتەوە بۆئەوەی پانتایی ئازادیی ڕۆژنامەوانی بەرتەسكبكرێتەوەو سنووردار بكرێت، ئەوەش لەكاتێكدایە كە ئێستا، جگە لەوەی میدیای ئەهلی هەیە، چەند كەناڵێك هەن كە سەر بە لایەنی ئۆپۆزسیۆنن»، توندوتیژییو پێشێلكردنی مافی ڕۆژنامەنووسانیش بە پێشێلكردنی مافی مرۆڤ دەزانێتو وتی: «هەموو ئەو كردەوانە ئیدانە دەكەین».

### سەندیكا ڕۆڵی هەبووە؟

هەرچەندە بەرپرسانی سەندیكای ڕۆژنـامـەنـووسـان ئـامـاژە بەكارو خزمەتەكانیان دەكەن، بەڵام بەشێكی ڕۆژنامەنووسان ڕەخنە لە سەندیكاكەیان دەگـرنو پێیانوایە، نەیتوانیوە وەك پێویست خزمەت بكاتو كاربكات بۆ جێبەجێكردنی یاسای ڕۆژنامەنووسیو ڕێگریی لە پێشێلكارییەكان.

حـــامـــیـــد، دەڵــــێـــت «ڕەنــگــە ڕۆژنامەنووسێك سوودمەند نەبووبێت، بۆیە ئەو ڕەخنەیەی هەیە، من ناڵێم هەموو ئەركو كارێكمان ئەنجامداوە، بەڵام سەندیكا درێغیشی نەكردووەو زۆر هەوڵمانداوەو ئێمە بناغەی ئەو پڕۆژەیاسایەی ڕۆژنامەنووسیمان دانـــاوەو یـاداشــتو بەیاننامەمان بۆ پشتگیریی لە ڕۆژنامەنووسان دەركــردووەو پارێزەرمان گرتووەو هەموو شەش مانگ جارێك راپۆرتی پێشێلكاریی بـــڵاودەكـەیـنـەوەو تا پێمانبكرێت داكۆكیی لـە ئـازادیـی ڕۆژنـامـەنـووسـی دەكـەیـن، جگە لە گەڕاندنەوەی خزمەتی ڕۆژنامەنووسیو پێدانی زەوی لە ڕێـی سەندیكاوەو هاوكاریی دارایـی لەكاتی پێویستیو نەخۆشی، بەڵگەش بۆ ئەوە بەردەوام ڕۆژنامەنووسان دەیانەوێت ببنە ئەندامو ئەوەش دەریدەخات كە جێی متمانەیانە. ئێمە ناڵێین هەموو شتێك كراوە، بەڵام ئیشی باش كراوەو ئیرادەیەك هەیە كە دەمانەوێت ئەو واقیعە بـەرەو باشی ببەین».

### «ئەگەر بەرپرسی سەندیكا بوومایە دەستم لەكار دەكێشایەوە»

بەڵام میره، وتی: «ئەگەر ئەندامی ئەنجومەنی بـاڵای سەندیكا بوومایە لەو بارودۆخەی ئێستادا، دەستم لەكار دەكـێـشـایـەوە، لەگەڵ حورمەتم بۆ ئەوانەی ئێستا لەوێن، چونكە سەندیكای ڕۆژنامەنووسان تەنانەت نەیتوانیوە ئیستغلالی یادی ڕۆژنامەنووسی بكاتەوەو لەو یادەدا خزمەتی ڕۆژنامەنووسان بكاتو خەڵات ببەخشێت یان بۆنەیەكی وابـكـات ڕۆژنـامـەنـووسـان دڵخۆش بكات، بەشێوەیەك تەنانەت لە ئاستە ڕۆتینیەكەشیدا نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵەی خۆی ببینێتو هاوشێوەی سەندیكاكانی دیكە چالاكی پێوستی هەبێت».

وتیشی: «سەندیكای ڕۆژنامەنووسان، وەزیفەیەكی زۆر لاوەكی هەبووەو ئەوە نەبێت لیژنەی داكۆكی داناوەو شەش مانگ جارێك ئاماری توندوتیژیی بڵاودەكاتەوە، كە نەیتوانیوە كاریگەریی جێبهێڵێت، بەداخەوە سەندیكایەكە بەشێكە لە ئەدەبیاتی سیاسیی هەردوو پارتی دەسەڵاتو لە واقیعی ڕۆژنامەنووسی پێكدێت بەواتا حیزبییەكەی».

### ناتوانرێت پاشەكشەی پێبكرێت

بـەشـێـكـی ڕۆژنـامـەنـووسـان لەوبڕوایەدان كە دەسەڵات هەوڵئەداتو دەیەوێت پاشەكشە بە میدیای ئازاد بكات، بەڵام پێیانوانییە، سەر بگرێت.

ئەحمەد میره دەڵێت: «دەسـەڵات دەیەوێت بەر بەمیدیای ئەهلی بگرێت، بەڵام ئەو فشارانەی لەو ڕووەوە دەكرێن، بێهودەن، چونكە ئەو میدیایانە بوونەتە میدیای راستەقینەی خەڵكو قورسایی گەورەیان هەیە لە ناوخۆو دەرەوەش، بەشێوەیەك كە میدیای ئەهلی تەجاوزی لۆكاڵیبوون دەكـەنو ئەوە نوێنەرانی میدیای ئەهلین خەڵاتە نێودەوڵەتییەكان بـەدەسـتـدەهـێـنـنو توندوتیژیی بەرامبەریشیان دەنگدانەوەی جیهانی دەبێتو سەرچاوەی زانیارییەكانی دەرەوەن»، پێشیوایە، پارە تەخشانو پەخشان دەكرێت بۆ میدیای حیزبیو بەرنامە هەیە بۆ پاشەكشەپێكردنی میدیای ئـازاد، «بـەڵام باوەڕناكەم كاریگەریی ئەوتۆو ئەنجامی هەبێت».



لەوديوی ڕووداو

مەم بورهان قانع

## دەسەڵاتو یاسا

ڕۆژی (١٧)ی ئـەم مانگەو لەكاتی ڕووماڵكردنی خۆپیشاندانی خوێندكاراندا لەبەردەم بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانیدا، سوكایەتیی بەچەند ڕۆژنامەنووسێك كرا، سەرباری ئازارو ئەشكەنجەدانی چەند ڕۆژنامەنووسێكی دیكەو ڕێگریكردن لەوەی ڕووماڵی ڕووداوی خۆپیشاندانەكەی بەردەم بەڕێوەبەرێتیی ناوبراو بكەن.

ئەمە، یەكەمینجار نییەو دوایەمین جاریش نابێت، كە تیایدا پەلاماری ڕۆژنامەنووسان دەدرێـتو سەرباری سووكایەتیپێكردن، ڕێگرییان لێدەكرێت لە ڕووماڵكردنی ڕووداوێكدا، بۆ بڵاوكردنەوەی لەدەزگاكانی راگەیاندندا.

بەنیگەرانییەوە، پێدەچێت هەرێمی كوردستان لەو ناوچانەبێت كە ژمـارەی پێوانەیی لەپێشێلكردنی یاسا خراپەكانی چاپەمەنیی پێشترو ڕۆژنامەگەریی ئێستادا تۆماركردبێت، كە دەڵێم: یاسا خراپەكانی چاپەمەنییو ڕۆژنامەنووسیی، ئەمە مانای وا نییە بێدەنگبین بەرامبەر تەنانەت پێشێلكردنی ئەو یاسا خراپانەیش كە پەیوەنددارن بە»ڕێكخستن«ی كاری میدیاییەوە لەهەرێمی كوردستان، سەرباری تێبینیی زۆرمان لەسەر ئەم یاسایانە.

یاسای چاپەمەنیی ژمـاره (١٠)ی ساڵی (١٩٩٣)ی پەرلەمانی كوردستان، كە تا ساتەوەختی دەركردنی ئەم یاسا تازەیەی ڕۆژنامەگەریی (كە یاسای ژماره ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی كوردستانە) لەسنووری ئیدارەی هەرێمی كوردستاندا، كاری پێدەكراو تاكە یاسابووە، نەك بەتەنیا لەهەرێمی كوردستاندا، بەڵكو لەسەر ئاستی ناوچەكەیش كە ڕۆژانە پێشێلكراوەو هیچ دەزگایەكی بەرپرسو پەیوەنداریش نەبووە لە هۆیەكانی پێشێلكردنی ئەم یاسایە بپێچێتەوە، وەكچۆن لەماوەی چەند ساڵی شەڕی گەرمو دواتریش شەڕی ساردی نێوان یەكێتیو پارتیدا، راگەیاندنی هەردوولاو دواتریش راگەیاندنی هەندێك لەو لایەنانەی خۆیان لەسەر یەكێك لەم دوو لایەنە ساغكردەوە، ڕۆژانە بەندو بڕگەكانی ئەم یاسایەیان پێشێلدەكرد (بەتایبەتی بەندی نۆیەمی یاساكە، كە پەیوەنداربوو بە ڕێگریكردن لەبڵاوكردنەوەی ناوزڕاندنو سووكایەتیپێكردن)و دواتریش زۆر بوون ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لێپێچینەوەی نایاساییان بەرامبەر كرا، بێئەوەی دادوەر بۆ بەندەكانی ئەو یاسایە بگەڕێتەوە، هەروەك چۆن بۆ خۆم یەكێك بووم لەو سەرنووسەرانەی بەهۆی پابەندنەبوونی دادوەرەوە بەبەندو بڕگەكانی ئەم یاسایە، (٣٤) ڕۆژ لە گرتووخانەی ئاسایشدا زیندانیكرام، لەكاتێكدا كێشەی ڕۆژنامەنووس لەگەڵ پۆلیسدایە، نەك ئاسایش.

هەڵبەتە ئەم یاسا تازەیەیش (كە نزیكەی سێ ساڵە چووەتە بواری جێبەجێكردنەوە)، حاڵی جێبەجێكردنو پابەندبوون بەبەندو بڕگەكانیەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە، شتێكی ئەوتۆی لەگەڵ حاڵی یاساكەی پێشتردا باشترنییەو ڕۆژانە خروقاتی ئەخلاقی لەناو میدیای كوردیدا دەكرێت (كە بەپێی یاسای ژماره ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ قەدەغەكراون)، بێئەوەی لێپێچینەوەیان لەسەر بكرێت، سەرباری پێشێلكردنی بەندێكی دیكەی ئەم یاسایە، كە تیایدا پێداگریی كراوە لەسەر زامنكردنی مافی زانین بۆ هاوڵاتییانو زەرورەتی ئامادەبوونو بەشداریكردنی ڕۆژنامەنووسان لەو چالاكیو ڕووداوانەدا كە پەیوەندییان بەپیشەكەیەوە هەیە، هەروەك چۆن نابێت هیچ لایەنێكیش پێشێلی بكات، بەڵام ئەگەر زیادەڕۆیی نەبێت بڵێین ڕۆژانە، ئەوا هەفتانەو بەبەردەوامی گوێبیستی گلەییو تورەبوونی ڕۆژنامەنووسانو دەزگاكانی راگەیاندنین، سەبارەت بەوەی دەسەڵات (بەتایبەتی هێزەكانی ئاسایشو پۆلیس) بەم خاڵەی یاسای ناوبراوەوە پابەندنابن (كە لەلایەن پەرلەمانی هەڵبژێردراوەوە دەرچــووە)و پێشێلیدەكەن، بێئەوەی دەزگاكانی دیكەی پەیوەندار بەبەدواداچوون بۆ جێبەجێكردنیان، لێپێچینەوە لەم حاڵەتە بكەن.

ئـەوەی جێی نیگەرانییە، خۆپیشاندانەكەی (١٧)ی ئەم مانگە (با لە بەردفرێدانەكەی بگەڕێین، كە ئەوەیش ڕەفتارێكی مەدەنییانە نەبوو)، ئەو لایەنەی كە پەیوەندارە بە بابەتی ئەم گۆشەیەمانەوە، دیسانەوە سووكایەتیكردنە بە ڕۆژنامەنووسانو دیسانەوە پێشێلكردنی یاسای ناوبراوە، بێئەوەی دەسەڵات هەڵوێستەی لەسەر بكات.

بێگومان ئەم حكومەتەی ئەمڕۆ، هەروەها پەرلەمانو دەسەڵاتی قەزاییش (كە لەیەكتری جیانەكراونەتەوە، هەروەك چۆن لەهەر سیستمێكی دیموكراسیدا لەیەكتری جیادەكرێنەوە)، بەئەزموونی هەرێمی كوردستان ناودەبرێن. هەربۆیە، بێدەنگبوونو بەدوادانەچوون بۆ پێشێلكردنەكانی یاسایی لەلایەن دەسەڵاتەكانی راپـەڕیـنو قـەزاوە، ئاماژەیەكی ڕوونە بۆ شەرمنبوونی پەرلەمان لەبەردەم دەیان حاڵەتی لەمجۆرەداو هێندەی دیكەیش، ئەم «ئەزموونە» دەخاتە بەردەم پرسیارەوەو جارێكی دیكەیش ئەو ئیدیعایانە پووچەڵدەكەنەوە كە گوایە «زامنی ئازادیی مافی زانینو ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی كراوە، هەروەك چۆن لەیاسای ڕۆژنامەگەریدا جەختی لەسەركراوەتەوە..»، لەكاتێكدا، ئەوە دەسەڵات خۆیەتی، ڕێز لەو یاسایەی خۆی ناگرێتو بەردەوام پێشێلیدەكات.

# کۆدەنگیی بۆ دەستبەرداربوونی سەرۆکی هەرێم لە پۆستە حیزبییەکەی دروستدەبێت

ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

ڕۆژی (٢٠١٠/٤/١٢)، ژمـارەیـەک پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان پرۆژەیاسای هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، کە تێیدا ئاماژە بە دەستبەرداربوونی سەرۆکی هەرێم لە پۆستو ئەرکە حیزبییەکانی دەکات، زۆربەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان پشتگیریی لە پرۆژەکە دەکەنو چاودێرێکی سیاسیش دەڵێت: «پرۆژەکە بۆ گەشەپێدانی ژیانی دیموکراسییە».

## سەرۆکێک بۆ هەمووان

لە مادەی سێیەمی پرۆژەی ئامادەکراوی هەمواری سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هـەرێـمـدا هـاتـووە: «نـاکـرێـت پۆستی سەرۆکایەتیکردنی هەرێمی کوردستان وەک پۆستێکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەگەڵ گرتنەدەستی ئەرک، یاخود پۆستی حیزبیی، یان پەیوەندیکردن بە ڕێکخستنی حیزبییەوە کۆبکرێتەوە». بەپێی مادەی چوارەمیش، کەسێکی پاڵێوراوی هەڵبژێردراو بۆ گرتنەدەستی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم بە دەستلەکارکێشاوە دادەنرێت لە سەرجەم ئەرکو پۆستە حیزبییەکانی لەکاتی سوێندخواردنییەوە وەک سەرۆکی هەرێم.

هاوکاتیش پرۆژەیاساکە ڕێگریی ناکات لە پاڵاوتنی کەسێک لەلایەن پارتێک، یان قەوارەیەکی سیاسیی، یاخود گەڵاڵەکردنی پشتگیریی پارتو قەوارەکە تەنانەت دوای هەڵبژاردنیشی، دوا مادەی پرۆژە هەموارەکە ئـەوە دەردەخـات ((ئـەو یاسایە لە ڕۆژی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، یاخود هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی هەرێمەوە جێبەجێ دەکرێت))، لە تەنیشت ئەو مادانەوە ئاماژە بە نەبوونی پاساوی یاسایی کراوە بۆ بوونی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمو هەبوونی (پۆستێکی سەربەخۆ) تایبەت بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

د.زانا ڕەئوف، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانو ئامادەکاری پرۆژەکە لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ ڕۆژنامەدا ئاماژەی بەوەکردبوو؛ پرۆژەکە گەورەیی نواندنە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هـەرێـمو سەلماندنی ئـەو ڕاستییەیە، کە سەرۆکایەتی هەرێم بەتەواوەتی لەڕووی فیعلیو یاساییەوە دەبێتە نوێنەری سەرجەم هێزو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانو وتی: «لەو پرۆژەیەدا پێشنیازی ئەوەکراوە؛ بـەو حوکمەی سـەرۆکـی هـەرێـم لەڕێی خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێتو ئەو خەڵکەش تەنیا سەر بەلایەنو حیزبێک نینو بۆئەوەی هاوڵاتییان لە کوردستاندا سەرۆکی هەرێم بەهی خۆیان بزانن، پێویستدەکات لەکاتی دەستبەکاربوونییەوە دەستبەرداری پۆستو ئەرکە حیزبییەکانی خۆی بێت».

## لەڕووی یاساییەوە کارێکی بەجێیە

گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد: کە قسە لەسەر سەرۆکی هەرێم دەکرێت، مەبەست لە کەس نییە، بەڵکو قسە لەسەر پۆستێکی گرنگی پەیوەندیدارە بە ژیانی دەسەڵاتداریی لە هەرێمی کوردستان، لەو چوارچێوەیەشدا لـەڕووی یاساییو واقیعیشەوە باشترە سەرۆکی هەرێم خۆی یەکلایی کردبێتەوە بۆ کارەکەی.

بە بڕوای پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی کوردستانیی، کە هاوکات ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیشە: «کاتێک سەرۆکی هەرێم دووردەبێت لە پۆستی حیزبیی، زیاتر بەئیشو کارەکانی ڕادەگـات، بڕیارو هەڵوێستو دەسەڵاتەکانی لە هەرێمدا مۆرکی بێلایەنیی پێوە دیاردەبێت، تەندروستتر دەڕوانێتە پرسەکان، واتـە لـەڕووی یاساییەوە ئەو پرۆژەیە کارێکی بەجێیەو واردە».

گـۆران ئـازاد، پەرلەمانتاری یەکێتی لە فراکسیۆنی کوردستانیی، وتیشی: «دوای ئەوەی پرۆژەکە دەگاتە لیژنەی یاسایی بۆچوونی خۆمانی لەسەر دەدەیـن، بـەڵام پێموایە؛ کارێکی بەجێیەو بەتایبەت دوای هەڵبژاردنی سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە هەیمەنەی زیاتری بۆ ئەو پۆستە دروستکردووە، بەم هەنگاوەش سەرۆکی هەرێم وەک کەسێکی سەربەخۆ کارەکانی سەرکەوتووتردەبێتو هەیبەتی زیاتر بۆ ئەو دەزگایە دروست دەبێت».

هاوکات، عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی پشتگیریی خۆیانی بۆ هەر پـرۆژەیـەک دەربـڕی، کە بەهەموارکردنی کەموکورتییەکانی یاساکانی پێشوو پڕبکاتەوەو شتێکی تازەی تێدابێت لە بەرژەوەندیی گشتیدا بێت.

لەوبارەیەوە وتـی: «دەستبەردابوونی کەسی هەڵبژێردراوی سەرۆکی هەرێم لە پۆستی حیزبیی، خاڵێکی ئاساییەو لەو کۆمەڵە خاڵانەی، کە چاوەڕێدەکەین، لە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمدا ڕەنگبداتەوە، بەوپێیەی هەبوونی مادەیەکی لەوشێوە لە یاسای سەرۆکایەتیهەرێمدادەبێتەهۆیکاراترکردنو گشتگیرکردنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەمەش نەک تەنیا لە بەرژەوەندیی گشتییو ژیانی سیاسیی هەرێمە، بەڵکو بۆ کاراکردنی ئەو پۆستەشە».

## شەفافییەتی حوکم

لەبەردەوامی دەربڕینی هەڵوێستیان لەسەر پـرۆژەی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، د.ئەحمەد وەرتی، سەرۆکی فراکسیۆنی بـزووتـنـەوەی ئیسلامیی ڕایدەگەیەنێت: «لەپێناو بەرژەوەندیی گشتییو شەفافییەت، کاری حکومداریی لە هەرێمی کوردستان، پێویستدەکات دامـەزراوەی سەرۆکایەتی هـەرێـم بێلایەن بێت، چونکە کـاروبـارە گشتییەکانی خەڵکو لایەنەکان ئەوەندە زۆرە، ئەگەر سەرۆک بیەوێت ئیشوکارەکانی بەپێی پێویست ڕابپەڕێنێت بەدڵنیاییەوە ناپەرژێتە سەر کاروبارە حیزبییەکانی، لێرەوە هەبوونی پۆستی حیزبییو پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم لە یەککاتدا ئیشکالییەت دروست دەکات».

د.ئەحمەد وەرتی، سەرۆکی فراکسیۆنی بـزووتـنـەوەی ئیسلامیی، پـێـیـوایـە؛ بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی هەرێم، نەک تەنیا لە بەرژەوەندیی خەڵکە بەشێوەیەکی گشتیی، بەڵکو لە قازانجی حیزبەکانیشە، چونکە ئەوکاتە حیزکانیش لە گلەییو گازندەی تەداخولاتی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن ڕزگاریان دەبێت، لە ئەنجامیشدا لە بەشێکی زۆری دەستێوەردانی حیزبیی لە کاروباری حکومەتو ئەو پاشاگەردانییەی دروستبووە، ڕزگارمان دەبێت.

فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیش جەخت لە گرنگیی ئەو پرۆژەیە دەکەنەوەو پێیانوایە؛ دەبێتە جێی بایەخ بۆ پۆستەکانی سەرۆکی هەرێمو تەنانەت پێویستدەکات پۆستەکانی دیکەش لە ئەنجومەنی وەزیـران دەست لە پۆستە حیزبییەکانیان هەڵگرنو خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ خزمەتی هاوڵاتییان، نەک حیزبەکانیان.

ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «یەکێک لە تێبینییەکانمان لەسەر گەڕانەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێم بۆ پەرلەمانی کوردستان، بریتییە؛ لـە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم، پرۆژەی دەستبەرداربوونی حیزبییەتی سەرۆکایەتی هەرێمیش جێگەی بایەخی هەموو لیستەکانو خەڵکی کوردستانیشە».



مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان

هـەروەک سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ بازنەی پرۆژەکە فراوانتر دەکاتو دەڵێت: «نەک هەر سەرۆکی هەرێم، پێشتر پێشنیازێکم کردبوو تەنانەت سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی حکومەت، ئەندامانی پەرلەمانو وەزیرەکانیش لەوکاتەوە دەستبەکاردەبن، پێویستە پۆستی حیزبییان نەمێنێت، واتە بە یەکجاریی خۆیان بۆ کارە ئیدارییەکان یەکلایی بکەنەوە، چونکە ئەو کەسە لەو ماوەیەدا دەتوانێت زیاتر کارە حکومییەکە بکات، ئاساییە دوای کۆتاییهاتن بە خولی سرووشتی خۆی دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کارە حیزبییەکانی».

## دوو گۆشەی جیاواز!

فەرید ئەسەسەرد، چاودێری سیاسیی، بە حوکمی نەخشەی ئێستای پەرلەمانو سرووشتی حوکم لە هەرێم، گەشبین نییە بە پشتگیریکردنی فراکسیۆنی زۆرینەی پەرلەمان لە پرۆژەکە، هەرچەندە لە بنەڕەتدا بوونو ئەنجامی پرۆژەکە وەک یەکێک لە مەرجەکانی گەشەپێدانی ژیانی دیموکراسی لە هەرێمدا دەبینێت.

ئـەسـەسـەرد، لـەسـەر ئـەو پرسە ڕوونیدەکاتەوە لـەو وڵاتـانـەی سیستمی پەرلەمانییە چاوپۆشی لـەوەکـراوە، کە سەرۆک وەزیر سەرۆکی حیزبێک بێت، بەڵام پۆستەکەی دیکە، کە سەرۆکی دەوڵەتە لە زۆربەی سیستمە پەرلەمانییەکان سەرۆکی دەوڵەت دەتوانێت وەک سەرۆکی حیزب خۆی کاندید بکاتو هەڵبژاردنیشی بەدوو شێوە دەبێت: یان لەڕێی پەرلەمانەوە، یان بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەستبەرداری پۆستی حیزبیی دەبێتو خۆی تەرخان دەکات بۆ پۆستی سەرۆکی دەوڵەت.

دڵـشـاد شـەهـاب، جێگری سـەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی ئاماژەی بەوەکرد؛ دەزانن ئەو پرۆژەیە لە خەمخۆرییو زیاتر پاراستنی هەیبەتو سەربەخۆیی دەسەڵاتەکانی هەرێمەوەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی پرۆژەکەیان نەبینیوە، تائێستا ناتوانن هەڵوێستی تەواوی فراکسیۆنەکەیانی لەسەر دەربڕن.

لـەبـارەی دەستبەرداربوونی پۆستی حیزبیی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، دڵشاد شەهاب، وتی: «پێموانییە ئینتیمای سیاسیی، پەیوەندیی سیاسیی، بیرکردنەوەی سیاسیی، تەرەفگیرییو تەرەفنەگیریی لایەنێکی سیاسیی پابەندبێت بە هەبوونو نەبوونی پلەوە، واتە تەنیا ئەو پرۆژەیە ناتوانێت کەسی هەڵبژێردراو لەو بیرە سیاسییە ڕزگاربکات، کە تێیدایەتی، ئەوەی باوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، سـەرۆکـی حیزبەکان ڕادەسـپـێـردرێـنو کاتێکیش دەبنە سەرۆک ئەوەی زەمانەتی بێلایەنیکردنیانە ئەو سوێندەیە، کە بەرامبەر میللەتو پەرلەمانو دەسەڵاتی دادوەریـی خواردوویەتی، نەک شتێکی دیکە».

جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی، کە ئەندامی پارتییەو سەرۆکی پارتەکەی لە هەمانکاتدا سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشە، دەڵێت: «ئەوەندەی سەرۆک بارزانی خەریکی ئیشوکاری سەرۆکـایـەتـی هـەرێـمـە، (١٠٪)ی کارەکانی بۆ پارتی دانەناوە، هەروەک لە دەستپێکی کارەکەشیدا داوای لە کادیری پارتی کردووە، کە موراعاتی وەزعی ئەو بکەن، چونکە وەک سەرۆکی هەرێم مامەڵە دەکات».

## جێگرەکان، وەک باڵانسی هێز

هەڵوەستەکردنی پرۆژەیاساکە لەسەر نەهێشتنی جێگرەکانی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران، بۆچوونی جـیـاوازی لـێـدەکـەوێـتـەوەو بۆچوونە جیاوازەکانیش پـاسـاوی زیـاتـر دەدەن بەدەستەوە.

بە بـڕوای گـۆران ئـازاد، لە فراکسیۆنی کوردستانیی، ناکرێت هەبوونی جێگرەکانی سەرۆکی هەرێمو حکومەت، بە وڵاتێکی دیکە بەراورد بکرێت، بەوپێیەی هەر ناوچەیەک تایبەتمەندیی خۆی هەیە لەشێوازی ڕێکخستنی دەسـەڵاتو دابەشکردنی پۆستەکان «ئەو حاڵەتەی ئێستا هەیە بە مۆرکی دووئیدارەیی نازانم، بەڵکو پێموایە؛ زەروورەتێک ئەمەی هێناوەتە کایەوە».

فەرید ئەسەسەر، چاودێری سیاسیی نیشانەی بۆ ئەوەکرد، ئەو بابەتە مەسەلەیەکی گەورە نییە، دەکرێت سەرۆکی هەرێم جێگرێک، یان چەند جێگرێکی هەبێت، دەکرێت نەیبێت، ئەوەش دەکەوێتە سەر هەلومەرجی وڵاتەکەو هەڵسەنگاندنی نوخبەی سیاسیی.

«لەم هەلومەرجەی ئێستا واهەستدەکەم ئـەوەی پەیوەندیی بە جێگری سەرۆکی هەرێمو حکومەتەوە هەیە، کە بەشێوەیەکی سەرەکیی لـە دوو حیزب پێکهاتوون: بۆئەوەیە، هاوسەنگییەک لەنێوان پۆستەکان دروستبکرێت، بـە سەیرکردنی دۆخـی کوردستان، پێموایە؛ نەبوونی جێگرەکان سـوودی هەیە، بەڵام ئەمەش پێویستی بە هەڵسەنگاندن هەیە، چونکە بوونی جێگر لەهەموو سیستمەکان بۆ باشتر بەڕێوەچوونی ئیشەکانە، ئەگەر فیعلەن گرنگە، پێویستە بمێنێتەوە، ئەگەر هەڵسەنگاندنەکانیش دەریدەخەن کە دەبنە هۆی دروستکردنی لەمپەرو کێشە، ئەوا مانەوەیان زەروور نییە».

دڵشاد شەهاب، بوونی جێگرەکان بە ئاسایی دەبینێتو نموونەی چەندین وڵاتیش دێنێتەوە، کە سەرۆکو پۆستەکانی دیکەش جێگریان هەیە، بەڵام ئـەوەی لای ئەو ئاسایی نییە، هەبوونی ئەو جێگرانەیە لەسەر بنەمای دوو ئیدارەیی، ململانێ، پەنجا بە پەنجاو ڕاگرتنی باڵانسی حیزبییە، لەبارەی تەکلیفکردنی دووکەس بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەتیش، وتی: «نابێت سەرۆکو جێگر بەیەکەوە تەکلیف بکرێن بۆ پێکهێنانی حکومەت، چونکە لەدنیادا سەرۆکی حکومەت تەکلیف دەکرێتو ئەو هەموارەی پێشتریش بۆ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کـراوە، دەبێت هەموار بکرێتەوەو چاکبکرێت».

# حکومەتی هەرێم لە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنەکە بێدەنگە

# «هەنگاوێک بۆ شکستپێهێنانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان نراوە»

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالقو شارا عەبدولڕەحمان

حکومەت پێشنیازیکردووە لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بکرێت، بەڵام تائێستا بە فەرمیی هیچ بڕیارێکی بۆ ئەو مەبەستە دەرنەکردووە. شارەزایانو چاودێرانی سیاسیش پێیانوایە؛ دواخستنی ئەو هەڵبژاردنە هەنگاونانە بۆ شکستپێهێنانی ئەو ئەنجومەنانەو هاوکات عەیبەشە بۆ کورد، کە دوای (١٩) ساڵ ئەزموونی حوکمڕانیی ترسی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەبێت.

### ڕۆژی هەڵبژاردن دیارینەکراوە

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە ئەنجامنەدراوەو پێویستبوو لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە (٢٠٠٩/١/٣١)دا ئەنجامبدرایە، بەڵام لە هەرێم بە بیانووی نەبوونی یاسا ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامنەدرا، بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی ئێستای پارێزگاکانی هەرێم بەردەوام دەبن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو، بەمەرجێک پێش کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩) هەڵبژاردنەکە ئەنجامبدرێت».

دواتریش بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، کە هەمان ساڵ دەرچوو، مادەیەک ڕەوایی نادیار دەدات بە مانەوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنەکانی ئێستاو پاساوی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکە. هەروەک لە بڕگەی (٣) لە مادەی (٣١)دا هاتووە؛ «لە بارێکدا کە نەتوانرا هەڵبژاردنەکان بکرێن، ئەوا ئەنجومەنەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباریان تا ئەنجومەنە نوێیەکان هەڵدەبژێردرێن بەردەوام دەبن».

بەو هۆیەشەوە تائێستا ئەو ئەنجومەنانە لە کارکردنی خۆیان بەردەوامنو هیچ ڕۆژێک بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەیان دیارینەکراوە.

جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «حکومەت پێشنیازیکردووە کە لەکۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بکرێت، بەڵام تائێستا فەرمانی بۆ دەرنەچووە تا دەست بە کارەکانی بکرێت».

سەبارەت بە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنیش، ئارام جەمال، بەرپرسی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، بۆ ڕۆژنامە وتی: «لەئێستادا دواکەوتووین لە ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە، نەک قسە لەسەر ئەوەبکەین کەی ڕۆژی هەڵبژاردن دیاریبکرێت؟ ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەین، بەڵام بەداخەوە ویستێکی بەهێز نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە».

### سەرۆکی حکومەت بەرپرسیارە

بەپێی بڕگەی (١) لە مادەی (٣١)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، ڕۆژی هەڵبژاردنەکان بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران بەر لە وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بە (٦٠) ڕۆژ دیاریدەکرێت، بەڵام تائێستا ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ئەو بڕیارەی دەرنەکردووەو کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانیش پێیوایە کە کاتی دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنەکە هاتووەو لەو ڕووەشەوە چاوەڕێی پەیامی حکومەتە.

فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کۆمسیۆن چاوەڕێی پەیامی حکومەتی هەرێمە بۆئەوەی کاتی هەڵبژاردنەکە دیاری بکات، هاوکات ماوەی (٦٠) ڕۆژ بۆ هەڵبژاردنەکە کەمەو زەحمەتە بەو ماوەیە کارەکان تەواوبکرێن، بۆیە پێویستە سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئێمە لەو پرۆسەیە ئاگاداربکاتەوە بۆئەوەی ڕێوشوێنی پێویست بگرینەبەر».

### زیان بە پرۆسەی دیموکراتی دەگات

بە بڕوای یاساناسانو چاودێرانی سیاسی، دواخستنی هەر هەڵبژاردنێک زیان بە پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێمدا دەگەیەنێت، بەتایبەتیش دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم سستی دەخاتە نێو کاروباری ئەو ئەنجومەنانەو گومان لە دەسەڵاتەکانیان پەیدا دەکات.

د.ئەحمەد وەرتی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە؛ دواخستنی ئەو هەڵبژاردنە مانای فەرامۆشکردنی دەسەڵاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە «ئەگەر نەکرێت ئەوا پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەکەوێتە ژێر گومانەوەو زیان بە پرۆسەی دیموکراتی هەرێم دەگات».

هاوکات بۆچوونێکی دیکە هەیە، کە بەهۆی ئەنجامنەدانەوەی هەڵبژاردنەکانەوە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان وەک خۆی کاری پێنەکراوەو لە کارکردندا ناکاراییان نواندووە.

هەروەک ڕێبوار کەریم، مامۆستای زانکۆ، وتی: «دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان نەک زیانی بە پرۆسەی دیموکراتی گەیاندووە، بەڵکو کارێکی وایکردووە کە جگە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەنەکانی هەولێرو دهۆک زۆر ناکارابنو نەتوانن مومارەسەی دەسەڵاتەکانی خۆیان بکەن».

هەربۆیە بە بڕوای مامۆستاکەی زانکۆی سلێمانی، عەقڵیەتی دواخستنی ئەو پرۆسەیە گومانی ئەوەی دروستکردووە کە هەنگاوێک بە ئاراستەی شکستپێهێنانی ئەنجومەنی پارێزگاکان نراوە. وتیشی: «عەیبەیە بۆ ئێمەی کورد کە دوای ئەزموونی (١٩) ساڵی رابردوو ترسمان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەبێت».

### هۆکارەکانی دواخستنی هەڵبژاردنەکە

هۆکارەکانی دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان «سیاسییە»و ترسێک لەئەنجامدانی ئەوهەڵبژاردنەدادەبینرێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەو ئەنجومەنانە خزمەتگوزارینو زیاتر کاریان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بە خەڵکی.

ڕێبوار کەریم وتی: «لە هەرێمی کوردستاندا تێگەیشتن بۆ دەسەڵاتی لامەرکەزیەت تائێستا تێگەیشتنێکی کامڵ نییە، پێم سەیرە کورد کە لە عێراقدا داوای دەسەڵاتی لامەرکەزیەت بکات، بەڵام گومانی لەسەر دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان هەبێت، ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی ئێستا لەوە بترسێت کە بە هەڵبژاردن دەسەڵاتەکان دەستاودەست دەکرێن، ئەوا مافی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردنەکە نەکات، ئەوا خاڵێکی سلبیی دەبێت لە پرۆسەی دیموکراتی هەرێمی کوردستاندا، چونکە ئەنجومەنی پارێزگاکان هەر لایەنێک بەڕێوەی ببات ئەنجومەنێکی خەدەمیەو خزمەتگوزاریی پێشکەشی خەڵک دەکات، لەبەرئەوە پێویست بەو ترسە ناکات».

بە بڕوای ئەحمەد وەرتی، بوونی ڕەگوڕیشەی دوو ئیدارەیی هۆکارێکە بۆ ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکە، وەک دەڵێت: «بوونی دووئیدارەیی کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر ئەنجامنەدانی ئەو هەڵبژاردنە، کاریگەریی دەستتێوەردانی حیزب لە کاروباری حکومەتو کاری ئەنجومەنەکانیش ئامادەیی هەیە، جگە لەوەی دەسەڵاتی کوردی وایدەبینێت کارکردنی ئەو ئەنجومەنانە وەک حکومەتێکی ناوچەیی وادەکات کە دەسەڵاتەکانی ئەو ئەنجومەنانە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمدا تێکبگیرێت، لەبەرئەوەی نەیانویستووە ئەو هەڵبژاردنە بکەنو دەسەڵات بدەن بە ئەنجومەنی پارێزگاکان».

---

# سێ ساڵە (١٤٠) چاوەڕێی سەرۆکایەتی کۆمارە

# عارف تەیفور: قسەکانی مالیکی لەسەر کەمتەرخەمی سەرۆکایەتی کۆمار ڕاستن

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

بەرپرسانی حکومیی عێراق، سەرۆکایەتی کۆمار بە کەمتەرخەم دەزانن لە بەرامبەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و پێیانوایە؛ سەرۆکایەتی کۆمار ڕێگربووە لە بەردەم یەکلایینەکردنەوەی کێشەی سنووری ئیداریی، هاوکات بە وتەی جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە ساڵی (٢٠٠٧)دا ڕاپۆرتێکیان لەسەر کێشەی سنووری ئیداریی داوەتە سەرۆکایەتی کۆمار، بەڵام تائێستا وەڵامنەدراونەتەوە.

چەند ڕۆژێک پێش ئێستا نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند: حکومەت بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ئەرکی خۆی بەجێهێناوەو ئەوەی تائێستا ڕێگربووە لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو مادەیە، ناکۆکییەکانی نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمارە.

وتیشی: «پرسی گێڕانەوەی ناوچەدابڕاوەکان بۆ سەر پارێزگاکانو دەستنیشانکردنی سنووری هەر پارێزگایەک لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی کۆماردا بووە».

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار لە (٣) ئەندام پێکهاتووە، کە بریتین لە (جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆمار (کورد)، عادل عەبدولمەهدی، جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمار (شیعە)، تاریق هاشمی، جێگری دووەمی سەرۆک کۆمار،( سوننە) ).

بەپێی بڕگەی (ب) لە مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە «پێویستە دەسەڵاتی باڵای عێراقو حکومەت ڕێنمایی پێویست بدەنە کۆمەڵەی نیشتیمانیی بە مەبەستی چارەسەرکردنی گۆڕانکاریی سنووری ئیداریی، لەو پێناوەشدا پێویستە ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو حکومەتو سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە». هەروەک مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق تایبەتە بە پارێزگاکانی (کەرکوک، دیالە، موسڵ، واست، ئەنبار، سەلاحەدین).

بەوپێیەی کە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار یەکێکە لەو دەسەڵاتانەی، کە دەسەڵاتی یەکلاییکردنەوەی کێشەی سنووری ئیداریی هەیە، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠٠٧)دا لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ڕاپۆرتێکی (٢٠٠) لاپەڕەیی سەبارەت بە کێشەی سنووری ئیداریی پێشکەش بە سەرۆکایەتی کۆمار کرد، بەڵام تائێستا سەرۆکایەتی کۆمار وەڵامی لیژنە باڵاکەی نەداوەتەوە.

نەرمین عوسمان، جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە لە لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠٠٧)دا ڕاپۆرتی لیژنەکەمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی کۆمار کرد، بەڵام تائێستا سەرۆکایەتی کۆمار بە ڕەسمیی وەڵامی نەداوینەتەوەو کێشەکە لە سەرۆکایەتی کۆمار قەتیسماوە، هۆکاری یەکلایینەکردنەوەی کێشەی سنووری ئیداریی کێشەیەکی سیاسیی بووە، نەک کێشەی تەکنیکیو چارەسەرنەکردنیشی بۆ ململانێی نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیش تاریق هاشمی، ڕێگربووە لەبەردەم یەکلاییکردنەوەی کێشەکە.



ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار

چاودێرانی سیاسیی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بە کەمتەرخەم ناودەبەن لە بەرامبەر یەکلاییکردنەوەی کێشەی سنووری ئیداریی پارێزگاکان.

عارف تەیفور، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (پێشوو)، ئاماژە بەوە دەکات؛ ئەو قسانەی مالیکی تا ڕادەیەک ڕاستن، چونکە مەسەلەی دەستکاریکردنی سنووری پارێزگاکان لە دەسەڵاتی حکومەتدا نییەو لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی کۆماردایە.

وتیشی: «ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار لەو ڕووەوە هیچ هەنگاوێکی نەناوەو لەو مەسەلەیەدا مالیکی تا ڕادەیەک ڕاستدەکات».

هەروەک بە بڕوای موعتەسەم نەجمەدین، چاودێری سیاسیی سەرۆکایەتی کۆمار کەمتەرخەمانە مامەڵەی لەگەڵ مەسەلەی یەکلاییکردنەوەی سنووری ئیداریدا کردووەو هیچ هەوڵێکی بۆ ئەو مەبەستە نەداوە، بەتایبەتیش سەرۆک کۆمار، کە کوردە.

بەپێی دەستووری عێراق، ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار مافی بەکارهێنانی ڤیتۆیان هەیە، بەڵام بە بۆچوونی چاودێران تائێستا نوێنەری کورد لەو ئەنجومەنە، کە سەرۆک کۆمارە، کاری بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) نەکردووە.

هەروەک موعتەسەم نەجمەدین، وتی: «سەرۆک کۆماری عێراق لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە جدیی کاری بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی سنووری ئیداریی نەکردووەو سوودی لەو دەسەڵاتە وەرنەگرتووە، کە هەیبووەو لە بەرامبەردا لەبەر دڵی برا عەرەبەکان بێ دەنگبووە لە ئاستی کێشەکە، لە کاتێکدا پێویستبوو سەرۆک کۆمار بەوپێیەی کە کوردە زۆر بە جدیی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی بدایە».

---

## وەڵامێک لە نووسینگەی راگەیاندنی پارێزگاری کەرکوکەوە

لە ژمارە (٥٧٧)ی ڕۆژی (٢٠١٠/٤/١٣)ی هەفتەنامەی ڕۆژنامەداو لە لاپەڕە (١٠) دا بە مانشێتو لەچوارچێوەی راپۆرتێکدا، کە وتەی عەبدوڵڵا سامی عاسی، ئەندامی کوتلەی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک وەرگیراوە، ناوبراو باس لەوە دەکات، کە لەچوارچێوەی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩)دا بڕی (٤٠) ملیار دیناری پارێزگای کەرکوک گەڕێنراوەتەوە بۆ خەزێنەی بەغدا، وەک نووسینگەی راگەیاندنی پارێزگای کەرکوک بەپێویستمانزانی ئەو زانیارییە هەڵەیە راستبکەینەوەو ئەم ڕوونکردنەوەیە سەبارەت بە بڕی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩)ی پارێزگای کەرکوکو چۆنیەتی خەرجکردنی بۆ خوێنەران ڕوونبکەینەوە.

* لە ساڵی (٢٠٠٩)دا یەک دیناری بودجە نەگەڕێنراوەتەوە بەغداو ئەو لێدوانە سەرلەبەری ناڕاستە.

* کۆی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) بڕەکەی (١١٧) ملیارو (٣٠٠) ملیۆن دینارەو لەو بڕە (١٠٨,٦٢٧,١٣٦,١٣٤) دیناری لە پڕۆژەکاندا خەرجکراوەو ئەوەشی لەو بڕە دەمێنێتەوە، بەپێی یاساو ڕێنمایی لەبواری بەدواداچوونو چاودێریی پڕۆژەکاندا خەرجکراوە.

* کۆی پڕۆژەکانی ساڵی (٢٠٠٩)، (٤٠٢) پڕۆژەنو (٢٩٤) پڕۆژەیان تەواوکراونو (١٠٨) پڕۆژەیان، کە پڕۆژەی ستراتیژینو بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک درێژە دەکێشن کارکردن تیایاندا بەردەوامەو ئەو پڕۆژانەشی کە بەهۆی نەبوونی زەوی پێویستەوە نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە ژمارەیان (٣) پڕۆژەیە.

لە کۆتاییدا ئەوە بەخوێنەران دەڵێین؛ کە لە هیچ ڕوویەکەوە بودجە پەیوەندیی بە عەبدوڵڵا سامی عاسییەوە نییەو ئەو بەهیچ جۆرێک ئاگاداری وردەکاریی خەرجکردنی نییە، تاکو بەبێ زانیاریی قسەی لەسەر بکات، بەپێچەوانەوە ئەوە کاری ئیدارەی پارێزگای کەرکوکەو لە وەرگرتنی زانیارییەکی وەهادا دەبوو ڕۆژنامە پەیوەندیی بکردایە بە بەشی پلانو بەدواداچوونی پارێزگای کەرکوکەوە.

**لەگەڵ ڕێزدا**

**نووسینگەی راگەیاندنی پارێزگای کەرکوک**

## بۆ بەردەم داواکاری گشتیی لە هەرێمی کوردستان

لەپێناو پاراستنی سەروەت و سامانی گشتیی و سەروەری یاساو بەرەوپێشچوونی دیموکراسی و ئاماژە بە ڕاپۆرتەکانی پێشترمان، کە لە ڕۆژنامە لە ژمارە ٥٧٤ و چاوپێکەوتنی کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ژمارە ٥٧٦ و وەڵامی سەرۆکی دیوانی چاودێری سلێمانی ژمارە ٥٧٧ و ڕاپۆرتێک لەگەڵ وەڵامی دیوانی چاودێری دارایی لەهەولێر، کە لەم ژمارەیە واتە ٥٧٨دا بڵاودەبێتەوە دۆسیەی شاردنەوەی کاری هەردوو دیوانی چاودێری دارایی دەخەینە ڕوو بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون.

# دیوانی چاودێری دارایی هەولێر «سەرپێچییەکی» سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاشکرادەکات

**ڕۆژنامە**

بێ پاڵپشتی یاساو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای کارنەکردن بە یاساکانی پەرلەمان دەکەن و دەزگاکان بە ناشەرعیی وەسفدەکەن، سەرۆکی خولی یەکەمی پەرلەمانیش پێیوایە؛ ئەمە پێشێلکردنێکی زەقی یاسایە، کە گەورەترین دەسەڵاتی یاسادانان دەیکات و لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان و داواکاری گشتیش لەم هەڵوێستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بێدەنگن.

### دیوانی چاودێریی هەولێر ڕاستییەکان ئاشکرا دەکات

لە خاڵی دووەمی ڕوونکردنەوەیەکی ڕەسمیی دیوانی چاودێری دارایی هەولێر، کە بۆ ڕۆژنامەی ناردووە لە (٢٠١٠/٤/١٣) دا وەڵامی ئەو نووسراوەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان دەداتـەوە، کە ئیمزای ئەرسەلان بایز، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی پێوەیەو هەردوو دەزگای چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانی بە ناشەرعیی ناوزەند کردووە و تیایدا هاتووە؛ «دوای ئەوەی یاسای ژمـارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، شاندێکی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان (خولی پێشوو)، کە پێکهاتبوو لە سەرۆکی پەرلەمان، سکرتێری پەرلەمان و سەرۆکی لیژنەی یاسایی و چەند ئەندام پەرلەمانێکی دیکە سەردانی ئێمەیان کردو پێیان ڕاگەیاندین کە کار بەم یاسا نوێیە نەکەین و ڕاپۆرتەکانی خۆمانیان بۆ نەنێرین و کار بە یاسا کۆنەکە بکەین تاوەکو هەردوو دەزگا یەکدەگرنەوە».

بەپێی ئەم نووسراوە ڕەسمییەی دیوانی چاودێری دارایی هەولێر بێت، سەرۆکایەتی پەرلەمان لە خولی پێشووی پەرلەماندا خۆیان کارکردن بە یاساکانی پەرلەمان ڕادەگرن، کە خۆیان دەنگیان پێداوە، ئیسماعیل گەلاڵەیی پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان پێیوایە؛ «نازانرێت بەپێی چ یاساو بڕیارێک سەرۆکی باڵاترین دەزگـای تەشریعی لە کوردستان ئەو بڕیارەی داوە؟، چونکە هەروا ئاسان نییە یاسایەک ڕابگیرێت بە شەفەیی، لەکاتێکدا ئەو یاسایە بە چەندین دانیشتن و کاتێکی زۆری پەرلەمان دەبـات تا دەردەچـێت و دواتر سەرۆکی هەرێم پەسەندی دەکات و لە ڕۆژنامەی وەقائیعی ڕەسمیی بڵاودەکرێتەوەو لەو ڕۆژەوە دەبێت کاری پێبکرێت، کەچی سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێرو سەرۆکی لیژنە یاساییەکەی داوای کارپێنەکردنی دەکەن».

### دیوانی چاودێری دارایی هەولێریش بە بەرپرس دەزانرێت

بۆچوونی جیاواز لەسەر ئەو بڕیارەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی خولی پێشوو دروستدەبێت و بەوتەی جەوهەر نامیق، سەرۆکی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان «ئەم هەڵسوکەوتەی سەرۆکایەتی گەورەترین دەزگای تەشریعی لە کوردستان نەک هەر «پێشێلکاریی»، بەڵکو «ئیستیهتارێکیشە» بە یاساو سەروەت و سامانی خەڵک، لەبەرئەوەی چـۆن دەتـوانـیـن لـەلایـەک بانگەشە بۆ بەدامەزراوەیی دامودەزگاکانی هەرێم بکەین کاتێک گەورەترین دەزگای نەهێشتنی گەندەڵیی خۆی گەندەڵ بێت و ناشەرعیی بێت».

هـــەروەک دیـوانـی چـاودێـری دارایـی هەولێریش بـە بـەرپـرس دەزانـرێـت لە پێشێلکردنی یاسا.

گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانی لە لیژنەی یاسایی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە سەرۆکی پەرلەمان یاسا دەرناکات، کۆی ئەندامانی پەرلەمان دەسەڵاتی دەرکـردنـی یاسایان هەیە، هەربۆیە کە یاسایەکیش ڕابگیرێت، ئەوا دەبێت بەزۆرینەی دەنگی (١١١) ئەندامەکەی پەرلەمان بێت.

بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی کوردستانیی، «ئەو بیانووەی دیوانی چاودێری دارایی هەولێر ڕاست نییەو دیوانیش بەرپرسە، چونکە نەدەبوو بە شەفەیی کارکردن بە یاسایەک ڕابگرێت کە پەرلەمان دەریکردووەو سەرۆکی پەرلەمان پەسەندیکردووە، هەربۆیە دیوانی چاودێری دارایی هەولێر ناتوانن بڵێن لەسەر داوای پەرلەمان کارکردن بە یاساکەیان ڕاگرتووە، چونکە پەرلەمان تەنیا (٣-٤) کەس نین، پەرلەمان کۆی ئەندامان دەگرێتەوە».

### کێ ئەو دەسەڵاتەی داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان

لەبەر ئەوەی لە دەسەڵاتەکانی سەرۆک و جێگرو سکرتێری پەرلەمانی کوردستاندا لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دەسەڵاتی سەرۆکایەتی دیاریکراوە، لە هەمانکاتدا سەرۆکایەتی پەرلەمان لە خولی ڕابردوو ئێستاشدا دەسەڵاتێکی زۆریان داوەتە خۆیان ، هەربۆیە سەرۆکی یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوەدا، کە سەرۆکی پەرلەمان بۆی نییە نە یاسا دەربکات و نە یاسا ڕابگرێت و نە هەمواری بکات، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکی دەرنەکردبێت و دەسەڵاتی دابێتە سەرۆکایەتی پەرلەمان مامەڵە بە یاساکانەوە بکەن، کە پێناچێت کاری وا کرابێت، ئەوا نازانرێت کێ ئەو دەسەڵاتەی داوەتـە سەرۆکایەتی پەرلەمان، لە خولی ڕابردوودا یاسا ڕادەگرن و لەم خولەدا شەرعیەت و ناشەرعیەتی دەزگاکان دیاریدەکەن، کە هیچ دەقێکی یاسایی نییە ئەو دەسەڵاتەیان پێببەخشێت».

### پەرلەمانتاران ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەن

پەرلەمانتارانی لیژنەی داراییش ڕەخنە لەو دەسەڵاتە دەگرن کە سەرۆکایەتی داویەتی بەخۆی لە خولە جیاجیاکانی پەرلەماندا، خورشید ئەحمەد، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمان لە فراکسیۆنی کوردستانی، ئـەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، کە هیچ پاساوێکی یاسایی نییە ڕێگە بە سەرۆک و سکرتێرو سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان بدات، داوای کارنەکردن بە یاسایەک بکەن، کە لە پەرلەمان دەرچووبێت، جەختیشی کردەوە، کە ئەگەر ئەمجۆرە بابەتە لە دانیشتنی پەرلەماندا گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، ئەوا بە توندیی نارەزایی بەرامبەر دەردەبڕێت».

چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە، گۆڕان لە هەڵوێستی پەرلەمانتاران هەیە کاتێک ئەو بابەتانە بخرێنە گفتوگۆوە لە هۆڵی پەرلەمان، کە بۆچوونی حیزب و فراکسیۆن خۆی زاڵبکات بەسەر بۆچوونی سەربەخۆی پەرلەمانتاراندا.

### «عەدنان موفتی بەرپرسە»

چاودێرانی ئابووریی پێیانوایە ئەوجۆرە کارانە دژیەکن لەگەڵ ئەو هەوڵانەی لە ئارادان بۆ کاراکردنی دیوانی چاودێری دارایی، چونکە وەک پەرلەمانتارانیش دووپاتیدەکەنەوە دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنرێت کە بەدواداچوون و لێپێچینەوە لە کارەکانی حکومەت و چۆنێتی خەرجکردنی بودجە بە تەنیا بە پەرلەمان ناکرێت و دیوانی چاودێری دارایی دەتوانن ڕۆڵێکی کـارایـان هەبێت لە دەرخستنی ڕاستییەکان و هـاوکـاری پەرلەمان بن و پەرلەمان لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکانی ئەوان کاربکات، ئەم ڕاستییەش وەک لە ڕاپۆرتەکانی پێشتری «ڕۆژنامە» ئاماژەی پێکراوە کە ئەو پارانەی لەدوای دەرچوونی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) لەڕێگەی ڕاپۆرتەکانی دیـوانـی چـاودێـری دارایـی سلێمانییەوە گەڕێنراونەتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، بریتییە لە (٢٧٩٨٠١٤٤١٣٩) دینار تەنیا (٢٧)ملیارو (٩٨٠)ملیۆن و (١٤٤)هـــەزارو (١٣٩)دینار، ئەمە جگە لەوەی کە هەر لەو ماوەیەدا بڕی (١٢٥٨٥٦٥٩٢٤٤) دینار تەنیا (١٢)ملیارو (٥٨٥)ملیۆن و (٦٥٩)هەزارو (٢٤٤)دینار قەرزو پێشینە وەرگیراونەتەوە، جگەلەوەی چەندین کەس لە فەرمانبەران بە پلە بەرزەکانیشەوە لەسەر گەندەڵیی دراون بە دادگا بەبێ گوێدانە پلەوپایەی وەزیفیی و حیزبیی.

ئیسماعیل گەلاڵەیی، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەدا؛ «تەنیا دەزگایەک کە چاودێریی چۆنێتی خەرجکردنی بودجە بکات، دیوانی چاودێری داراییە، هەربۆیە بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتەکانی دیوان و کارکردن لەسەریان زەرورەتێکە کە نابێت فەرامۆشبکرێت».

بە وتەی ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان لەگەڵ ئەوەی کە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەشـاردرێـنـەوەو نەخراونەتە بـەردەم پەرلەمانتاران و لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان، داواش لە دیوانەکەی دیکە دەکرێت هەر یاسای پەرلەمان جێبەجێنەکات و بەوپێیەش ڕاپۆرت ڕەوانـەی پەرلەمان ناکات، کە «ئەمە تاوانە عەدنان موفتی ئەنجامیداوەو ناکرێت هەروا بە ئاسانیی تێپەڕبێت، چونکە هیچ دەقێکی یاسایی نییە ئەو ڕێگەیەی پێبدات».

### تەنیا داوا لە دیوانی چاودێری هەولێر کراوە

شارەزایانی ئابووریی پێیانوایە؛ دەبێت سەرۆکی پەرلەمان سکرتێرو سەرۆکی لیژنەی یاسایی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کە بۆچی تەنیا داوایان لە دیوانی چاودێری دارایی هەولێر کردووە کار بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) نەکات و داوایـان لە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی نەکردووە، ئیسماعیل گەلاڵەیی لەوبارەیەوە وتی: «ڕەنگە هۆکارەکەی سیاسی و حیزبی بێت، نەوەک ڕاپۆرتەکانی دیوان ڕەوانەی پەرلەمان بکرێن. ئەگەر ئەو دیوانە ڕاپۆرتیان هەبێت».

وتیشی: «ئەمە جێگای گومانە، چونکە تائێستا یەک ڕاپۆرتیان دیارنییەو ئاشکرانییە کە یەک بەرپرس لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکانی ئـەوان درابێتە دادگـاو بڕی ئەو پارانەش ئاشکرانەکراون کە گەڕێنراونەتەوە بۆ بودجەی گشتیی و لـەم بـوارەشـدا دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی کاراو کارامەتر ڕاپۆرتەکانیان دێنە بەرچاوو بەشێکی ئەو ڕاپۆرتانەش کەوتوونەتە بەرچاوی خەڵک کە بـەداخـەوە دیوانی چـاودێـری دارایـی هەولێر خۆی لەقەرەی ئەم مەسەلەیە نەداوە و بەهۆی ئاشکرانەکردنی ئەو ڕاپۆرتانەی دیوانیش، داواکاری گشتیی پەراوێزخراوە لە بەدواداچوونی ئەو گەندەڵییانەی لە هەرێم هەن و بەوهۆیەشەوە ئەوانیش بە کەمتەرخەم دێنە پێشچاوی کۆمەڵانی خەڵک و ئەمە ناهەقیەکە بەرامبەر ئەوانیش ئەنجامدراوە».

### داواکاری گشتیی داوای ڕوونکردنەوە لە لیژنەی نەزاهە دەکات

لە سەردانی ژمارەیەک لە داواکارانی گشتیی بۆ لیژنەی نـەزاهـەی پەرلەمانی کوردستان، داوای ڕوونکردنەوەیان لە لیژنەی نەزاهە کردووە دەربارەی ئەو هەڵسوکەوتەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی خولی ڕابـردوو و جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش لەم خولەدا، بەتایبەت کە بەوتەی ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە لیژنەی یاسایی داواکاری گشتیی نزیکەی (٧٥) داوای یاساییان بەرزکردووەتەوە بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی، کە ئەگەر ئەو دیوانە وەک سەرۆکایەتی پەرلەمان دەڵێت: «ناشەرعیی بن، ئەوا دەبێت ئەو داوا یاساییانەش ڕابگیرێت، چونکە دادگا ڕاپۆرتەکانی دیوان بە هەند وەرناگرێت».

سـەبـارەت بە هەڵویستی داواکـاری گشتیش حاکم هیوا فاریق، سەرۆکی دەستەی تۆماری داد بە مافی گشتیی، بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەوان چاوەڕوانی وەڵامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانن تاهەڵویستی خۆیان لەوبارەیەوە دیاریبکەن».


Iraq - Kurdistan Region
Board Of Supreme Audit
General Directorate Of Operation

هەرێمی کوردستان - عێراق

دیوانی چاودێری دارایی
هەرێمی کوردستان

لە بەرامبەریشدا بە بۆچوونی جەوهەر نامیق، هەرچەندە درەنگە بۆ هاتنە جوابی دەسـتـەی داواکـاری گشتیی، بەڵام ئێستاش کات لەبەردەستدایە تا داوا تۆماربکرێت و سنووری دەسەڵاتی سـەرۆکـایـەتـی پەرلەمان دیاریبکرێت، کە «بەداخەوە دەبوو لـیـژنـەی نـەزاهـەی پـەرلـەمـان بـەر لە داواکاری گشتیی بەم کارانە هەڵبستایەو لـێـپـێـچـیـنـەوەی لە سەرۆکایەتی بکردایەو داوای ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریشی بکردایە، بەڵام نازانرێت ئەو لیژنەیە بۆ وا بێدەنگە؟، کە هیچ بیانوویەک نییە بۆ بێهەڵوێستییان».

### لیژنەی نەزاهە هەڵوێستی دەبێت؟

لـەگـەڵ بـوونـی ئـەو هەڵوێستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە ڕاگرتنی یاساو شاردنەوەی ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری، بەڵام لیژنەی نەزاهە لە بەرامبەر ئەو مەسەلانە، کە بە ڕوونیی لە ڕێگەی میدیاکانەوە خەڵک پێی ئاشنا بووە.

لەوبارەیەوە د.ڕەفیق سابیر، سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان، بۆ ڕۆژنامە ئەوەی خستەڕوو، کە وەک لیژنەی نەزاهە ئاگاداری هەموو ئەو مەسەلانەن و تائێستا بوار نەبووە لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان باسی بکەن و لە نزیکترین دەرفەتدا گفتوگۆی لەسەر دەکەن، ئەگەر ئەو مەسەلەیەش بخرێتە گفتوگۆوە لە پەرلەمان، ئەوا بێگومان هەڵوێستیان دەبێت.

سـەرۆکـی لیژنەی نـەزاهـە وتیشی: «ڕاگرتنی کارکردن بە یاسایەکی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان لە خولی ڕابردوو ناوبردنی دیوانی چاودێری دارایی بە ناشەرعیی لەلایەن لیژنەی یاسایی خولی ئێستای پەرلەمان، ئاژاوەیەکە پەرلەمان لەنێو دەزگا حکومییەکاندا دەینێتەوە، کە ئەوە کاری پەرلەمان نییە، چونکە دەیان گەندەڵکار هەن لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دادگا لێپێچینەوەیان لێدەکات».

لەبەرامبەردا، جەوهەر نامیق پێیوابوو؛ «بـەر لە داواکـاری گشتیی دەبـوو لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان هەڵوێستی هەبوایەو ئەو دۆسیانە ئامادەبکات و سەرۆکایەتی پەرلەمان ناچاربکات وەڵامی هەبێت، چونکە ئەوە ئەرکی لیژنەکەیانە، ئەگەر وەڵامی نەدرایەوە، ئەوا دەتوانێت لە ڕێگەی دادگاو ڕاگەیاندنەکانەوە ئەو دۆسیانە بوروژێنێت، ئەگەر ئەمەش نەبێت لە ڕێگەی دەستەی نەزاهەی حکومەتی فیدراڵەوە بیوروژێنن، کە مافی دەستەی نەزاهەی عێراقە تەدەخول بکات و بەدوای ئەو بەڵگانەی لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان هەن و ئەو ڕاپۆرتانەی دیوانی چاودێری دارایی بێنە وەڵام، کە ئەگەر ئەو دوو دەزگایە ناشەرعیش بن، ئەوا با ڕاپۆرتەکانیان بخرێنەڕوو، چونکە سەرۆکایەتی وەریگرتوون و ئەوەی بیانەوێت کاریان لەسەر کـردوون و بە دەیان ملیۆن دینار بۆ ئەم دوو دەزگایە لە پارەی میللەت خەرجکراوە».

بەپێی بۆچوونی چـاودێـران کە لەم ڕاپـۆرتـەدا خستوویانەتەڕوو، لە ئێستادا پێویستە هـەریـەک لـە عـەدنـان موفتی، سـەرۆکـی خولی ڕابـــردووی پەرلەمان و فرسەت ئەحمەد، سکرتێری پەرلەمان و شیروان حەیدەری، سەرۆکی لیژنەی یاسایی خولی ڕابـردووی پەرلەمان، لەگەڵ جێگری سەرۆکی خولی ئێستای پەرلەمان و لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەیان هەبێت، کە ئەو دەسـەڵاتـەی داویـانـە بە خۆیان لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، دیوانی چاودێری دارایی هەولێریش ڕوونکردنەوەی هەبێت کە چۆن بە شەفەیی کارکردن بە یاسایەک ڕادەگرن کە پەرلەمان دەریکردووەو سەرۆکی هەرێم پەسەندیکردووەو د.کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانیش وەڵامی هەبێت بۆ شاردنەوەی ئەو ڕاپۆرتانەی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی، جەوهەر نامیق جەختی لەسەرکردەوە، ڕاستە سەرۆکایەتی پەرلەمان پۆستی حیزبییەو حیزبایەتی ڕێگرە لە دەرخستنی ڕاستییەکان، بەڵام ئەوە دەبێتە ئەرکی دەستەی داواکاری گشتیی و پەرلەمانتاران کە لەم کارە بێدەنگ نەبن.

### ڕوونکردنەوە

لە ژمـارەی پێشووی ڕۆژنامەکەماندا، لە بابەتی (سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی بۆچوونەکانی پەرلەمانی کوردستان بە نادروست دەزانێت)، کە لە لاپەڕەکانی (٦و٧)دا بڵاوکراوەتەوە، دوو هەڵە ڕوویداوە.

یەکەم: لە نووسراوەکەی دیوانی چاودێریدا بەمشێوەیە هاتووە:
(بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان/ نووسینگەی تایبەت
ب/ ڕوونکردنەوە)، بەڵام لەکاتی بڵاوکردنەوەدا ئەو سەرەتایە پەڕیوە.

دووەم: لە کۆتایی خاڵی هەشتەمدا دەقی نووسراوێک پەڕیوە، کە بەمشێوەیەیە؛ (بۆ نموونە دەقی نووسراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان ژمارە (١٧) لە (٢٠٠٩/١١/١٨) (کە وێنەیەکی هاوپێچە) بەمجۆرە هاتووە):
بۆ دیوانی چاودێری دارایی/سلێمانی
ب/ ئاگادارکردنەوە
لەسەر فەرمانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان
ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (٤١٨) لە (٢٠٠٩/١٠/٢٧)
ئاگادارمان بکەنەوە لە دوایین لێکۆڵینەوەو ئەنجام لەسەر ڕاپۆرت و حساباتی کۆتایی (بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی) بۆ ساڵی دارایی کۆتا لە ٢٠٠٩/١٢/٣١.
بۆیە دوای لێبووردن لە خوێنەران و دیوانی چاودێری دارایی بەڕێز دەکەین.

ڕۆژنامە

ـــێت چــی بــکــات؟

# د. فائیق گوڵپی: ئەگەر حیزبەکەی ناو هەناوی بزووتنەوەی گۆڕان بیەوێت حیزبێکی مۆدێل نوێ بێت، دەبێت کلتووری کاری سیاسیی بەرامبەر بە دەستکەوتی مادیی کۆتایی پێبهێنێت

**ڕۆژنامە: تا ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان بەشێوەیەکی نارێکخراو (عەفەوی) کار دەکات و چوارچێوەیەکی ڕوون و دیاریکراوی نییە، بەڵام توانی دوو هەڵبژاردنی گرنگ تێپەڕێنێت و لە ئەزموونی حوکمرانی هەرێمدا واقیعی بەرهەڵستکاریی (ئۆپۆزسیۆن) بچەسپێنێت. ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بە شێوەیەکی مۆدرێن ئۆرگانیزە بکرێت؟**

* بزووتنەوەی گۆڕان ڕێکخراوێکی حیزبیی نییە، بەڵام بە شێوەیەکی نارێکخراوو عەفەویش کاری نەکردووە، ڕاستە خاوەنی دەزگای ڕێکخستن و کۆمیتەو شانەی حیزبیی نییە، بەڵام خاوەنی دەستەیەکی سەرکردایەتی بە ئەزموون بووە، ئەو دەستەیە زانیویانە چۆن کارەکانی خۆیان ڕێکبخەن و جەماوەر لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوەو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم و عێراقدا سەرکەوتن بە دەستبهێنن. گرنگترین دەسکەوتێک کە بزووتنەوەی گۆڕان لە ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمدا پێشیخست، دیاردەی بەرهەڵستکاریی بوو، پێش هەڵبژاردنی مانگی تەمموزی (٢٠٠٩) ئۆپۆزسیۆن هەبوو، بەڵام ئەو ئۆپۆزسیۆنە فەرمیی نەبوو و لە دەرەوەی پەرلەمان بوو، لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆندا بزووتنەوەی گۆڕان ڕۆڵی سەرەکیی بینی.

من وای بۆ دەچم، دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان لە دوای هەڵبژاردنەکان شێوەی حیزبێکی سیاسی وەربگرێت، چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەو بزووتنەوەیە شێوەی حیزبێکی مۆدرێن وەربگرێت و وەک حیزبەکانی دیکەی باشوور نەبێت.

١. لە ئاستی ناوخۆی حیزبدا، دەبێت لە داڕشتنی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆدا لاسایی پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی دیکەی باشووری کوردستان نەکاتەوەو دەبێت سکرتێری حیزب یان سەرۆکی حیزب بۆی نەبێت هەتا لە ژیاندا ماوە لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوەو دەبێت لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حیزبەدا بەندێک هەبێت کە ماوەی پۆستی بەرپرسی یەکەمی حیزب دیاری بکات، دەبێت لە پەیڕەوی ناوخۆدا دەرفەتی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتگەرەنتی بکرێت و سیاسەتی ڕۆژانەی ئەو حیزبە لەگەڵ بنەماو پێوانە گشتییەکانی بەرنامەی حیزبەکە ناکۆک نەبێت، دەبێت چەمکی دیموکراتی ناوەندی، کە چەمکێکی لینینییە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کارەکانی حیزب کاری پێکراوە، لە ناو حیزبدا بە لاوە بنرێت و کاری پێنەکرێت، بە گوێرەی ئەو چەمکە سەرکردەی حیزب نوێنەری هەزاران ئەندام و کادیرەو بۆی هەیە بەبێ گەڕانەوە بۆ حیزب بڕیار بدات و کار بکات، لە باتی چەمکی دیموکراتی ناوەندی، چەمکی دیموکراتی ڕاستەوخۆ(دیموکراتی ڕاستەقینەی) پەیڕەو بکرێت. دەبێت ئەو حیزبە نوێیە کە لە بزووتنەوەی گۆڕانەوە دروستدەبێت، بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی کار بکات و مەزاجی سکرتێرو چەند بەرپرسێک نەبنە بنەماو یاسای کارکردنی حیزب. لە حیزبەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستاندا دەرفەت بە ڕاو بۆچوونی جیاواز نادرێت، هەر کەسێک ڕەخنەی گرتبێت و سیاسەتی حیزبی بە هەڵە زانیبێت لەلایەن سەرکردایەتیی ئەو حیزبەوە لێیدراوەو پەراوێزخراوە، ئەو حیزبەی تۆ دەتەوێت لە بزووتنەوەی گۆڕان لە دایک ببێت، دەبێت ئەو کلتوورە نادیموکراتییە تێپەڕێنێت و ڕێوشوێنی تایبەت بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و قووڵکردنەوەی پێوانەکانی سیستمی دیموکراتی ناو حیزب دەستبەکاربێت. لە هەمووی گرنکتر کە بۆ کاری حیزبێکی مۆدێل نوێ پێویستە، ئەوەیە کە تیۆرو پیلانگێڕی و موئامەرە بەرامبەر بە ئەندامان و کادیرانی حیزب هەڵگیرێت، وەک ئەوەی حیزبەکانی دیکەی کوردستان دژی ئەندام و بەرپرسانی خۆیان بەرپای دەکەن و لەپشتەوە ملیان دەشکێنن.

٢. لە ئاستی کۆمەڵدا، دەبێت ئەو حیزبە عەقڵیەتی خۆبەگەورەزانین و خەڵک بە بچووک بینین تێپەڕبکات، ناکۆکییە ڕەگەزی و تەمەنی و چینایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی لە نێوان تاک و پێکهاتەکان باش ببینێت و لەسەر بنەمای جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان سیاسەتێکی هاوسەنگ و دادپەروەری لە بۆچوون و هەڵوێست و بڕیارو چالاکیدا بەرامبەر بە ماف و ئازادیی ژنان، مافی منداڵ پیرو پەککەوتە، مافی هەژارو دەوڵەمەند، مافی ڕۆشنبیرو زاناو داناو نەزان نیشانبدات و بە جدیی کاریان بۆ بکات.

٣. لە سەر ئاستی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا، بە بۆچوونی من، گرنگترین پڕۆژە کە دەبێت حیزبی مۆدێل نوێ کاری بۆ بکات، دەستووری هەرێمی کوردستانە، نەبوونی دەستووری هەرێم هۆکاری زۆرینەی گێرەو کێشەکانە لە هەرێمی کوردستاندا، دەبێت ئەو حیزبە مۆدێل نوێیە لە سەر دژایەتیکردنی دیاردەی گەندەڵیی بەردەوام بێت، تێکۆشانی بێوچان بکات بۆ ئەوەی پەرلەمان و حکومەت و دادوەریی، لە ژێر هەژموونی حیزب ڕزگاریان بێت و بەگوێرەی دەستوورو یاساکانی هەرێم کارەکانیان بەڕێوەببەن، دەبێت ئەو حیزبە مۆدێل نوێیە کاری جدیی بکات بۆ ئەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێم بە تەواوی یەکبگرنەوەو هێزی پێشمەرگەو ئاسایش و دەزگاکانی دارایی هەرێم ببنە دەزگای نەتەوەیی و یاسایی، کاری جدیی بەردەوام بکات بۆ ئەوەی هیچ حیزبێک خاوەنی دەزگای تایبەتی پێشمەرگەو دارایی و ئاسایشی خۆی نەبێت، تەنیا حکومەتی هەرێم خاوەنی ئەو دەزگایانە بێت.

٤. خاڵێکی زۆر گرنگ کە بزووتنەوەی گۆڕان لە نووسین و ئەدەبیاتی خۆیدا باسی دەکات و چەقی سیاسەتی ساڵانی ڕابردووی بووە، ڕەخنەگرتن بووە لە دیاردەی بازرگانیکردن و دەوڵەمەندبوون لە ڕێگەی سیاسەت و دەسەڵاتەوە، دەبێت ئەم سیاسەتەی بەردەوام بێت تا ئەو دیاردەیە کۆتایی پێبێنێت و ئاگادار بێت خۆشی دووچاری هەمان دەرد نەیەت.

ئەگەر حیزبەکەی ناو هەناوی بزووتنەوەی گۆڕان بیەوێت حیزبێکی مۆدێل نوێ بێت، دەبێت کلتووری کاری سیاسی بەرامبەر بە دەسکەوتی مادیی کۆتایی پێبهێنێت.

٥. سیاسەتی ئەو حیزبە لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان و ناوچەکەو جیهان، دەبێت ئەو حیزبە بە گوێرەی دەستووری عێراق و بنەماکانی سیستمی دیموکراتی و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراقدا پێوەندی هەبێت و هەڵسوکەوت بکات، لەسەر ئاستی کوردستانیش، دەبێت ئەو حیزبە مۆدێل نوێیە پێوەندیەکی نەتەوەیی هاوچەرخی لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا هەبێت و گەل و بزاڤی ئازادیخوازی باکوورو خۆرهەڵات و خۆرئاوای کوردستان بە دۆستی ستراتیژیی باشوورو ئەزموونی هەرێم بزانێت و بەو ئاڕاستەیە کار بکات. لە ئاستی وڵاتانی ناوچەکەو جیهانیشدا، نابێت سەرکردەو بڕیاربەدەستانی ئەو حیزبە مۆدێل نوێیە خۆیان بە کەم و دواکەوتوو سەیربکەن و بەرپرسانی وڵاتانی دیکە بە گەورەو پێشکەوتوو و خاوەنی ماف سەیربکەن، نابێت لە کاتی گفتوگۆو دانوستاندا خۆیان بە دەستەوە بدەن، دەبێت ئەو حیزبە مۆدێل نوێیە ڕەوایی دۆزی کورد بە گەورەترین بەهای سیاسی بزانێت و بۆ پێوەندی لەگەڵ دۆست و دوژمندا بنەمای نەتەوەیی و ئینسانی و ئەخلاقی ڕەچاو بکات.

**ڕۆژنامە: ئایا گۆڕان تەنیا بۆ وەرچەرخانێکی سیاسیی هەرێم پێویست بوو، یان پێویستە ئەم بزووتنەوەیە بەهەمان نەفەسەوە بەردەوامیی بە هەوڵی گۆڕینی سیستم و عەقڵی ڕامیاریی حوکمڕانیی هەرێم بدات؟**

* گۆڕانکاریی سیاسی لەسەر پێی خۆی ناوەستێت ئەگەر لەهەمانکاتدا گۆڕانکاریی لە ئاستی عەقڵیەتی سیاسیی تاک و سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا نەکرێت، ئەگەر گۆڕانکاریی لە عەقڵیەت و سیستمدا نەکرێت، ئەو گۆڕانکارییەی کە لە سیاسەتدا دەکرێت، گۆڕانکارییەکی کاتی و سنووردار دەبێت و ئەگەری پاشەکشێی هەیەو گۆڕینی عەقڵیەتی سیاسی و سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە ژێرخانی گۆڕانکاریی سیاسی دەژمێردرێت، ئەگەر ژێرخان بەهێزبێت، سەرخان سەرکەوتوو دەبێت و گەشە دەکات، بەڵام ئەگەر ژێرخان لاواز بێت، عەقڵییەتی کۆن و سیستمی سیاسیی کۆن چاڵ بۆ گۆڕانکاریی سیاسیی هەڵدەکەنن و دەیکوژن و دەینێژن.

لە عێراق و کوردستاندا دوو دیاردەی حیزبی مۆدێل نوێ و دوو دیاردەی سیاسیی نوێ بەدیدەکرێن، یەکەم مۆدێل ڕەوتی سەدرییەکانە لە باشووری عێراقدا، کە لە کاری ڕێکخستن و هەڵبژاردندا سوود لە مۆدێلی دیموکراتی ڕاستەوخۆ وەردەگرن و لە کاتی پێویستدا پەنا بۆ بۆچوون و دەنگی جەماوەر دەبەن، خاوەن ئیرادەی تایبەتی خۆیان و پۆست و دەسەڵات بە لایانەوە سیاسەتێکی ناوەندی نییە.

ئەو حیزبەی لە هەناوی بزووتنەوەی گۆڕانەوە سەرهەڵدەدا، دەبێت سوود لەو ئەزموونە نوێیانەی کوردستان و عێراق وەربگرێت و بە عەقڵیەتێکی سیاسیی گۆڕاوی نوێ و سیستمێکی سیاسیی گۆڕاوی نوێوە بە فەرماندەیی فەلسەفەیەکی پۆستمۆدرێنە و ئایدیۆلۆژیایەکی فرەدەنگی و فرەڕەنگیەوە ڕێبەرایەتی بزاڤی گۆڕانخوازی و نوێخوزای هەرێمی کوردستان بکات.

بە بۆچوونی من، ئەگەر سەرکردایەتیی بزووتنەوەی گۆڕان ئیرادەی گۆڕانی ڕاستەقینەی لە لا گەڵاڵە بووبێت، لە سەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیاو پووکانەوەی عەقڵییەتی خێڵەکی و فیوداڵیدا، دەتوانێت لە بورای عەقڵییەتی سیاسی و سیستمی سیاسیی هەرێمدا هەندێک گۆڕانکاریی بکات، لە هەمانکاتدا سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیە وەک سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی هەڵگری ناسنامەی چینایەتی و خێڵەکی و دەرەبەگایەتی نین، هەروەها جەماوەرو ئەندام و کادیری بزووتنەوەی گۆڕان لەو کەسانەن کە هزری خێڵەکی و فیوداڵی حوکمڕانانی هەرێمی کوردستان ڕەتدەکەنەوە، بەڵام کارکردن لە سەر ئەو زەمینە لەبارە، پێویستییەکی دەستلێبەرنەدراوە بۆ ئەوەی ئەو حیزبە نوێیە بتوانێت عەقڵییەتی سیاسی و سیستمی سیاسیی هەرێم بگۆڕێت.

بە بڕوای من، ئەگەر ئەو حیزبەی هەناوی بزووتنەوەی گۆڕان، ئیرادەی ئەوەی هەبێت کە عەقڵییەت و سیستمی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان تێپەڕێنێت، دەبێت لە سەرەتادا گۆڕانکاریی لەعەقڵییەتی تاک و لە سیستمی ڕێکخستنی حیزبەکەیدا دەستپێبکات، هەزاران تاکی دیموکراتی یاسایی مرۆڤدۆستی بە ئیرادە، ڕێکخستنێکی کراوەی چالاکی دیموکراتی بە بنەماو بەپێوانە، دەتوانێت هەوێنی گۆڕینی عەقڵییەتی تاک و کۆی هەرێمی کوردستان بێت.

**ڕۆژنامە: ئایا لە کاتی ئۆرگانیزەکردنیدا (لە کاتی بەحیزببیبوونیدا) چی بکرێت بۆ ئەوەی نەبێتە حیزبێکی ستالینی؟**

* لەم سەردەمەدا هەموو جیهان نەفرەت لە حیزبی ستالینی دەکات، حیزبی ستالینی دیاردەیەکی دیکتاتۆرانەی سەردەمی خەباتی چینایەتی و جەنگی جیهانی و شەڕی ساردی نێوان دوو جەمسەری یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، سیاسەتی باوی ئەمڕۆ، شێوازی ململانێی چینایەتی ئەمڕۆ، ململانێی نێوان ڕووسیاو ئەمریکا، زەمینەی لەبار پێکناهێنن بۆ سەرهەڵدانەوەی حیزبی ستالینی. لە ئاستی هەرێمی کوردستانیشدا بە حوکمی ئەوەی لە ڕابردوودا بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کورد لە بینای حیزبی و لە خەباتی چەکداریدا سوودی لە پرەنسیپەکانی مارکسیزم و لینینیزم و ستالینیزم وەرگرتووەو بڕێک لە سەرکردەکانی شۆڕش و حیزبە کوردییەکان، لە هەندێک پێوانەو ڕەفتارو کرداردا ستالیناوی بوون، بەڵام ئەو ستالیناویبوونە هەرگیز هێندەی کلتوورە خێڵەکی و دەرەبەگایەتییەکەی لای خۆمان کاریگەریی لە سەر بینای حیزب و کارو چالاکی شۆڕش نەکردووە، بۆیە دەتوانم بڵێم، بەرپرسە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان هێندە بە قووڵی لە عەقڵییەت و کلتووری ستالینیزمدا نەژیاون تا مەترسی زیندووبوونەوەی حیزبی ستالینیزم لە دوای پێکهێنانی ئەو حیزبە نوێیە بێتە ئاراوە. ئەو ئەندام و کادیرە گەنجانەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە دەوری بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەتەوە، ڕۆڵەی دوای ڕاپەڕین و ڕۆڵەی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتن، ڕۆڵەی سەردەمی جیهانی یەک جەمسەرین و لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوەو لەژێر کاریگەریی کلتووری لیبراڵی نوێ و مرۆڤدۆستی و دیموکراتیدا دەژین، لە ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٧) ئەو گەنجانە چەندینجار چالاکییان دژی دەسەڵاتی ناوەندگەرایی هەرێمی کوردستان نیشانداوە، گەنجان کە مادەی سەرەکیی گۆڕانن چەندە دژی عەقڵییەت و سیستمی خێڵەکی هەرێمی کوردستان دەوەستنەوە، هێندە زیاتریش دژی گەشەکردنی عەقڵییەتی دیکتاتۆری ستالینیزم دەوەستنەوە، لەکاتێکدا ئەگەری دروستبوونی حیزبی ستالینیزم هەیە، کە بە تیۆری پیلانگێڕی کەسانێک هەبن بۆ بەلاڕێدا بردنی بزووتنەوەکە ئەو کارە ئەنجامبدەن.

**ڕۆژنامە: ئایا لە ڕابردوو و لە ئێستادا، هەڵەکانی گۆڕان چی بوون؟**

* بە بڕوای من، یەکەم هەڵەی بزووتنەوەی گۆڕان، تێگەیشتنی هەڵەیە لە سەر مێژوو، گۆڕان مێژووی باش و خراپیی سەرکردەکانی بزووتنەوەکەی خۆی فەرامۆشکردووە، گۆڕان وا خۆی ڕاگەیاند کە تەنیا کوڕی ئەم ڕۆژەیەو هەقی بە سەر ڕابردووەوە نییە، ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەبوو بۆ سیاسەت، لەبەرئەوەی هەر تاک و پێکهاتەیەک ڕابردوو و ئەمڕۆو داهاتووی هەیە، هەرسێکیان پێکەوە کار لە سەر یەک دەکەن و ئەوکات پێکهاتەیەک دروستدەکەن، زۆرێک لەو بەڕێزانەی ئەمڕۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەن، لە ناوەڕاست و کۆتایی حەفتاکاندا، ڕۆڵی سەرەکییان لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی باشووری کوردستاندا بینی و لە ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)دا ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا، کەچی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، خەریک بوو سیفەتی پێشمەرگەیان لێوەربگرنەوەو بە پێکهاتەیەکی دژی پێشمەرگە بیانناسێنن، لە ئەدەبیات و کلتووری ئێستای گۆڕاندا هەست بە گرنگی تێکۆشانی سەردەمی پێش ڕاپەڕینی پێشمەرگەو گەلی کورد ناکەیت، وا هەستدەکەیت گۆڕان و شۆڕشی نوێ لە دوو قۆناغی دابڕاوو دژبەیەکدا دەژین. بەوشێوەیە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان نەیانتوانی مێژووی لایەنە گەشەکەی تێکۆشانی خۆیان بکەنە پاڵپشتی تێکۆشانی ئەمڕۆیان.

هەڵەی دووەمی بزووتنەوەی گۆڕان، فەرامۆشکردنی ستراتیژی بزووتنەوەکەیە، لە دوای دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا، گۆڕان چەندین هەڵەی ستراتیژیی ئەنجامدا، ئەگەر ئەو هەڵانە نەبوونایە قەبارەو کێشی بزووتنەوەی گۆڕان لەوەی ئێستا گەورەترو گرانتر دەبوو، یەک لەو هەڵانە ئەوەبوو، کە بزووتنەوەی گۆڕان تەنیا لەو شوێنانەدا تێکۆشانی بەجدیی دەستپێکرد کە (ی.ن.ک) دەسەڵاتداربوو، سنووری دەسەڵاتی (پ.د.ک) هێند چالاکی بزووتنەوەی گۆڕانی بەخۆوە نەدی.

هەڵەیەکی تەکتیکی کە بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا دووچاری هات، کارکردن بوو بە پەرچەکردار، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی عێراقدا بە پێچەوانەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە، گۆڕان بە پەرچەکردا هەڵمەتی هەڵبژاردنی بەڕێوەبردو بەرنامەکەی خۆی فەرامۆشکرد.



**وا هەستدەکەیت گۆڕان و شۆڕشی نوێ لە دوو قۆناغی دابڕاوو دژبەیەکدا دەژین. بەوشێوەیە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان نەیانتوانی مێژووی لایەنە گەشەکەی تێکۆشانی خۆیان بکەنە پاڵپشتی تێکۆشانی ئەمڕۆیان**

# بزووتنەوەی گۆڕان دەبـ...

هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی پەرلەمانی كوردستان پێكهاتەی سیاسیی كوردی گۆڕی. بەدرێژایی (١٨) ساڵ ئەزموونی حوكمرانی هەرێم، هاتنەكایەو دروستبوونی هێزی سێیەم بە فاكتەری رزگاربوونی دۆخە سیاسییە چەقبەستووەكەی كوردستان دەزانرا، بەڵام ئێستا نەک هەرهێزی سێیەم دروستبووە، بەڵكو پێدەچێت بە هاتنەكایەی هێزێكی نوێ بەناوی (بزووتنەوەی گۆڕان)، ریزبەندیی هێزی دووەمیشی گرتبێت.
هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان تائێستا بەشێوازێكی جەماوەریی و ناڕێكخراو (عەفەوی) كاردەكات و چوارچێوەیەكی روون و دیاریكراوی نییە، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە توانی دوو هەڵبژاردنی گرنگی پەرلەمانی كوردستان و عێراق تێپەڕێنێت و لە ئەزموونی حوكمرانی هەرێمدا واقیعی بەرهەڵستكاریی (ئۆپۆزسیۆنبوون) بچەسپێنێت، بەبێ ئەوەی ئەم هێزە ستراكچەرێكی ڕێكخراوەیی دیاریكراوی هەبێت.
بزووتنەوەی گۆڕان لەماوەی دروستبوونیدا تائێستا چەند هەنگاوێكی گەورەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا هاویشتووە و چووەتە پێشەوە، ئێستا ئەم بزووتنەوەیە پێویستی بە خۆڕێكخستنەوە هەیە.
* ئایا چی بكرێت بۆئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بەشێوەیەكی مۆدێرن ئۆرگانیزە بكرێت؟ * گۆڕان بۆئەوەی فۆرمێكی مۆدێرن، جا لەشێوەی قەوارەی سیاسیدا بێت یاخود حیزبی سیاسی، پێویستە چی بكات؟
* ئایا گۆڕان تەنیا بۆ وێستگەیەكی كایەی سیاسیی و حوكمرانی هەرێم پێویستبوو یان پێویستە ئەم بزووتنەوەیە بەهەمان شێوە دروستەكەی بەردەوامیی بە هەوڵی گۆڕین لە سیستەم و عەقڵی رامیاریی و حوكمڕانیی بدات بە ڕێگەی ملمڵانێی سیاسیی و دیموكراسی و هەڵبژاردن؟.* ئایا لەكاتی ئۆرگانیزەكردنیدا، چی بكرێت بۆ ئەوەی گۆڕان نەبێتە حیزبێكی ستالینیی؟
* ئەم هێزە كە ئێستا بووە بە دیفاكتۆ نكوڵی لە كاریگەربوونی ناكرێت، پێویستە لێرە بەدواوە چۆن كاریگەرتر ماستەرپلانی خۆی بەمەبەستی دیاریكردنی ستراتیژی كاركردنی رەنگرێژ بكات؟
كردنەوەی ئەم تەوەرە بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسیی و دیموكراسییەتە لە هەرێمی كوردستان و عێراقدا و دروستبوونی هێزێكی سیاسیی مۆدێرنە، كە خزمەت بە دیموكراسییەت و حیزبایەتییەكی مۆدێرن و دەستاودەستكردنی دەسەڵات بكات، نەک بەرژەوەندیی تەسكی حیزبیی.

**ئامادەكردنی تەوەر: سیروان رەشید**

## ئاكۆ حەمە كەریم مامۆستای زانستە سیاسییەكانی زانكۆی سلێمانی:

# پێویستە گۆڕان كار لەسەر بەهێزكردنی نەرمەهێز بكات

**رۆژنامە: ئایا گۆڕان تەنیا بۆ وێستگەیەكی كایەی سیاسی و حكومڕانی هەرێم پێویست بوو، یان پێویستە ئەم بزووتنەوەیە بەهەمانشێوە بەردەوامیی بەهەوڵی گۆڕین لە سیستەم و عەقڵی سیاسی و حكومڕانیی بدات؟**

*هەموو حیزب و بزووتنەوەو دیاردەیەكی سیاسی رەنگدانەوەو هەڵقوڵاوی واقیعێكی سیاسی، كۆمەڵایەتی، كلتووریی و ئابووریی كۆمەڵگەیەكی دیاریكراوە، گوزارشت لە پێداویستی و زەرورەتەكانی ژینگەی ئەو كۆمەڵگەیە دەكات، بەواتایەكی دیكە لەدایكبووی ئەو كۆمەڵگەیەو هەڵگری داواو خەم و ویست و خۆزگەو خۆشی و ناخۆشییەكانی هاوڵاتییانە، بزووتنەوەی گۆڕان رەنگدانەوەی زەرورەتی گەشەكردنی كۆمەڵگەی كوردییەو لەدایكبووی چركەساتێكی عەفەوی نییە، یاخود پەرچەكردارێكی خێراو لاشعورییانە نەبوو بەرامبەر ملمڵانێ و كێشە ناوخۆییەكانی كوردستان، بەڵكو هەوڵێكی سیستماتیكی مۆدێرنانە بوو بۆ گۆڕین و ریفۆرمكردنی مـۆدێـل و فـۆرمـی سیاسی كۆمەڵگەی كوردستان و عێراق.

پرۆسەی گۆڕان و ریفۆرم پرۆسەیەكی ستاتیكی جێگر نییەو بە تەنیا تایبەت نییە بە كات و زەمانێكی دیاریكراوەوە، بەڵكو پرۆسەیەكی دینامیكی گشتگیرو بەردەوامەو هەموو بوارو لایەن و دۆخەكان دەگرێتەوە. گۆڕانی راستەقینە لە سیستەم و عەقڵیەتدا روودەدات، نەک لە رووكـەش و یاساكان، كێشەی هەرێمی كوردستان و عێراق كێشەی نەبوونی یاساو دەستوورێكی دیموكراسی نییە!، بەڵكو كێشەی نەبوونی سیستەم و پراكتیك و میكانیزم و ئالیەتی كاركردنە، بۆیە ئەركی بزووتنەوەی گۆڕان بریتییە لە هەوڵدان بۆ گۆڕین و ریفۆرمكردنی سیستمی سیاسیی و ئابووریی و كۆمەڵایەتی هەرێمی كوردستان، نەک بە تەنیا لە رێگەی قسەو رەخنەگرتنەوە، بەڵكو لە رێگەی پێشكەشكردنی پرۆژەو ئامادەكردنی بەدیل و ئەلتەرناتیڤ و بە واقیعی جێبەجێكردنی پەیام و فەلسەفەو گوتارەكان.

واتە نابێت ریفۆرمەكەی بزووتنەوەی گۆڕان تەنیا بە قسەو گوتاری بریقەدار و بانگەشە بێت، وەک هەندێک حیزب ئەنجامیدەدەن، بەڵكو پێویستە ریفۆرمێكی كردارەكی واقیعی بێت و پێش ئەوەی بانگەشەی بۆ بكات خۆی بە واقیعی جێبەجێی بكات و پێوەی پابەند بێت، ئەوكات چانسی پراكتیزەكردن زیاتر دەبێت و هاوڵاتییان زیاتر متمانەیان پێدەبێت، گۆڕانی سیستم كارێكی ئاسان و خێرا نییەو لە شەوو رۆژێک و بەچەند قسەیەک نایەتەدی، بەڵكو پرۆسەیەكی درێژخایەنی لەسەرخۆیەو پێویستی بەپشوودرێژیی و كاری جدیی و قوربانیدان و بوێریی هەیە تا بتوانێت رووبەڕووی ئەو تەحەدییانە بێتەوە كە دێنە بەردەم گۆڕان و ریفۆرم.

**رۆژنـامـە: چـی بكرێت بـۆ ئـەوەی بزووتنەوەی گۆڕان بەشێوەیەكی مۆدێرن ئۆرگانیزە بكرێت؟**

* بۆ رێكخستن و ئۆرگانیزەكردنی بزووتنەوەی گۆڕان، پێویستمان بە بنەماو میكانیزم و ئامانج و عەقڵی سەردەمی و مۆدێرنانەیە، بنیادنانی هەموو رێكخستنێكی نوێ لەو پرسیارانەوە دەستپێدەكات، كە ئێمە كێین؟ و چیمان دەوێت و ئامانجمان چییە؟، میكانیزم و ئالیەتی كاركردنمان چۆنە؟ ئەو بنەما

**یەكێک لە فاكتەرە سەرەكییەكانی سەركەوتنی رێژەیی گۆڕان لە هەڵبژاردنەكاندا، بریتیبوو لە گۆڕینی نوخبەی سیاسی و هێنانە پێشەوەی كۆمەڵێک گەنج و كەسی لێهاتوو شارەزا بۆ كایەی سیاسی**



سیاسی و فیكری و ئایدیۆلۆژی و كلتووری و ئابوورییانە چین، كە كۆی كردووینەتەوەو یەكیخستووین؟ چۆن خزمەتی كۆمەڵگەكەمان بكەین و ئامانجە نەتەوەییەكانمان بهێنینەدی؟

یـەكـەم هـەنـگـاوی گـرنـگ بۆ ئۆرگانیزەكردنێكی مۆدێرنانەی بزووتنەوەی گـۆڕان، بریتییە لە بە دامەزراوەییكردنی Institutionalism بزووتنەوەی گۆڕان، واتە دروستكردنی هەیكەلێكی دامەزراوەیی سیستماتیكی نـوێ، كە ئـەرک و مافەكان بەشێوەیەكی دادپەروەرانەو لەسەر بنەمای لێهاتوویی و كارامەیی دابەشبكرێت و كاریگەرو پەیوەست نەبێت بە تەنیا كەسێک یاخود چەند كەسێكی دیاریكراو، واتە بە گۆڕین و لاچوونی ئـەو كەسە (وەک پێشەواو سـەركـردە) بزووتنەوەكە پەكی نەكەوێت و لاواز نەبێت.

بە دامەزراوەییكردن دژو پێچەوانەی بـە كەسایەتیكردنی حیزبە (شخصنة الحـزب)، كە ئەمڕۆ زۆربـەی حیزبەكانی كوردستان بەدەستییەوە دەناڵێنن و هەموو بڕیارو فرمانەكان لەدەستی تەنیا كەس و گروپێكی دیاریكراودایە، بەپێچەوانەوە لە بەدامەزراوەییكردندا هەموو لایەک بەپێی ئاست و لێهاتوویی خۆی بەشداری دەكات لە دروستكردنی بڕیارەكان و بەپێی قەبارەی خۆی دەستكەوت و بەهاو بەرژەوەندیی بەردەكەوێت و بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی و سیستمیانە كەسی نەشیاو و لێنەهاتوو جێگەی نابێتەوە، نابێت بزووتنەوەی گۆڕان هەمان هەڵە دووبارەبكاتەوەو هەنگاوەكانی حیزب و گروپەكانی دیكە بنێت و هەموو دەسەڵات و بڕیارەكان لەدەستی كـەس و گروپێكی دیاریكراودا كۆبكرێنەوەو بزووتنەوەكە گوزارشت لەچەند كەسێک بكات، بەڵكو پێویستە میكانیزمێكی شەرعی و دیموكراسیانە دابنرێت بۆ دروستكردنی بڕیارو ئاڵوگۆڕی پۆست و دەسەڵاتەكان.

دووەم هەنگاو بۆ ئۆرگانیزەكردنی بزوتنەوەی گـۆڕان، بریتییە لە گۆڕینی نوخبەی سیاسی (Political Elites)، واتە دروستكردن و پێكهێنانی دەستبژێرێكی سیاسی نوێ، كە لەسەر بنەمای لێهاتوویی و شـارەزایـی و پسپۆڕیی بێت، نەک لەسەر بنەمای خەباتی چەكداریی رابردوو و ناسین و هاوڕێیەتی. یەكێک لە فاكتەرە سەرەكییەكانی سەركەوتنی رێژەیی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان و عێراقدا، بریتیبوو لە گۆڕینی نوخبەی سیاسی و هێنانەپێشەوەی كۆمەڵێک گەنج و كەسی لێهاتوو شارەزا بۆ كایەی سیاسی.

ئەگەر سەركردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان لەهەمان سەركردەكانی پێشوو پێكهاتەوەو هەر ئەوان خاوەنی بڕیارو دەسـەڵات بن، ئەوا بزووتنەوەی گۆڕان جگە لە ئینشیقاقێكی حیزبیی هیچی دیكە نییەو رەنگە ئەو لێكدانەوەیە بكرێت، كە لەئەنجامی ناكۆكیی شەخسی و لەسەر دەسـەڵات و پلەوپایە دروستببوون، پێویستە نوخبەیەكی سیاسی گەنج و شارەزا بنیادبنرێت و سیاسەتمەدارە بەئەزموونەكانیش لە رێگەی ئامۆژگاری و پرس و راوێـژەوە هاوكارییان بكەن، بەبێ ئەوەی پۆستی حیزبیی دیاریكراویان هەبێت.

**رۆژنامە: ئایا لەكاتی ئۆرگانیزەكردنیدا، چی بكرێت بۆ ئەوەی گۆڕان نەبێتە حیزبێكی ستالینی؟**

*پێش هەموو شتێک پێویستە بزووتنەوەی گۆڕان خۆی بەدووربگرێت لە هەموو شێوازە تەقلیدیی و كۆنكرێتییەكانی رێكخستن (وەک حیزبە چەپەكان یان حیزبە نەتەوەییەكان لە وڵاتە شكستخواردووەكان)، كە سەرەڕای ئەوەی شێوازێكی كۆنی كلاسیكییەو لەگەڵ رۆحی سەردەمدا ناگونجێت، لەهەمانكاتدا شـێـوازێـكـی نادیموكراسی مـەركـەزی ئۆتۆكراسییەو هیچ پەراوێزێكی ئازادیی و سەربەستی و دیموكراسی ناهێڵێتەوەو دواجار دیكتاتۆریەتی تاكەكەس یاخود بنەماڵەو تەكەتولەكان بەرهەمدەهێنێت لەناو حیزبدا.

باشترین رێگەش بۆ ئـەم مەبەستە دانانی پەیڕەوو پرۆگرامێكی دیموكراسی و لیبراڵیانەیە، كە چەندین رێوشوێن و میكانیزمی توندو كارای لەخۆگرتبێت بۆ دابەشكردنی ئەرک و مافەكان و بەشداریكردنی هەموومان لە دروستكردنی بـڕیـاردا بەشێوازێكی عادیلانە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە چەند خاڵێک لەبەرچاو بگیرێت:-

١- دروستكردنی بڕیار لە خوارەوە بۆ سەرەوە، نەک لەسەرەوە بۆ خوارەوە، واتە باشترە هەموو بڕیارەكان سەرەتا بەشێوەی گفتوگۆو راوێـژ لە ئاستەكانی خـوارەوەی رێكخستن دەستپێبكات و بەشێوەی پێشنیازو پرۆژە پێشكەشبكرێت پاشان لەسەر ئاستی سەركردایەتی، كە دەشێت لە ئەنجومەنێک یان زیاتر پێكبێت بڕیاری لێبدرێت، یاخود ئەو مەسەلانەی كە لە ئەنجومەندا گفتوگۆو بڕیاری لێدەدرێت پێشتر بەشێوەی راپرسیی رای رێكخستنەكانی خوارەوە وەرگیرابێت، واتە هەموولایەک بەهاوبەشی بەشداربن لە پرۆسەی دروستكردنی بڕیاردا.

٢- بەستنەوەی سەرۆک بە ئەنجومەنەوە، بەشێوەیەک سەرۆک نەتوانێت هیچ بڕیارێكی یەكلایەن و سەربەخۆ بدات بەبێ وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەن، یاخود ئەنجومەن بتوانێت لێپێچینەوەو لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆک یان هەر بەرپرسێكی دیكەدا بكات، بەشێوەیەک هیچ لایەک بڕیاری یەكلایەنە نەداو بەدەرنەبێت لە چاودێریی و سانسۆر.

٣- پشتبەستن بە هـەڵـبـژاردن وەک میكانیزمێک بـۆ دیـاریـكـردنـی پۆست و پلەوپایەكان، دیاریكردنی مـاوەی كورتی دیاریكراو لـەو پۆستانەداو رێگەنەدان بەخۆكاندیدكردنەوە زیاتر لە یەكجار، بۆ نموونە ئەندامێتیی ئەنجومەنی سەركردایەتی بۆ سێ یان چوارساڵ بێت و یەكجار توانای خۆكاندیدكردنەوە هەبێت، بۆ ئەوەی رێگا لە قۆرغكردنی دەسەڵات و پۆستەكان بگرێت.

٤- سزاو پاداشت زۆر گرنگە لە كاری رێكخستندا، پێویستە ئالیەتێكی دیاریكراوی ورد هەبێت بۆ سزادانی ئەوانەی لە پەیڕەو دەردەچن و پاداشتی ئەوانەش بكرێت كە بە تواناو لێهاتوون و بە دڵسۆزیی كارەكانیان جێبەجێدەكەن.

٥- كەمكردنەوەی ئیمتیازاتی مادیی و مەعنەویی پۆست و دەسەڵاتەكان بەشێوەیەک عەدالەتێكی كۆمەڵایەتی بهێنێتەدی لەگەڵ ئەندامانی دیكەی رێكخستنەكەدا یاخود وابكات ملمڵانێی توند لەسەر ئەو پۆستانە كەمبكاتەوە.

٦- كاركردن بۆ خۆبەدوورگرتن لە دروستكردنی رێكخستنی فراوان و گشتگیری تەقلیدیی وەک دروستكردنی شانەو پۆل و كەرت و لیژنەو كۆمیتە...هتد، ئەم شێوازە سلبیاتی زۆرە، چونكە لەلایەكەوە شێوازێكی رەق و نادیموكراسیانەیەو دەبێتە هەوڵێک بۆ بە حیزبیكردنی تەواوی كۆمەڵگە، لەلایەكی دیكەوە ناعەدالەتیی بەرهەمدەهێنێت، هەتا ژمارەی ئەندامە رێكخراوە حیزبییەكان زۆربن ناعەدالەتیش زۆر دەبێت، بۆیە باشترە كە ژمارەی ئەندامە حیزبییەكان زۆر كەم بن و لەچەند هەزارێک زیاتر تێپەڕ نەكەن.

ئێستا لە وڵاتە دیموكراسییەكان ژمارەی ئەندامانی حیزبەكان زۆر كەمن، بەڵام لایەنگرو دەنگدەرو جەماوەری زۆریان هەیە، كە زیاتر لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا دەردەكەون، قورسایی حیزب لە زۆریی ژمارەی ئەندامەكانیدا نییە (وەک لە هەڵبژاردنەكانی ئەم دواییانەدا لە كوردستان بینیمان)، بەڵكو لە زۆریی ژمارەی لایەنگرو دەنگدەرەكانیەتی كە لەكاتی هەڵبژاردندا دەنگی بۆ دەدەن.

**رۆژنامە: بزووتنەوەی گۆڕان چی بكات بۆ ئەوەی زۆرترین جەماوەرو لایەنگر بەلای خۆیدا رابكێشێت و ببێتە خاوەنی جەماوەری بەرفراوان لە سەرتاسەری كوردستاندا؟**

* پێویستە بزووتنەوەی گـۆڕان كار لەسەر بەهێزكردن و گەورەكردنی نەرمەهێز (Soft Power) بكات، چونكە كاریگەریی ئەم بزووتنەوەیە لە نەرمەهێزەوە سەرچاوە دەگـرێـت، كە خـۆی لـەو بەهاو كلتوورو سیاسەتە شەرعی و مرۆڤدۆستانە دەبینێتەوە كە باوەڕی پێیەتی و بانگەشەی بۆ دەكات و بەكرداریش پراكتیزەی دەكـات، بەمەش هاوڵاتییان بەلای خۆیدا رادەكێشێت، نەک لەبەرئەوەی لێیدەترسن یاخود بەرژەوەندیی ئـابـووریـی و سیاسییان هـەیـە، بەڵكو لەبەرئەوەی ئەو بەهایانە لەگەڵ ویست و خواست و قەناعەت و داواكانیان دەگونجێت. نەرمەهێز بریتییە لە هێزی سەرنجڕاكێشان كە بەرامبەرەكەت كارێكت بۆ ئەنجامبدات بەبێ ئەوەی داوای ئەوەی لێبكەیت، ئەمەش پێچەوانەی هێزی رەقە (Hard Power)، كە پشتدەبەستێت بە هەڕەشەو سزاو ئیغرای مادیی، كە لەلایەن حیزب و لایەنەكانی دیكەوە بەكاردێت و هاوڵاتییان ناچاردەكەن بەدەر لە ئیرادەی خۆیان ملكەچ بن و ئینتیمایان بۆ ئەو لایەنە هەبێت.

بەشێک لە هاوڵاتییانی كوردستان لە هەڵبژاردنەكاندا دەنگیاندا بە گۆڕان، چونكە كاریگەربوون بە بەهاو كلتوورە سیاسییە نوێیەكانی بزووتنەوەی گۆڕان، واتە گۆڕان لە رێگەی نەرمەهێزەوە جێی خۆی كردەوەو جـەمـاوەری پـەیـداكـرد، نـەک لـە رێگەی هەڕەشەو ناچاركردن و سزاو ئیغراكردنەوە (هێزی رەق). لەم سەردەمی جیهانگیریی و كرانەوەی دیموكراسیدا (نەرمەهێز) رۆڵی گەورەو گرنگ دەگێڕێت، هەتا نەرمە هێزت زیاتربێت سەنگ و قورساییت گەورەترو زیاتر دەبێت و زیاتر جەماوەر لەخۆت كۆدەكەیتەوە، بەپێچەوانەشەوە راستە،

هەروەها پێویستە بزووتنەوەی گۆڕان لە چوارچێوەی پارێزگای سلێمانی دەرچێت و تەواوی شوێن و ناوچەكانی دیكە بگرێتەوە، هەڵبەت لە هەڵبژاردنەكانی رابـردوودا بزووتنەوەی گۆڕان توانی لە پارێزگاكانی دیكە دەنگ بەدەستبهێنێت، بەڵام لەئاستی پێویستدا نەبوو، ئەمەش پێویستی بە ستراتیژو كاری جدیی و بـەردەوام هەیە تا بتوانێت لە ناوچەكانی دیكەشدا هاوشێوەی سلێمانی بنكەی جەماوەریی بۆ خۆی دروستبكات.

## ئەردۆگان دڵنەوایی ئەحمەد تورک دەداتەوە

# ئاشتییەکەی ئۆجەلانیش قۆڵبەست دەکرێت

**شالاو فەتاح**


ئەحمەد تورک لەپاش هێرشکردنەسەری

له (١٩)ی ئۆکتۆبەری ساڵی پاردا (٣٢) کەس لەژێر ناونیشانی گرووپەکانی ئاشتی لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)وە، بەنیازی لێکۆڵینەوە لە دۆخی هەنووکەیی تورکیاو چاودێریکردنی پرۆژەی کرانەوەی دیموکراسی ڕەوانـەی تورکیا کرانەوە، حکومەتی تورکیا بڕیاری ڕاگرتنی گەڕانەوەی ئەو گرووپە ئاشتییانەی دا، کە بەنیازبوون بە چەند قۆناغێک بگەڕێنەوە، هەر دوای ئەوەی پێشوازییەکی فراوانیان لەلایەن جەماوەری کوردی تورکیاوە لێکراو زۆری نەمابوو «کێشەی گەورە» بۆ تورکیا درووستبکەن.

سەرچاوەیەکی بەرپرسی تورکیا، دەربارەی چارەنووسی گەڕاوەکان دەڵێت: «هەشت ئەندامی پەکەکە، کە ماوەی (٢٥) ساڵ شەڕێکی خوێناوییان دژی تورکیا کردووە، حوکمەدرێن‌و بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٠) ساڵ زیندانیی دەکرێن».

زیاد لە (٢٢) کەسی دیکەش، کە ئاوارەی کامپی نەتەوەیەکگرتووەکان بـوون لە ئۆردوگای مەخمور، حوکمی زیاتر لە (١٥) ساڵ زیندانییان بۆ دەرچـووە بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی تیرۆریستی‌و پشتگیریکردنی پەکەکە، کە لەلایەن تورکیاو زۆرێک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە «گرووپێکی تیرۆریستی» لەقەڵەمدەدرێت.

دەربارەی دەستگیرکردنی ئەونوێنەرانەی پەکەکە، کە بە نیازی چاودێریکردنی دۆخی تورکیا هاتبوونەوە ئەنکەرە، ڕایگەیاند: کە ئەوان لە فراوانکردنی مافەکانی کوردو ئازادیی هاوڵاتییان بەردەوام دەبن، بەڵام دەبێت کۆمەڵێک ئیجرائات هەیە بیگرنە بەر.

ئەم هەنگاوەی تورکیاش درێژەدانە بە زنجیرەیەک کاردانەوەی دیکە، دژی سیاسەتی کوردی لە تورکیا، بۆ نموونە ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/١١) بڕیاری داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (دەتەپە) درا، بە «تاوانی بوونی پەیوەندیی لەگەڵ پەکەکە»و بەمشێوەیەش کاری سیاسیی لە دامەزرێنەرانی ئەم پارتە بە ئەحمەد تورکی سەرۆکی پارتەکەشەوە قەدەغەکرا.

لەلایەکی دیکەوە ئەوەی دەنگدانەوەیەکی گەورەبوو پەلاماردانی ئەحمەد تورکی سەرۆکی پارتی یاساغکراوی دەتەپە بوو، ئەحمەد تورک، لە دەرەوەی دادگاو لە شاری سامسون پەلاماردراو بریندارکرا، ئەمەش دوای ئـەوەی لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی لەبەردەم دادگادا پێشکەشکرد، ئەو پیاوەی کە پەلاماری ئەحمەد تورکی دا، تۆمەتبار بوو بە کوشتنی دوو پیاوی دیکە، لەکاتێکدا تورک بەرەو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دەڕۆیشت، ئەم پیاوە هێرشی کردە سەرو برینداری کرد، دواتر ئەم پیاوە کە ناوی ئیسماعیل چەلیک بوو، لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیرکرا، چەلیک پەشیمانیی خـۆی دەربـڕی‌و لە دادگادا ڕایگەیاند: هێرشەکەی بە ئارەزووی خۆی ئەنجامداوە، ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سـەرۆک وەزیرانی تورکیاش، بێزاریی خۆی بەرامبەر بە ڕووداوەکـە دەربڕی‌و هاوسۆزیی بۆ ئەحمەد تورک دەربڕی.

ئەم زنجیرە کاردانەیەوە بەرامبەر سیاسیی‌و پارتە کوردییەکان (بە یاسایی‌و نایاساییەوە) ڕەخنەیەکی زۆری لەسەر سیاسەتی تورکیا دروسـتـکـردووەو هەندێک پەیڕەوکردنی ئـەو سیاسەتە بە «مەترسی» دادەنێن، هەر بۆ نموونە دوای ئەوەی پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی (بەدەپە) لەجیاتی دەتەپەی یاساغکراو دامەزرێنرا، هەڕەشەیەکی فەرمیی لەم پارتەو سیاسییەکانی لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە کـرا، مێهمەت عەلی شاهینی، سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا هۆشداریی دایە پەرلەمانتارانی پارتی لەکارخراوی دەتەپە، کە ئاگاداربن‌و «دەرس لە ڕابردوو وەربگرن» بۆ ئەوەی لەداهاتوودا ڕووبەڕووی هەمان چـارەنـووس نەبنەوە، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانییدا لە پایەتەختی تورکیا شاهین، لە ناوەندی مانگی دوانزەی ساڵی پاردا وتی: «ئەگەر ئەم هاوڕێیانە دەیانەوێت سیاسەت بکەن‌و خزمەت بە جەماوەری تورکی بکەن، دەبێت بەکارەکانی ڕابردوویاندا بچنەوە، بۆ ئەوەی ڕابردوو دووبارە نەبێتەوە».

دواتـرو لە ئۆپەراسیۆنێکدا پۆلیسی تورکیا چەندین کەسی دەستگیرکرد، لەنێویاندا چەند سەرۆک شارەوانییەکی کورد هەبوون کە پێشتر سەر بە پارتی دەتەپە بوون، ئەمەش بە تۆمەتی «بوونی پەیوەندیی لەگەڵ پەکەکە»، سایتی (بی.بی.سی) بەریتانی لە ڕاپۆرتێکدا باسی لە دەستگیرکردنی هەڵسوڕاوانی سیاسیی‌و ڕێکـخـراوەیـی کـوردەکـان کـردو وتـی: هێرشەکە لە (١١) پارێزگا ئەنجامدراوە، لەدژی دوو پارتی یاساغکراو، یەکەمیان، پەکەکەو دووەمیان، دەتەپە.

هـەرچـەنـدە ئەنکەرە ویستی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد زیاد لە هەر کاتێک زیاتر دەردەخـات، بەڵام زنجیرەی ڕووداوەکـانـی کۆتایی ساڵی پارو سەرەتای ئەمساڵ ڕەخنەیەکی زۆری ڕووبەڕووی ئەو وڵاتە کردووەتەوە، ئێستا لە ناوخۆو دەرەوەی تورکیادا ڕەخنەی ئەوە لە تورکیا دەگیرێت، کە جدیی نییە لە پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسیداو ڕاپۆرتی پەرلەمانی ئەورووپاش لەسەر بارودۆخی تورکیا لە ساڵی (٢٠٠٩)دا ڕەخنەی لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی تورکیا گرت.

ئەمە جگەلەوەی پێنجشەممە (٨)ی ئازاری ئەمساڵ، خانمە سیاسەتمەداری ناسراوی کورد (لەیلا زانا) بە تۆمەتی «بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی تیرۆریستی» بۆ ماوەی سێ ساڵ حوکمدرا، لەکاتێکدا تەنیا وتاری بۆ جەماوەر خوێندبووەوە، لەیلا زانا، پێشترو بۆ ماوەی (١٠) ساڵ حوکمدرابوو، ئەمەش دوای ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٨)داو بەپێی یاسای دژەتیرۆری تورکیاو لەسەر دوو وتار لە دیاربەکرو لەبەردەم خۆپیشاندانێکی جەماوەریی کوردەکاندا، حوکمدرا.

پێشتریش لە سـەرەتـای ئەمساڵدا حکومەتی تورکیا فشاری خستەسەر حکومەتە ئەورووپییەکان بۆ فشار خستنەسەر میدیای کوردی لە وڵاتانی خۆیان، بەتایبەت ئەوانەی بە پڕۆپەکەکە دادەنـرێـن‌و لەو نێوەندەشدا دوو پەرلەمانتاری کوردی پێشووی تورکیا دەستگیرکراون‌و کەناڵی (ڕۆژ تیڤیش) داخرا.

# تورکیا، هەرێم دەکاتە پێگەی ستراتیژی خۆی لە عێراق

**ئا: ڕۆژنامە***

له لۆبی ئوتێلێکی هەولێردا کە یەکەم شوێنی گـۆڕانـی سیاسەتی دبلۆماسی تورکیایە بەرامبەر هەرێمی کوردستانی عێراق، ئایدن سەلجەنی کونسولی نوێ باسی لەو پێشوازییە گەرمە کرد کە لێی کراوە لە چەند ڕۆژی پێشوودا. سەلجەن قومێکی لە چاییەکەی خواردەوەو وتی، «پێموانییە، دبلۆمات لەمە باشتری دەستبکەوێت».

پەیوەندییەکان لە کۆتایی (٢٠٠٧)دا خراپبوون، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەنکەرە هێرشی کـردە سـەر پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەچەند ناوچەیەک لەناو هەرێمی کوردستاندا، ئەو گرووپەی کە بۆ مافی زیاتری کوردەکانی تورکیا دەجەنگن. پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان زۆربەی کات نائاسایی بووە، ئەمەش لەبەر کەمینە کوردەکەی ناو تورکیا، بەتایبەت دوای لادانی ڕژێمی سەدام حسێن لە (٢٠٠٣)دا، چونکە دوای ئەو ساڵە، هەستی نەتەوەیی کوردەکان زیادیکرد.

هەتا ئەمدواییانەش، تورکیا حکومەتی هەرێمی بە فەرمیی‌و وەک کیانێکی سیاسیی نەدەناسی، بەڵام لەئێستادا، بەرژەوەندیی هاوبەشی ئابووریی‌و واقیعی جیۆپۆلەتیکی عێراقی دوای ئەمریکا، فشاری خستووەتەوە سەر هەردوو لا بۆ ئەوەی هاوکاری یەکتر بکەن. خاڵی وەرچەرخان ئەوکاتە بوو کە ئەمریکا ڕازیبوو، زانیاریی موخابەراتی بداتە تورکیا، ئەمەش بەپێی ڕای شیکاروانێک، ڕێگەی بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم‌و تورکیا خۆشکرد.

ئێستا کـە ئەمریکا دەیـەوێـت لە کۆتایی (٢٠١١)دا تـەواوی هێزەکانی بکشێنێتەوە، کوردەکان تەواوی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆیان بۆ ڕێگرتن لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک بەکاردەهێنن، پەیوەندیی دارایـی‌و دبلۆماسی لەگەڵ تورکیاش یەکێکە لەوانە.

بە ڕای یوست هیڵتەرمان لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، تورکیا فراوانبوونی نفوزی ئێران لەعێراقدا بە «هەڕەشە» دەزانێت. هیڵتەرمان وتی، ئەنکەرە پەیوەندیی خۆی بە حکومەتی هەرێمەوە وەک مانەوەی پێگەی ستراتیژیی خۆی دوای دەرچوونی ئەمریکا دەبینێت. جیا لەمەش، حکومەتی تورکیا لەژێر پارتی دادو گەشەی ئیسلامیدا، سیاسەتی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ دراوسێکاندا تەبەنی دەکات، بۆ ئەوەی لانیکەم تورکیا بکاتە شوێنی گواستنەوەی وزە لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا. گازی سرووشتیی کوردستان، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پڕۆژەی هێڵی (نابوکۆ) کە نەوت لە ڕێی تورکیاوە بۆ ئەورووپا دەگوازێتەوە.

سەلجەن وتی، «ئامانجمان ئەوەیە ببینە تەوەری گواستنەوەی هێڵەکانی وزە، دیدگای ئابووریی سەرۆک وەزیرانمان، ڕەخساندنی ئابوورییەکی یەکگرتووەو ڕۆژێک دێت کە هەست بە بوونی سنوور ناکەین لەنێوان تورکیاو عێراقدا».

لەئێستادا تورکیا ئامادەگییەکی بەرچاوی ئابووریی هەیە لە هەرێمی کوردستانداو (٨٠٪)ی فرۆشراوەکانی هەرێم لەلایەن تورکیاوە هـاوردە دەکرێن. ئـاراس قادر، شیکاروانی ئابووریی لە هەولێر دەڵێـت، (٥٥٪)ی کۆمپانیا بیانییەکان کە ناویان لە هەرێم تۆمارکردووە، تورکین. ئەمانەش لە چەندین پڕۆژەی بیناکردنەوەدا بەشدارییان کـردووە، وەکو ڕێگاو دوو فڕۆکەخانەو ئەکادیمیایەکی پۆلیس.

ساڵی پار، کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی تورکی، دەستیکرد بە هاوردەکردنی نەوت لە کێڵگەی تەقتەقەوە، هەرچەندە لەئێستادا هەناردەکردن ڕاوەستاوە بەهۆی بوونی کێشەوە لەنێوان حکومەتی هەرێم‌و بەغدادا لەسەر یاساییبوونی گرێبەستە نەوتییەکان.


ئیبراهیم خەلیل، دەروازەیەک بۆ هاتنە ناوەوەی تورکیا

تەنیا سەرچاوە سرووشتییە دەوڵەمەندەکەی هەرێم سەرنجی تورکیای ڕانەکێشاوە، بەڵکو وەک فەلاح مستەفای بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکییەکانی حکومەتی هـەرێـم وتی: «کوردستان دەروازەی بزنسە بۆ عێراق»، کوردستان وەک بازاڕێکی بەدیلی بەغدا بۆ ئەو وەبەرهێنانەی دەیانەوێت جێگەیەک لە عێراقدا بدۆزنەوە، دەردەخات.

فـەلاح مستەفا وتیشی، «ئـەم هەرێمە دەتوانێت ببێتە پردێکی باش بۆ تورکیا تا بێتە ناو بازاڕی عێراقەوە». هەرچەندە هاندەرە ئابوورییەکان بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا زۆر بەهێزن، بەڵام هێشتا قورسە کە لە کاریگەریی سیاسەت دووربخرێنەوە. لە ساڵی (٢٠٠٧)دا ژمارەی کۆمپانیا تورکییەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا کرانەوە، (١٤٧) کۆمپانیا بوون، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٨)دا بوون بە (٥٢) کۆمپانیا، بەڵام هەردوولا کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بە گەشەکردنێکی بەرچاو لە پەیوەندییەکاندا دەبینن‌و گەشبینن بەوە.

کرانەوەی دیموکراسی بۆ چارەسەری کێشەی ناوخۆیی کوردەکانی تورکیا ئاڵۆز بووە بەهۆی بانگکردنی پارتێکی سیاسیی کوردییەوە لەلایەن دادگـاوە. هەرچەندە کۆمپانیا تورکییەکان، هێشتا دێنە ناو هەرێمەوە، بـەڵام شـەڕی نێوان سوپای تورکیاو پەکەکە نوێبووەتەوە. لەوبارەیەوە، هادی عەلی، سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی سەرەکیترین پارتی ئیسلامیی هەرێم وتی: «ئێستا بیرۆکەی بەکارهێنانی سوپا (لە هەرێمی کوردستاندا) لاوازو لاوازتر دەبێت، بەڵام شتەکان هەمیشە پێچەوانە دەبنەوە».

*** لە فاینانشیاڵ تایمزی بەریتانییەوە وەرگیراوە.**

## «هیوادارم، ئامانجی هاوپەیمانیی لە پۆستی سەرۆک کۆمار گەورەتر بێت»

# وتەبێژی لیستی عێراقییە بۆ ڕۆژنامە : «نابینە ئۆپۆزسیۆن»


مەیسون دەمەلوجی

هەستیار قادر

وتەبێژی لیستی عێراقییە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە قایل نابن ببنە ئۆپۆزسیۆنو سەبارەت بە ئەگەرەکانی پێکهێنانی حکومەتیش لەلایەن هەردوو لیستە شیعەکەوە، دەڵێت: «زۆر ئەگەرمان لەبەردەمدایە، دوایینیان کشانەوەیە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق».

سەبارەت بە پۆستی سەرۆک کۆماریش، مەیسون دەمەلوجی، وتەبێژی لیستی عێراقییە، ئاماژە بەوە دەکات، کە گرنگی بەو پۆستە نادەن، «چونکە فەخرییە»و سەرسوڕمانی خۆشی دەردەبڕێت لە سووربوونی لیستی هاوپەیمانیی لەسەر وەرگرتنی ئەو پۆستەو دەڵێت: «هیوادارم خواستی لیستی هاوپەیمانیی لە پۆستی سەرۆک کۆمار گەورەتربێتو کێشەی عێراقیش لەو پۆستە گرنگترە».

لە سەروبەندی مشتومڕەکانی پێکهێنانی حکومەتدا کە لەلایەک لیستی عێراقییە بە مافی خۆی دەزانێت حکومەت پێکبهێنێت، بەوپێیەی بە کۆکردنەوەی (٩١) کورسی لە پلەی یەکەمی کوتلەکانی پەرلەمانی نوێدا دێتو لەلایەکی دیکەشەوە هەردوو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیو دەوڵەتی یاسا وەک نوێنەری شیعەکان نایانەوێت سازش لەسەر دەسەڵاتی سیاسیی بکەنو لە هەوڵدان بۆ جاری سێیەم، پۆستی سەرۆک وەزیران بۆ خۆیان بێت. مەیسون دەمەلوجی، وتەبێژی لیستی عێراقییە، بێئاگایی لیستەکەی لە کودەتایەک دەردەبڕێت کە لەلایەن دوو لیستە شیعەکەوە لە دژی لیستی عێراقییە بکرێت بۆ دوورخستنەوەیان لە پرسی پێکهێنانی حکومەت وەک یەکەم کوتلەی پەرلەمانو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە زانیاریمان سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئەو دوو لیستە نییە، بەڵام بەپێی دەستوور، لیستی عێراقییە مافی خۆیەتی کە حکومەت پێکبهێنێت وەک گەورەترین کوتلەی پەرلەمان»و ڕەخنەشی لە هەوڵی دوو لیستە شیعەکە گرت بۆ پێکهێنانی حکومەت لەبری لیستی عێراقییەو ڕایگەیاند: «ئەو لایەنانەی دیکە دەیانەوێت خاوەن پڕۆژە نیشتمانییەکان دووربخەوە».

سووربوونی دوو لیستە شیعەکە لە پێکهێنانی حکومەت، چەندین ئەگەر دەخاتە بەردەم لیستی عێراقییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆسیەیەدا، وتەبێژی لیستی عێراقییە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە قایلنابن بکرێنە ئۆپۆزسیۆنی حکومەت لەپەرلەمانداو سەبارەت ئەگەرەکانی بەردەمیشیان لەباری بێبەشکردنیان لە پێکهێنانی حکومەتدا، دەمەلوجی دەڵێت: «چەندین ئەگەرمان لە پێشە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشەیەداو کشانەوە لە پرۆسەی سیاسیی، دوا ئەگەرە کە پەنای بۆ دەبەین».

پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماریش، یەکێکە لەو گرێیانەی دیکە کە هاوسەنگیی هاوپەیمانیی نێوان لیستی هاوپەیمانیی کوردستانو لیستە شیعەکانو عێراقییە دەگۆڕێت، بەوپێیەی پێشتر تاریق هاشمی، ئەندامی لیستی عێراقییە بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بانگەشەی هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو پۆستەی دەدا وەک کەسایەتییەکی عەرەبی سوننە، هەرچەندە دەمەلوجی ئاماژەی بەوەدا، کە تا ئێستا وەک لیستی عێراقییە کەسیان بۆ ئەو پۆستە نەپاڵاوتووە، بەوپێیەی کە بەلای ئەوانەوە سەرۆک کۆمار پۆستێکی فەخرییەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە «کێشەی عێراق لە پۆستی سەرۆک کۆمار گەورەترە».

وتەبێژی لیستی عێراقییە، ڕەخنەی لە سووربوونی کوردیش گرت، بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستەو وتی: «هیوادارم، خواستو ئامانجی لیستی هاوپەیمانیی زیاتر بێت لە پۆستی سەرۆک کۆمار».

---

## «عێراقییە» لە شیعەکان یاخی دەبێت

# « ئۆپۆزسیۆنبوونی سوننە، زیان بە کورد دەگەیەنێت»

ڕۆژنامە

**شیعەکان گەلەکۆمەکێ لە لیستی عێراقییە دەکەنو لە بازنەی پێکهێنانی حکومەت دەیکەنە دەرەوەو لە بەرامبەریشدا عێراقییە هەڕەشەی پاشەکشێ لە پرۆسەی سیاسیی دەکاتو پەرلەمانتارێکی کوردیش ئاماژە بەوە دەکات، کە بوونی «عێراقییە» بە ئۆپۆزسیۆن دەرئەنجامی باشی بۆ کورد نابێت**



### گەلەکۆمەکێ لە عێراقییە دەکرێت

بەپشتبەستن بە ڕوونکردنەوەی دادگای فیدراڵی عێراقیی، کە مافی بە کوتلەی زۆرینەی پەرلەمانی داوە حکومەت پێکبهێنێت لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسای خاوەن (٨٩) کورسیو لیستی ئیئتلافی نیشتمانی خاوەن (٧٠) کورسی هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێک بۆ پێکهێنانی یەک کوتلەی پەرلەمانی تا بتوانن حکومەت پێکبهێنن، وێڕای تێبینییەکانی ڕەوتی سەدر، کە زۆرینەی کورسییەکانی لیستی ئیئتلافی نیشتمانی هەیە، پۆستی سەرۆک وەزیرانو چەند پرسێکی دیکەی تائێستا بوونەتە بەربەست لەبەردەم ڕاگەیاندنی ئەو هاوپەیمانێتییەداو بەپێی ڕاپۆرتە هەواڵێکی ڕۆژنامەی حەیاتی چاپی لەندەن، لیستی دەوڵەتی یاسا، کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات چەند مەرجێکی هەیە بۆ یەکگرتنیان لەگەڵ لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیدا، لەوانە: دەبێت سەرۆک وەزیران بۆ حیزبی دەعوە بێت، ئەگەر لەسەر دووبارە کاندیدکردنەوەی مالیکی ڕێکنەکەوتن دەیگۆڕن بە حەیدەر عەبادی، یان وەلید حلی، ئەگەر لەسەر ئەو دوو پاڵێوراوەش ڕێکنەکەون لیستی دەوڵەتی یاسا بەناچاریی پشتیگریی پاڵاوتنی ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکی ڕەوتی چاکسازیی نیشتمانی دەکات بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران، کە لەنێو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیدایەو لە ڕاپرسییەکەی ڕەوتی سەدردا بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، حیزبی دەعوە ڕێنادات پرسی وەرگرتنی ئەو پۆستە لە ئیرادەی ئەو حیزبە بچێتەدەرەوە، بەوپێیەی لەبەرامبەردا ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی، کە یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی لیستی ئیئتیلاف، عادل عەبدولمەهدیو بەیان جەبری بۆ ئەو پۆستە پاڵاوتووە، هاوکات لیستی ئیئتیلافیش تێبینیی لەسەر کارنامەی حکومەتی داهاتوو و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی وەزیرانو مەرجە گرنگەکانی کەسێتی سەرۆک وەزیرانو وەزیرەکانی حکومەتی داهاتوو هەیە.

لەوچوارچێوەیەشدا حەمید ڕەشید موعللە، وتەبێژی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی ڕایگەیاند: «هەردوو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیو دەوڵەتی یاسا، ڕێکەوتوون لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق».

### عێراقییە یاخی دەبێت

دەنگۆی لێکنزیکبوونەوەی هەردوو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیو دەوڵەتی یاسا چانسی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی بۆ لیستی عێراقییە بێهێزکردووەو بە هێندێک، کە لیستی عێراقییەو پێکهاتە سوننەکانی لێدوانی هەڕەشەئامێز بەرامبەر بە سەرگرتنی ئەو هەنگاوەی شیعەکان بەکاردەهێنن، کە تا دەگاتە ئاستی کشاندنەوەی لە پرۆسەی سیاسییو گەڕاندنەوەی عێراق بۆ سەردەمی کۆمەڵەی نیشتمانی، کە تیایدا نوێنەری زۆربەی سوننەکان لە پرۆسەی سیاسیدا بوونیان نەبوو و بە دیوێکی دیکەشدا عێراقییە نایەوێت بە دەردی لیستی بەرەی تەوافوق بچێت، کە لە کابینەی پێشی حکومەتی عێراقیدا کشایەوەو بە دوورکەوتنەوە لە دەسەڵاتیش زۆرینەی کورسییەکانی دۆڕاند.

لەو چوارچێوەیەشدا لیستی عێراقییە لە بەیاننامەکەدا ڕایگەیاند: هەوڵی هەردوو لیستە شیعەکە بۆ پێکهێنانی حکومەت لێدانی مافی هەڵبژاردنی لیستی عێراقییەیەو بەڕوویدا دەوەستن، تا ئاستی پاشەکشێکردن لە پرۆسەی سیاسیی عێراق.

پەنجەی هەڕەشەو ڕەخنەکانی لیستی عێراقییە بۆ هەردوو لیستە شیعەکە بەتایبەت لیستی دەوڵەتی یاسا بەوەوە نەوەستاو گەیشتە ئاستی تۆمەتی کڕینی ئەندامانیانو لەبەیاننامەیەکی دیکەیدا لیستی عێراقییە ئاماژە بەوە کراوە، کە هەندێک لە لایەنە پێکهێنەرەکانی لیستی دەوڵەتی یاسا هەوڵی ئیغراکردنی ئەندامانی لیستی عێراقییە دەدەنو ئەو هەوڵانەی لیستی دەوڵەتی یاساش شکستی هێناوەو ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانەش بێزێزییە بەرامبەر بە پەیوەستبوون بە بەهای دیموکراتییەوە.

هاوکات بەڕای ئەندامێکی هەڵبژێردراوی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، یەکگرتنی دوو لیستە شیعەکە، وادەکات لیستی عێراقییە کاردانەوەی سلبیی هەبێت.

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی هەڵبژێردراوی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەگەر هەردوو ئیئتیلافەکە یەکبگرنو ببنە یەک لیست، دەتوانن سەرۆک وەزیران لەوان بێت، بەڵام ئەگەر تەنیا هاوپەیمانیی پێکبهێنن، نابنە یەک کوتلە، ئەگەر لیستی عێراقییە هەست بکات لەوبارەیەوە غەدری لێکراوە، دەستوور جێبەجێ نەکرا، مومکینە کاردانەوەی توندیان هەبێتو دەرئەنجامەکەی باش نەبێت».

### ئۆپۆزسیۆنێکی مەترسیدار

لەباری پێکهێنانی کوتلەی هاوبەش لەنێوان دوو لیستە شیعەکەو دوورخستنەوەی لیستی عێراقییە لە پێکهاتەی حکومەت، یان قایلنەبوونی لیستی عێراقییە بە بەشداریی حکومەت لەبری سەرۆکایەتیکردنی حکومەتەکە، ئەگەرەکانی بەردەم لیستی عێراقییە بچووک دەبنەوە بۆ ئۆپۆزسیۆنبوونو بە بڕوای د. مەحمودیش، لە واقیعی ئێستای عێراقدا، ئەگەرزۆرە حکومەت ئۆپۆزسیۆن سەرکوت بکات.

ئۆپۆزسیۆنبوون لەنێوان شیعەو سوننەدا لە پەرلەمانی عێراقدا پەیوەندییو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کورد دەبێتو چاودێران لەو باوەڕەدان، کە بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی شیعە لە ئۆپۆزسیۆنی سوننە بۆ کورد باشترەو د.مەحمود عوسمانیش، ئەو بیرۆکەیە پشتڕاست دەکاتەوەو پێیوایە؛ بوون بە ئۆپۆزسیۆنی سوننەکان کارێکی باش نییەو لەوبارەیەوە دەڵێت: «کورد لەگەڵ لیستی عێراقییە دوو کێشەی هەیە، ئەگەر لیستی عێراقییە ئامادەبن سیاسەتی خۆیان بگۆڕنو بیانەوێت کێشەکان لەگەڵ کورد بگۆڕن، ئەوان زیاتر دەتوانن چارەسەری بکەن، بەتایبەت کە لیستی عێراقییە لە ناوچەکانی (١٤٠)دا باڵادەستنو ئەگەر نەشیانەوێت بیکەن دەتوانن کێشەی زۆرمان بۆ دروستبکەنو هەقە کوردیش لەو نێوەندەدا نەبێتە لایەنو لایەنگریی لایەنێکی دیاریکراو نەکاتو کار بۆ جێبەجێکردنی دەستوور بکات».

# جێگری سەرۆکی یەکێتیی خاوەنکاران:

# سلێمانی بە ئەزمەیەکی بێکاریدا تێدەپەڕێت

**سازدانی: ڕۆژنامە**

جێگری سەرۆکی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان/ لقی سلێمانی هۆشداری دەدات، کە لە ئێستادا سلێمانی بە ئەزمەیەکی بێکاریدا تێدەپەڕێتو هۆکاری ئەم بێکارییەش دەگەڕێنێتەوە بۆ دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمو فەشەلهێنانی کەرتی پیشەسازیی لە هەرێمی کوردستان.

سوارە محەمەد، جێگری سەرۆکی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان/ لقی سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات؛ بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستانەوە ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاو بەڵێندەرو وەستاو کرێکار لە سلێمانیدا بێکاربوون.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی، سوارە محەمەد باس لەوە دەکات، کە لە ئێستادا ئەو دیاردەیە دروستبووەتەوە کە خەڵک بە کارگەو دوکانەکاندا دەگەڕێن بۆ کار، لە کاتێکدا ئەم دیاردەیە لە ساڵی (١٩٩٥)ەوە کۆتایی پێهاتبوو.

جێگری سەرۆکی یەکێتیی خاوەنکارانی سلێمانی، هۆکارێکی دیکەی ئەم بێکارییە دەگێڕێتەوە بۆ فەشەلهێنانی کەرتی پیشەسازیی لە هەرێمی کوردستانو دەڵێت: کارگەکانو بازار ئیشی تیانەماوە، چونکە ئەو کاڵایانەی کە لێرە دروستدەکرێن، بەنیوەی تێچووەکەیان لە دەرەوە هاوردە دەکرێنو دەهێنرێنە کوردستان، جگە لەوەی کوالێتییەکەیان لەوەی ئێرە باشترە.

سوارە محەمەد ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە ئەگەر حکومەت قەرزی درێژخایەن بدات بەخاوەن کارگەکانو باجیان لەسەر لابەرێت، جارێکی تر کارگەکان دەکەونەوە کارو هەر کارگەیەکیش ئەگەر کار بۆ (٥)خێزان دابینبکات لە سلێمانی کە (٥٠٠٠)کارگە هەیە، ئەوکاتە (٥٠) هەزار کەس لە سلێمانی کاریان دەستدەکەوێت.

ئەو خاوەنکارە باس لەوەش دەکات کە ئێستا زۆرێک لە کۆمپانیاکان کرێکاری بیانی بەکاردەهێنن بۆ پڕۆژەکانیانو بەم هۆیەشەوە بەشێک لە کرێکاری خۆماڵی بێکاربوون، چونکە کرێکاری خۆماڵی ئیشکەرنین، وەک کرێکارە بیانییەکان، چونکە حیزبەکانو حکومەت کرێکاری خۆماڵییان فێری مووچە کردووە، نەک کار.

بە بڕوای سوارە محەمەد، ئەم ئەزمەی بێکارییە لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمیش هەیە، بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر، چونکە بە بڕوای ئەو، لە هەولێر پڕۆژەی زیاتر هەیە، بەراورد بە سلێمانی.

ئەگەرچی کەرتی بازرگانیی لە هەرێمی کوردستان بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام سوارە محەمەد پێیوایە، کەرتی کشتوکاڵ بە ڕێژەی یەکەمو پاشان کەرتی پیشەسازیی بە ڕێژەی دووەم، دەبنە هۆی کەمبوونەوەی بێکاریی، جگە لەوەش ئەگەر بودجە بتوانێت کەرتی تایبەت ببووژێنێتەوە، ئەوکاتەش بێکاریی کەمدەبێتەوە.



سوارە محەمەد، جێگری سەرۆکی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان/ لقی سلێمانی

# ـــەمان پەسەند نەکرد؟

## ـــەبارەت بە بودجەی خەمڵێنراوی (٢٠١٠)



فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن دەنگیان بۆ بودجەی ٢٠١٠ی هەرێم نەدا

هەردوو دیوانی چاودێریی. هەرچەندە ئەم پێشنیازەش وەک مادەیەکی یاسایی لەسەر داوای فراکسیۆنی گۆڕان خرایە دەنگدانەوە، بەڵام دوای هەموارکردنی لەلایەن هەردوو لیژنەی یاساییو داراییەوە بەشێوەیەکی ناڕۆشن دەنگی لەسەر درا، چونکە لە کاتێکدا فراکسیۆنی گۆڕان یەکگرتنەوەی هەموو ئەو دامودەزگایانەی وەک پێشمەرجی سەرفکردنی بودجەکانیان پێشنیازکرد، بەڵام لە مادە پێشنیازکراوە هەموارکراوەکەدا تەنیا باس لە یەکخستنەوەی بودجە کرا، نەک یەکخستنەوەی ئیدارە.

١٣. پڕۆژەی وەزارەتەکان بەپێی پسپۆڕیی وەزارەتەکان بێت، واتە هیچ وەزارەتێک لە دەرەوەی پسپۆڕیی خۆی هیچ پڕۆژەیەک ئەنجامنەداو هیچ پڕۆژەیەک پێشنیاز نەکات.

١٤. ڕاگرتنی عەدالەت لە پڕۆژەی پارێزگاو قەزاو ناحیەو ناوچە جیاوازەکاندا بەگوێرەی دوو پێوەر:

– ژمارەی دانیشتووان.

– ئەولەویەتی ناوچە زەرەرمەندەکان.

ئەم پێشنیازەی فراکسیۆنی گۆڕان خرایە دەنگدانەوەو پەسەندکرا.

١٥. دیاریکردنی میزانییەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم بەشێوەیەکی ڕۆشن، بەجۆرێک سەرۆکی دیوانی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە ئامادە بن بۆ وردکردنەوەو شیکردنەوەی.

١٦. پاراستنی سەربەخۆیی بودجەی دەسەڵاتی دادوەریی کە بە یاسا ڕێکخراوە لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی دەسەڵاتی دادوەرییو دەسەڵاتی یاسادا.

١٧. دیاریکردنی بڕی بودجەی تەرخانکراو بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان بە ڕێژەی (١٧٪)کە لە ناوەند وەردەگیرێت.

١٨. دیاریکردنی بودجەی «پەیوەندییەکانو نووسینگەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات» هاوپێچ لەگەڵ دۆکیۆمێنتو خشتەو داتای پێویستدا.

١٩. خەمڵاندنی ئەو گوژمانەی کە بۆ سەندیکاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەرفدەکرێن، جیاکردنەوەی بە بودجەیەکی تایبەت کە دەستەیەکی سەربەخۆی سەر بە پەرلەمان چاودێری بکات.

٢٠. هاوسەنگی ڕابگیردرێت لەنێوان پڕۆژە پێشنیازکراوەکان (المقترح من الدائرە)و پەسندکراوەی وەزارەتەکانو دامودەزگاکانی حکومەت.

٢١. تەرخانکردنی هەموو ئەو گوژمە پارانەی کە لە خاڵەکانی (١-١١) گلدەدرێنەوە بۆ:

– ئەو پڕۆژانەی کە خزمەتی کەرتی بەرهەمێنان دەکەنو کوردستان لە هەرێمێکی بەرخۆرەوە دەکەنە هەرێمێکی بەرهەمهێن.

– پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتی لە گەڕەگە هەژارنشینەکانو گوندو شارۆچکەو ئۆردوگاکاندا، لەپێناو گەشەکردنێکی ئاسۆییدا.

– بەرزکردنەوەی مووچە نزمەکان وەک لە پڕۆژەیاسای هەموارکردنی مووچە لە خاڵی (٦)دا هاتووە.

– هاوتاکردنی مووچەی فەرمانبەران لەنێوان هەولێرو سلێمانیدا. ئەم پێشنیازەی فراکسیۆنی گۆڕان خرایە دەنگدانەوە، پەسەندکرا.

– دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجانو بێکاران بە هەردوو ڕەگەزەکەوە لە هەرسێ کەرتی تایبەتو گشتیو تێکەڵاودا.

– زیادکردنی مووچەی کەسوکاری شەهیدان، قوربانییانی ئەنفالو کیمیاباران، کەمئەندامانو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان. فراکسیۆنی گۆڕان داوایکرد، ئەم پێشنیازە بخرێتە دەنگدانەوە بۆ زیادکردنی مووچەی کەسوکاری شەهیدان، قوربانییانی ئەنفالو کیمیاباران، کەمئەندامانو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، بەڵام سەرۆکایەتیی پەرلەمان ڕەتیکردەوە بخرێتە دەنگدانەوە.

– جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٤)ی (٢٠٠٦)ی ئیتحادی بۆ هاوتاکردنی مووچەی زیندانییانی سیاسیی کوردستان بە وانەی عێراق. فراکسیۆنی گۆڕان داوایکرد ئەم پێشنیازە وەک مادەیەکی یاسایی بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام لە لایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانو ژمارەیەک لە ئەندامانی لیستی کوردستانییەوە ڕەتکرایەوە.

– زیادکردنی مووچەو دەرماڵەی پێشمەرگە، ئاسایش، هێزە چەکدارەکانو پۆلیسو هێزەکانی ناوخۆو هاوتاکردنیان بە مووچەی ئەوانەی بەغدا. ئەم پێشنیازە لەسەر داوای فراکسیۆنی گۆڕان خرایە دەنگدانەوە، بەڵام تەنیا هاوتاکردنی مووچە پەسەند کراو هاوتاکردنی دەرماڵە نەخرایە دەنگدانەوە.

– نەهێشتنی سیمای حیزبیو سزای حیزبیی لەو هێزانەدا (وەک مەرجی جیاکردنەوەی بودجەی حیزب لە بودجەی حکومەت)، هاوکات لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە سزای سیاسی دراون لە ئەفسەرو پلەدارو سەربازو مووچەخۆرەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، پێشمەرگە، فەرماندەیی، ئەرکان، ئاسایشو پاسەوانی سنوور، کە ژمارەیان زیاتر (١٥٠٠) کەسە، کۆی مووچەی بڕاویان لە بودجەی گشتی بە دەورووبەری (٥)ملیارو (٤٨٠) ملیۆن دینار مەزەندە دەکرێت. فراکسیۆنی گۆڕان داوایکرد، پێشنیازی گێڕانەوەی مووچەی ئەو فەرمانبەرانەی کە وەک سزای سیاسی مووچەیان بڕاوە بخرێتە دەنگدانەوە، پێشنیازەکە وەک مادەیەکی یاسایی بەکۆی دەنگ پەسەندکرا.

– بڕینەوەی بیمەی بەردەوام بۆ هەموو ئەوانەی کە تووشی نەخۆشی درێژخایەن بوون، یان دووچاری قەیرانی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، هەروەها مووچەی خانەنشینی بۆ هەموو ئەو کرێکارو شۆفێرو بەهەمهێنانەی چوونەتە تەمەنەوە، یان لەکاتی کاردا تووشی قەیرانی تەندروستی هاتوون.

– زیادکردنی بودجەی پڕۆژەکانی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان، بەبێ پڕۆژە حیزبییەکان، وەک بەشێک لە پڕۆژە نیشتمانییەکان لەسەر ئاستی هەرێم. واتە بەنیشتمانیکردنی سندوقی پشتیوانیی ئەو ناوچانە. ئەم پێشنیازەی فراکسیۆنی گۆڕان پەسەندکرا.

٢٢. هەموو ئەو زیادکردنە کە دەچێتە سەر مووچە دوای پەسەندکردنی بودجە لەسەرەتای ساڵی (٢٠١٠)وە ئەژمار بکرێتو بەسەر یەکەوە بدرێت. ئەم پێشنیازە وەک پێشنیازێکی هاوبەشی وەزارەتی داراییو فراکسیۆنی گۆڕان پەسەندکرا.

٢٣. فراکسیۆنی گۆڕان داوایکرد، بودجەی خەمڵێنراو بە زووترین کات بەپێی ئەو خاڵانەی سەرەوە هەمواربکرێتو لە شێوەی کۆمەڵێک دۆکیۆمێنتی فەرمیدا بگەڕێنرێتەوە، هاوکات لە سایتی حکومەتو پەرلەماندا بڵاوبکرێتەوە، کە بریتین لە:

– لیستی تەواوی «میزانیەی مینحەو پارە گلدراوەکان» وەک لە خاڵی (٣)دا هاتووە.

– لیستی هەموارکراوی پڕۆژە بەردەوامەکان بە وردیی (واتە: ناوی پڕۆژەکە، پێناسەی پڕۆژەکە، شوێنی پڕۆژەکە، کاتی پڕۆژەکە کەی دەستپێدەکاتو کەی تەواودەبێت).

– لیستی هەموارکراوی پڕۆژە پێشنیازکراوەکان بە وردیی (واتە: ناوی پڕۆژەکە، پێناسەی پڕۆژەکە، شوێنی پڕۆژەکە، کاتی پڕۆژەکە کەی دەستپێدەکاتو کەی تەواو دەبێت).

– لیستی هەموارکراوی ئیرادات، میلاکات، وردەکارییەکانی میزانیەی جاریەو هەموو وردەکارییەکانی دیکەی تایبەت بە بودجەی خەملێنراو.

– حیسابی خیتامی (٢٠٠٨)و حیسابی خیتامی نیوەی یەکەمی(٢٠٠٩).

– ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی هەردوو ئیدارەی سلێمانیو هەولێر.

– میزانی موراجەعەو هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە دەریدەخەن (منح، تبرعات، اعانات، مصروفات أخرى لە ٢٠٠٨و ٢٠٠٩)دا چۆن سەرفکراون.

– لیستی سیستمی مووچەی هەرێم وەک لە خاڵی دەیەمدا هاتووە.

سەرەنجام، دوای ئەوەی کە کۆی ئەم پێشنیازو سەرنجانە بە وردیی لەلایەن ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕانەوە خرانەڕوو، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش داوای ناردنەوەی بودجە کرا بۆ حکومەت، بەڵام پاش هێشتنەوەی بودجەو پاش ئەوەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانو زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان ڕازی نەبوون کە بەشی هەرە زۆری پێشنیازەکانی فراکسیۆنی گۆڕان وەک کۆمەڵێک مادەی یاسایی لە پڕۆژەیاساکەدا جێگیر بکرێن، فراکسیۆنی گۆڕان بڕیاری دا پڕۆژەیاسای بودجەی خەملێنراو ڕەتبکاتەوە، تا ئۆباڵی پەسەندکردنی ئەو بودجەیە، بە هەموو ئەو کەلێنو ناڕۆشنیو ناعەدالەتییەوە، لە ئەستۆ نەگرێت.

**فراکسیۆنی گۆڕان**
**لە پەرلەمانی کوردستان**
**هەولێر ١٥/ ٤/ ٢٠١٠**

# وەزارەتی نەوت ئەرکەکانی ڕژێمی بەعس لە کەرکوک تەواو دەکات

**ڕۆژنامە**


گرنگترین ئامێرەکانی بیرهەڵکەندنی کەرکوک دەگوازرێتەوە بۆ بەسرە

وەزارەتی نەوتی عێراق، بڕیاردەدات بە دامەزراندنی چەند عەرەبێک لە کۆمپانیای نەوتی باکوورو هەروەک بڕیاری گواستنەوەی چەند ئامێرێکی بیرهەڵکەندنی نەوت لە کەرکوکەوە بۆ بەسرە دەدات، چاودێران و پسپۆڕانی ئابووریش ئەو هەنگاوانە بە مەترسیی وەسفدەکەن و پێیانوایە: وەزارەتی نەوت هەمان سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشوو پەیڕەو دەکات.

بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی نەوتی عـێـراق، کە ئاراستەی کۆمپانیای نەوتی باکووری کردووە، داوادەکات کۆمپانیای ناوبراو (١٥٠) عەرەب لە کۆمپانیاکە دابمەزرێنێت، هەروەک وەزارەتـی نەوت بـڕیـاردەدات چەند ئامێرێکی بیرهەڵکەندنی نـەوت لە کەرکوکەوە بگوازێتەوە بۆ کێڵگەکانی نەوت لە باشووری عێراق.

ڕێبوار فایەق، سەرۆکی لیژنەی نـەوت و پیشەسازیی و کانزاکان، لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: وەزارەتی نەوت هەمان سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشووی عێراق پەیڕەودەکات و بەبێ پرسکردن بەپارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک فەرمانبەر لە کۆمپانیاکە دادەمەزرێنێت و هەموو بڕیارەکان لە مەرکەزەوە دەردەچێت، جگەلەوەش هەنگاوەکانی وەزارەتی نەوت هۆکاری لاوازکردن و پووکانەوەی کەرتی نەوتی کەرکوکە.

لە ساڵی (٢٠٠٥)دا، وەزارەتی نەوت دوو ئامێری بیرهەڵکەندنی نەوتی لە کەرکوکەوە گواستەوە بۆ کێڵگەکانی بەسرە، بە مەرجی گەڕاندنەوەیان، هەروەها هەرچەند بڕیاربوو (١٢) ئامێری هەڵکەندنی بیری نـەوت ڕەوانەی کەرکوک بکرێت، بەڵام تائێستا بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە، جگەلەوەش ماوەیەک بەر لەئێستا وەزارەتی ناوبراو بڕیاریدا بە گواستنەوەی دوو ئامێری بیرهەڵکەندنی گەورە لە کەرکوکەوە بۆ بەسرە، هاوکات پسپۆڕانی بواری ئابووریی پێیانوایە: گواستنەوەی ئەو ئامێرانە بەتاڵانبردنی ژێرخانی کەرتی نەوتە لە شاری کەرکوک.

د.بایەزید حەسەن، پسپۆڕی بواری ئابووریی و ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند: بڕیاردراوە بە گواستنەوەی دوو ئامێری بیرهەڵکەندنی گەورە لە کەرکوکەوە بۆ بەسرە، کە لە باشترین جۆرەکانی ئامێری بیرهەڵکەندنی نەوتە، پرۆسەی گواستنەوەی ئامێرە گرانبەهاکانی نەوت لە شاری کەرکوکەوە بۆ بەسرە، لەلایەن وەزارەتی نەوتەوە ساڵانێکە بەردەوامە.

کۆمپانیای نەوتی باکوور، کە زیاتر لە (١٢) هەزار فەرمانبەرو کارمەندی هەیە، ڕێـژەی کـوردی کۆمپانیاکە بـە کەمتر لـە (٢٠٪) دادەنـرێـت و ڕێـژەی عەرەبەکان بە زیاتر (٧٠٪) دادەنـرێـت، بەڵام ڕێـژەی عـەرەب لە بەرزبوونەوەدایەو بەپێی دوابڕیاری وەزارەتـی نەوت (١٥٠) فەرمانبەری عەرەب دادەمەزرێنرێن.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیژنەی پڕۆژەکان و بنیادنان لە ئەنجومەنی پـارێـزگـای کـەرکـوک، ڕایگەیاند: بەرپرسانی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە دەرەوەی کەرکوک خەڵک دەهێنن بۆ دامەزراندن، ئەوەش دژی کوردە، چونکە ئاشکرایە پێشتر ڕێژەیەکی زۆر کەمی کورد لە کۆمپانیای نەوتی باکوور کاریانکردووە، لەبەرئەوە دەبێت دامـەزرانـدن بە شێوەیەکی دادپەروەرانەبێت لەنێوان نەتەوەکانداو لە هەمانکاتدا پێویستە ئەو کەسانەی دادەمەزرێنرێن دانیشتووی کەرکوک بن.

وتیشی: «ئەگەر کۆمپانیای نەوتی باکوور لەسەر ئەم کارانەی بەردەوام بێت، ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگا ناڕەزایی دەردەبڕین و هەڵوێستمان دەبێت.

بەپێی یاسای بودجەی ساڵـی (٢٠١٠)ی عێراق بۆ هەر بەرمیلێک نـــەوت، بــڕی (١) دۆلار بـۆ ئەو پارێزگایەی نەوتی لێ بەرهەمدەهێنرێت تەرخاندەکرێت. لەئێستادا کەرکوک (٧٠٠) هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەمدەهێنێت.

# بـۆچی بودجـــ
# ڕاپۆرتی فراکسیۆنی گۆڕان ســـ



دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێـژ لەناو هۆڵی پەرلەماندا، کە چەندین دانیشتنی یەک لەدوایەکی بەدوای خۆیدا هێناو دەیان سەعات درێـژەی کێشا، دوای ئـەوەی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان هاودەنگ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن و ژمارەیەکی دیکەی ئەندامانی پەرلەمان توانییان چەندین کەلێن و کەموکورتی بودجەی خەمڵێنراوی ساڵی (٢٠١٠)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕای گشتیی کوردستان ئاشکرا بکەن و بڕێک هەموارکاریی ئیجابی لە پڕۆژەیاسای بـودجـەدا ئەنجامبدەن. لەگەڵ ئەوەشدا فراکسیۆنی گۆڕان بڕیاری دا، پڕۆژەیاسای بودجەی خەملێنراو پەسەند نەکات. هۆکاری ئەو هەڵوێستەی فراکسیۆنی گۆڕان لە چەند خاڵێکدا چڕدەبێتەوە کە گرنگترینیان:

- بـودجـەی خەمڵێنراوی (٢٠١٠) بودجەیەکی ناڕۆشن و نازانستییە.
- چەندین کەلێن و لادانی دارایی تێدایە.
- خزمەت ناکات بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و گەشەی مـرۆیـی و بنیادنانی ژێرخانی ئابووریی.
- نەیتوانیوە بودجەی حیزب لە بودجەی حکومەت جیابکاتەوە.
- چـەنـدیـن پـــڕۆژەی وەهـمـی دووبارەبووەتەوەو ناڕۆشنی تێدایە.
- چارەنووسی ملیۆنەها دۆلار، چ وەک داهـات، چ وەک مینحە، چ وەک میزانیەی مـدەوەر، چ وەک شمەکی غەیرە مادیی.. دیار نییەو وەڵامی ڕۆشن دەربارەیان چنگ نەکەوتوون.
- هیچ پلانێکی ستراتیژیی ڕۆشن لەخۆناگرێت بۆ پێشخستنی ئابووریی و کەرتی بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاریی و بەرخۆریی.
- لەکاتێکدا بودجەی خەمڵێنراو بە چەندین مانگ دواکەوتووەو لە کاتی خۆیدا نەگەیشتووەتە پەرلەمان، کەچی دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامەی پێویست لەگەڵ بودجەکەدا نەنێردراوە.
- هاوکات ڕاپۆرتی لیژنەی دارایـی و ئابووریی پەرلەمان نەیتوانیوە تیشک بخاتە سـەر ئـەو ناڕۆشنی و کەموکورتییانەو نەیتوانیوە ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە.
- وەڵامی وەزیرە بەڕێزەکانیش لەناو هۆڵی پەرلەماندا ناتەواوبوون و هاودژیی لەنێوان قسەکانیاندا هەبوو، وەزیرەکان وەڵامـی بەشێکی زۆری پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمانیان نەدایەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرنجانەو هەموو ئەو زانیارییە گرنگانەی کە لەناوەوەو دەرەوەی وڵات، لەلایەن چەندین هاوڵاتیی دڵسۆزو چەندین پسپۆڕی بواری ئابووریی و بودجەسازیی بەسوپاسەوە پێمان گەیشتن، بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان ئەوەی خواست کە ئـەم بودجەیە وەک ئـەوەی ئێستا هەیە پەسەند نەکرێت. فراکسیۆنی گـۆڕان حوکمێکی پێشوەختی نەبوو بۆ ڕەتکردنەوەی بودجە، زۆر بە ڕۆشنی داوای کۆمەڵێک هەموارکاریی (تعدیلات)ی کرد کە بریتیبوون لە:

١. کەمکردنەوەی هەموو دەروازەکانی (بەخشین، تبرعات، هاوکاری، مصروفات أخری) لە هەموو وەزارەتەکان بێجگە لە هـەردوو وەزارەتـی تەندروستی و کارو کـاروبـاری کۆمەڵایەتی بـەبـڕی(٩٠٪)، هەروەها هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم بەبڕی(٥٠٪). ئەم پێشنیازەی فراکسیۆنی گـۆڕان خرایە دەنـگـدانـەوە، بـەڵام تەنیا کەمکردنەوەی (٥٪)ی بەخشین و هاوکاریی پەسەند کرا. پاشان لەسەر داوای فراکسیۆنی گۆڕان (٥٪)پارەی گلدراوەی بەخشینەکان کە نزیکەی (٢٠)ملیار دینار بوو تەرخانکرا بۆ کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان.

٢. هەڵگرتنی هەموو ئەو پڕۆژانەی کە:

- بۆ حیزب تەرخانکرا بـوون یان بۆ سەنتەرو ڕێکخراوەکانی نزیک لە حیزب گلدرابوونەوە.
- ئەو پڕۆژانەی کە دووبارەبوون یان بەڕوونی دیارینەکرابوون.
- ئەو پڕۆژانەی کە پێشتر تەواوبوون و سەرلەنوێ پارەیان بۆ تەرخانکرابووەوە.
- هەموو پـڕۆژە وەهمییەکان کە لە بنەڕەتدا بوونیان نەبوو.
- هەموو ئەو پڕۆژانەی کە بودجەی گشتییان خستبووە خزمەتی کەرتی تایبەت.

٣. داوایەکی دیکەی فراکسیۆنی گۆڕان بریتیبوو لە ناردنی میزانیەیەکی هاوپێچ بـەنـاوی «میزانیەی مینحەکان و پـارە گلدراوەکان»، کە چارەنووسی زیاتر لە (٦) ملیارو (٤٠٠)ملیۆن دۆلاری تێدا دیاریبکرێت سەبارەت بەو پارەو پڕۆژە جۆراوجۆرانەی کە لەپای گرێبەستەکانی نـەوت و پارەی گلدراوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک هاتوونەتە کوردستانەوە، چییان بەسەر هاتووە؟ لە چ خەزینەیەکدا پارێزراون؟ کەی سەرفکراون؟ چۆن سەرفکراون؟ چەندی ماوەتەوەو چۆن لە پلانی ئایندەدا خەرجدەکرێت؟ لەگەڵ هەموو زانیارییە پێویستەکان لەو بارەیەوە بە خشتەو ژمارەو داتای پێویستەوە.

٤. ئاشکراکردنی پارەی گەڕاوە (المیزانیە المدورە)ی هەموو وەزارەتە تازەکان و هەموو وەزارەتە هەڵوەشاوەکان.

٥. خەملاندنی ئەو گوژمەیەی کە لە (یەک دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک)ی کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگاکانی هەرێم بەرهەمدەهێنرێن و تۆمارکردنیان لە لیستی داهاتدا.

٦. هاوکات لەگەڵ پەسەندکردنی بودجەدا، پڕۆژەیاسای هەموارکردنی سیستمی مووچە لە هەرێمدا، کە لە پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی(٢٣/ ٢/ ٢٠١٠) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا پەسەندبکرێت.

٧. پێداچوونەوەی لیستی خەمڵێنراوی ئیراداتی سەرجەم وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێم بەشێوەیەک، کە بڕی داهاتەکانیان لەگەڵ سروشتی کاریاندا هاوتابێت و بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو لۆجیکیی بێت نەک کەمتر، لەگەڵ ئاشکراکردنی چارەنووسی داهاتی ئەو نەوتەی کە بە پاڵاوگەی یاسایی و نایاساییدا تێدەپەڕن و لە خاڵە سنورییەکانەوە دەفرۆشرێن، هەروەها داهاتی باج و ڕسوماتی ئەو ئیرادەی کە بەپێی مادەکانی (١١٠، ١١٤، ١١٥)ی دەستووری عیراق بەشێکن لە داهاتی هەرێم، هەروەها داهاتی هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی.

٨. دیـاریـکـردنـی چـارەنـووسـی ئەو سەدان ملیار دینارەی کە لەنێوان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی کارەبادا دیارنەماوە.

٩. کەمکردنەوەی بودجەی ئەنجومەنی وەزیران بەجۆرێک لەگەڵ دروشمی تەرشیقدا بگونجێت نەک بەپێچەوانەوە، چونکە لەکاتێکدا (٩) وەزارەت هەڵوەشاونەتەوە، کەچی بودجەی ئەنجومەنی وەزیران بەبڕی زیاتر لە (١٣٠)ملیار زیادیکردووە. زیاتر لە (٢١٨) ملیار دانراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کەچی لە شەش مانگی یەکەمی(٢٠٠٩) بە (٢٨) وەزارەتەوە کەمتر لە (٤٦)ملیار سەرفکراوە.

١٠. ڕوونکردنەوەی سیستمی مووچەو دەرماڵە بەشێوەیەکی ڕوون کە هەموو داتاو ژمارەکان لەخۆبگرێت سەبارەت بە:

- فەرمانبەران بە هەموو پلەکانیانەوە (لە فەرمانبەری ئاساییەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتیی و خاوەن پلە تایبەتەکان) لە هەموو وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتدا.
- خانەنشینان (لە خانەنشینی ئاساییەوە بۆ ئەوانەی بەپلەی تایبەت خانەنشینکراون).
- ئەو مووچەخۆرو فەرمانبەرانەی کە مووچەی حکومەت وەردەگرن و دەوام ناکەن (وەک کادیرە حیزبییەکان بۆ نموونە).

١١. هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی هەموو ئەو مووچەخۆرە وەهمییانەی کە ئەندامی حیزبن و لە حکومەت مووچە وەردەگرن، واتە ناونیشانی وەزیفییان پێبەخشراوە بێ ئەوەی دەوام بکەن. فراکسیۆنی گۆڕان لەم داوایەدا ئەوەی ڕەچاوکرد کە ئەو مووچانە بوونەتە بەشێک لە مافی وەرگیراو (حقوق مکتسبە) بۆ ئەو کادیرانەی حیزب، بۆیە بۆ ئەوەی خۆیان و خێزانەکانیان تووشی قەیرانی ئابووریی نەبن پێشنیازی کـرد کە مووچەکانیان بچێتە سەر بودجەی حیزبەکانیان، کە بە شێوەیەکی ڕۆشن لە پڕۆژەیاساکەدا بڕیاری لەسەر بدرێت. هاوکات فراکسیۆنی گۆڕان پێشنیازی کرد، هەموو ئەو گوژمە پارانە ببڕدرێن کە لەلایەن حکومەتەوە بۆ ڕاگەیاندنی حیزبە دەسەڵاتدارەکان تەرخانکراون. هەرچەندە ئەم دوو پێشنیازە لە دوایەمین ڕۆژی گفتوگۆکانی بودجەدا لەسەر داوای فراکسیۆنی گۆڕان وەک دوو مادەی یاسای بودجە خرانە دەنگدانەوە، بەڵام دەنگی پێویستیان بەدەستنەهێناو سەرەنجام پەرلەمان شەرعیەتی بەخشی بە بەکارهێنانی بودجەی گشتیی بۆ خزمەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان.

١٢. یەکخستنی بودجەی هەموو ئەو وەزارەت و دەمودەزگایانەی کە سیمای دوو ئیدارەییان پێوە دیارە، بەتایبەتی هەردوو وەزارەتی دارایی (داش سین)و دارایی (داش هـ)، هەردوو ئاسایشی سلێمانی و هەولێر،

# کابینەی شەشەم فەرهەنگخانەکان پەراوێزدەخات

ڕاپۆرتی: شاسوار مامە

فەرهەنگخانەکانی هەرێمی کوردستان، کە لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەلایەن وەزارەتی وەرزشو لاوانەوە دامەزران، لەدوای پێکهێنانی کابینەی شەشەمو یەکگرتنەوەی وەزارەتی وەرزشو لاوان لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیریی، بێ سەرچاوەی دارایی ماونەتەوەو پەراوێزخراون، بەو هۆیەشەوە چالاکییەکانی فەرهەنگخانەکان راگیراون.

بەڕێز حەمەد ئەمین، ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاری فەرهەنگخانەی سەنگەسەر، لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «پاش تێکەڵکردنی وەزارەتی وەرزشو لاوان لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیریی تەنیا بەناو خراوینەتە سەر وەزارەتی رۆشنبیریی‌و لاوان‌و چارەنووسی فەرهەنگخانەکان دیار نییە».

بەڕێز وتیشی: «فەرهەنگخانەکان بێ بوونی بودجە بەڕێوەناچن‌و ئێمە لەدوای کابینەی پێنجەم بودجەمان پێنەدراوەو کرێی خانوو و ئینتەرنێت‌و کارەبا، سەرەڕای خۆبەخشیمان، خۆمان سەرفمان کردووە».

فەرهەنگخانەکان بەهۆی پەراوێزخستنیان لەلایەن کابینەی شەشەمەوە نیگەرانن‌و داوادەکەن چارەنووسی فەرهەنگخانەکان دیاریبکرێت‌و بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخانبکرێت، ئاماژە بەوەش دەکەن؛ سەرەڕای خۆبەخشیی لاوەکان، تائێستا لەسەر ئەرکی خۆیان فەرهەنگخانەکانیان بەڕێوەبردووە، هۆشداریش دەدەنە وەزارەتی رۆشنبیریی‌و لاوان ئەگەر بەزووترین کات وەڵامی داخوازییەکانیان نەدرێتەوە، هەڵوێست وەردەگرن.

هەر لەبارەی ئەم گرفتەوە عەلی حسێن، ئەندامی فەرهەنگخانەی قەڵادزێ، بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەزارەتی وەرزش‌و لاوان لە کابینەی پێنجەم هاوکاریی کردووین، بەڵام دوای دەستبەکاربوونی کابینەی شەشەم هیچ یارمەتییەکمان نەدراوە لە رووی داراییەوە، هەرچەندە ئێمە کارەکانمان تائێستا بەڕێوەبردووە، بەڵام لەمەودوا ناتوانین بەوشێوەیە بەردەوامبین، ئەگەر حکومەت یارمەتیمان نەدات هەڵوێست وەردەگرین».

لەسەردەمی کابینەی پێنجەمدا یەکێک لەو وەزارەتانەی رووبەڕووی زۆرترین رەخنە بووەوە، وەزارەتی وەرزش‌و لاوان بوو، بەتایبەتیش رەخنەکان لەسەر کردنەوەی ئەو فەرهەنگخانانە بوو کە لە زۆربەی قەزاکانی هەرێمی کوردستاندا کراونەتەوە، بەڵام لە ئێستادا ئەرکی کابینەی شەشەمە بە پێشخستنی ئەو فەرهەنگخانانە ئەگەر پێویستن، یان داخستنیان.

هیمداد مەحمود، ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاری فەرهەنگخانەی رانیە، وێڕای جەختکردنەوە لە پەراوێزخستنی فەرهەنگخانەکان، ئاماژەی بەوەکرد؛ فەرهەنگخانەکەیان لە چەندین بەش پێکهاتووەو بەبێ سەرچاوەی دارایی بەڕێوەناچن، لەکاتێکدا لە دەستبەکاربوونی کابینەی شەشەمەوە تائێستا لەسەر گیرفانی خۆمان فەرهەنگخانەمان بەڕێوەبردووە.

هیمداد ئاماژەی بەوەشدا؛ چەندینجار بەدواداچوونیان کردووە بۆ پێدانی بودجە بە فەرهەنگخانەکان، بەڵام پێیانوتراوە بودجەی گشتیی پەسەندنەکراوە، هیمداد راشیگەیاند: بەو هۆیەوە چالاکییەکانیان وەستاون‌و ئەگەر چارەسەری کێشەکانیان نەکەن، هەڵوێست وەردەگرن.

هەر لەوبارەیەوە د.کاوە مەحمود، وەزیری رۆشنبیریی‌و لاوانی حکومەتی هەرێم، بە رۆژنامەی راگەیاند: «داوامانکردووە فەرهەنگخانەکان بخرێنە چوارچێوەیەکی یاسایی‌و وەک سەنتەرو رێکخراوەکانی دیکە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش داوامان لە حکومەت کردووە بودجەی بۆ تەرخان بکات».

وەزیری رۆشنبیریی‌و لاوان ئاماژەی بەوەشکرد؛ فەرهەنگخانەو سەنتەرەکان هیچ جیاوازییان نییەو یەک مانایان هەیە، بەڵام فەرهەنگخانەکان هی لاوان‌و سەنتەرەکانی دیکە گشتین، بۆیە داوایانکردووە لە چوارچێوەی یاسای سەنتەرەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت‌و یاسای سەنتەرەکان بەسەر ئەوانیشدا پەیڕەوبکرێت.

فەرهەنگخانەکان کە لەئێستادا سەر بە وەزارەتی رۆشنبیریی‌و لاوانن، کە ژمارەیان (٣٢) فەرهەنگخانەیە لەگەڵ (٤) رادیۆی لاوان لە شارەکانی رانیەو دهۆک‌و کەرکوک‌و مەخمور، تائێستا چارەنووسیان دیارینەکراوەو لە کابینەی شەشەم هیچ بودجەیەکیان پێنەدراوە.




# تائێستاش لە دامەزراندندا، داوای تەزکیەی حیزبیی دەکرێت

ئاوارە حەمید: هەولێر

تائێستاش لە دامودەزگاکاندا داوای تەزکیەی حیزبیی دەکەن بۆ دامەزراندن، ئەندامێکی لیژنەی ئاسایش‌و ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێیەکان لە پەرلەمانی کوردستان، دامەزراندن بە تەزکیە بۆ رۆژنامە پشتڕاست دەکاتەوە.

جەبار محەمەد، دانیشتووی شارۆچکەی حەریر، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ماوەی پێنج ساڵە هەوڵی دامەزراندن لە دەزگای ئاسایش دەدەم‌و چەندینجار سەردانی هەولێرم کردووە بۆ ئەو مەبەستە، لە رۆژی یەکشەممە (٤/٤)، ناوم گەڕایەوەو لە بنکەی ئاسایشی حەریر بانگیان کردم‌و وتیان ناوت گەڕاوەتەوەو تەزکیەی حیزبمان بۆ بێنە.

ئەو هاوڵاتییە ئاماژەی بەوەشکرد؛ کاتێک سەردانی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردووە بە مەبەستی تەزکیەی حیزبیی، پێیانوتووە تۆ کارت بۆ گۆڕان کردووەو ناکرێت تەزکیەت بۆ بکەین‌و لە ئاسایش دابمەزرێیت.

ئەم داواکارییەی دەزگای ئاسایش بۆ تەزکیەی حیزبیی لە کاتێکدایە، بەپێی یاسای ژمارە (٤٦)ی ساڵی(٢٠٠٤) هەیئەیەکی گشتیی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت، بەڵام لە کوردستان دوو دەزگای ئاسایش هەیە، ئاسایشی هەولێرو دهۆک سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان‌و ئاسایشی سلێمانیش سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

لەوبارەیەوە کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ئاسایش‌و ناوخۆ، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەداخەوە هەست بەوە دەکەین کە هەر کەسێک بیەوێت دابمەزرێت لەسەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتدا، دەبێت تەزکیەی پارتی، یان یەکێتی پێبێت بۆ دامەزراندن، وتیشی: «حیزب دەستی خستووەتە ناو ئەم دەزگایانەو لە هەوڵداین بۆ ئەوەی کە دامەزراندن‌و بەرپرسیارێتی لەسەر بنەمای شارەزایی‌و لێهاتوویی بێت‌و دوور لە تەزکیەو دەستی حیزب بێت».




## ڕوونکردنەوە

لە لاپەڕە (١٤)ی ژمارە (٥٧٥)ی رۆژنامەدا، راپۆرتە هەواڵێکم سەربارەت بە پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان‌و زیادکردنی زەویی زیاتر لە هەقی خۆیان، بڵاوکردەوە.

زانیارییەکانی ناو راپۆرتە هەواڵەکە، وەک ئاماژەیان بۆ کرا بوو، بە پشتبەستن بوو بە نامەی بەرپرسێکی سەر بە دەستەی وەبەرهێنان، کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە. لەو نامەیەدا ئەو بەرپرسە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ژمارەیەک لە پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان بە نایاسایی لەلایەن سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانەوە زەوییان بۆ زیادکراوەو تەرخانکردنی زەوی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەو دەستەیەدا روون نییە لەسەر چ بنەمایەک ئەنجام دەدرێت.

پاش بەدواداچوونی وردترو خستنەڕووی دۆسیەی ئەو پرۆژانەی لە نامەکەدا ئاماژە بە ناوی کۆمپانیای جێبەجێکاریان کراوە، دەرکەوت کە راستە زەوی بۆ پرۆژەکان زیادکراوە، بەڵام زیادکردنەکە بە رەزامەندیی وەزارەتی شارەوانی‌و پاش گۆڕانکاری بووە لە یەکە پێکهێنەرەکانی پرۆژەکان‌و بەگوێرەی پێویستی ئەو پرۆژانە بووە.

لێرەوە روونیدەکەمەوە، ئەگەرچی زانیارییەکانی ناو ئەو نامەیە کە وێنەیەکی لای رۆژنامە پارێزراوە، بۆ رۆژنامەنووس ئاساییە وەک بەڵگەیەک بەکاریانبهێنێت، بەڵام پاش بەدواداچوونی زیاتر لەسەر زانیارییەکان، دەرکەوت کە ئەو زانیاریانەی لەو نامەیەدا خراونەتەڕوو و ئاڕاستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کراون، بەمەبەست یان بێمەبەست بێت، هەڵەن‌و دوورن لە راستییەوە. لەو روانگەیەوە وەک ئەرکێکی ئەخلاقی‌و رۆژنامەنووسانە، رەتیدەکەمەوە کە زەوییەکان بەشێوەیەکی نایاسایی زیاد کرابن، چونکە ئەو بەڵگەنامانەی دواتر دەستمکەوتوون، دەیسەلمێنن کە زانیارییەکان دروست نین.


ڕێبین فەتاح

سەربڕینی ئاژەڵ لە دەرەوەی کوشتارگەو لە سەیرانگاکان بەپێی یاسا قەدەغەیەو سەرپێچیکار سزادەدرێت.
ڕێنمایی ڤێتێرنەری سلێمانی

## زیندانییە سیاسییەکان هەڕەشەی مانگرتن دەکەن

# «لیستی کوردستانیی بەڵێنەکەی نەبردەسەر»

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان



دەسـتـەی داکـۆکـیـی لـە زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان ئاماژە بەوەدەکەن؛ لیستی دەسەڵات لە پەرلەمانی کوردستاندا وەک پێویست وەڵامـی داواکارییەکانیانی نەداوەتەوەو ئەو بەڵێنانەی نەبردووەتەسەر کە لەکاتی مانگرتنیاندا پێیانداون، هاوکات هەڕەشەی مانگرتنیش دەکەن، کە ئەگەر بێتو بە زووترین کات مافو ئیمتیازاتی زیندانییە سیاسییەکان دابیننەکەن.

ڕۆژی (٤/١٣) پرۆژەیاسای بودجەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی لیستی کوردستانیی پەسەندکراو تێیدا داواکاریی سێ ساڵەی زیندانییانی سیاسی فەرامۆشکرا، کە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان پێشنیازیانکرد، کە مافو ئیمتیازات بۆ زیندانییە سیاسییەکان لە پرۆژەکەدا جێبکرێتەوە، بەڵام ئەو پێشنیازە نەخرایە دەنگدانەوەو دووبـارە ئەو مافەی زیندانییانی سیاسیی، کە سێ ساڵە داوایدەکەن پشتگوێخرایەوە.

محەمەد پشدەری، ئەندامو وتەبێژی دەسـتـەی داکۆکیی لـە مافی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگـەیـانـد: لە دانیشتنی پەسەندکردنی بودجەدا لە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی هەردوو لایەنی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنمان هەڵسەنگاند، کە ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ ئەوەبوو کە یاسای ژمارە (٤)ی هەموارکراوی ساڵی (٢٠٠٦)ی پەرلەمانی عێراق لە پرۆژەیاسای بودجەدا جێبکرێتەوەو مافو ئیمتیازات بۆ زیندانییانی سیاسی بگەڕێتەوە، بەڵام لیستی دەسەڵات ئاماژەی بەوەکرد، کە ناکرێت ئەو یاسایە بخرێتە پرۆژەیاسای بودجەوە، بۆیە دراوە بە لیژنەی یاسایی بۆ گفتوگۆکردن».

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو دەستەی داکۆکیی لە مافی زیندانییە سیاسییەکان سەردانی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانیان کـردو یاداشتێکیان بۆ لیژنەی یاسایی پەرلەمان بەرزکردەوە بەمەبەستی پەلەکردن لە خوێندنەوەی یاسا هەموارکراوەکەی عێراق، کە تێیدا سەرجەم مافو ئیمتیازاتەکان بۆ زیندانییانی سیاسی دابینکراوەو ئەو مافە زیندانییانی سیاسی هەرێمیشی گرتووەتەوە، بەڵام ماوەی سێ ساڵە حکومەتی هەرێم زیندانییانی سیاسی کوردستانی لەو مافانە بێبەشکردووە.

د.جەعفەر عەلی، ئەندامی فراکسیۆنی گـۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بـەوەدەکـات؛ داوایـانـکـردووە لە پـرۆژەی بودجەی هەرێمدا مافی مادییش بۆ زیندانییانی سیاسی کوردستان بگەڕێنرێتەوە، بەڵام وەزیری دارایی وتوویەتی دەبێت سەرچاوەی دارایـی بۆ ئەو بودجەیە دابینبکرێت، بۆیە نەخراوەتەوە دەنگدانەوە، وتیشی: «پێمانوایە دەکرا لەبری ئەو سەدان پرۆژە وەهمیو دووبارەیەو ئەو دەیان مەشاریعو پرۆژە حیزبیو کەرتی تایبەتانە هاوکات ئەو پارەیەی کە بۆ ڕاگەیاندنی حیزبییو کادیری حیزبیی تەرخاندەکرێت، ئەو پارانە بۆ زیندانییانی سیاسی تەرخانبکرایە، بەڵام پێشنیازەکەمان پشتگوێخرا». جەختیشی لەوە کـردەوە، کە ڕاستە پرۆژەیاسای بودجە تێپەڕی، بەڵام ئەوان بەردەوام هەوڵدەدەن قەناعەت بەلایەنی دەسەڵات بکەن کە زیندانییانی سیاسی مافی خۆیانە ئەو پارەیە وەربگرن، چونکە ساڵانی پێشوو ئەو بڕە پارەیە هاتووە بۆ کوردستانو نەدراوە پێیان.

بـەڵام سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان، کە هاوکات پەرلەمانتاری لیستی کوردستانییە، خەتاکە دەخاتە ئەستۆی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، هەروەک سالار مەحمود ڕایگەیاند: لەکاتی پەسەندکردنی بودجەدا داکۆکیمان لە زیندانییانی سیاسی کردو پێداگریش بووین لەسەرئەوەی کە دەبێت مافەکانی زیندانییانی سیاسی دەستەبەربکرێت، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو مەسەلەیەی نەخستە دەنگدانەوەو بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشت، ئەگەر بخرایەتە دەنگدانەوە ئێمە دەنگمان پێدەدا.

ئەندامەکەی لیستی کوردستانیی ئاماژەی بەوەشکرد؛ ئەوان لەگەڵ ئەوەدان کە مافو ئیمتیازاتی زیندانییانی سیاسیی بەپێی یاسایەکی تایبەت دەستەبەربکرێت، هەر هیچ نەبێت یاسای ژمـارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) لە پەرلەمانی کوردستانیش جێبەجێبکرێت، وتیشی: «ئەو کارە پەیوەستە بە ڕێوشوێنێکەوە کە دوای پەسەندکردنی بودجە بە عەمەلیی دەگیرێتەبەر، هەربۆیە پرۆژەیەکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، بۆئەوەی وابکەین کە مافو ئیمتیازاتی زیندانییانی سیاسی کوردستانیش لەوانەی عێراق کەمتر نەبێت.

هاوکات فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پرۆژە بڕیاری ژمارە (٣٦)ی لە (٢٠٠٩/١١/١٨)دا بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی پەرلەمانی عێراق دایە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام لەلایەن لیستی کوردستانیی ناو پەرلەمانەوە ئاماژە بەوەکرا، کە پێویستە بە پرۆژەیاسایەکی تایبەت بێت، هەربۆیە فراکسیۆنی گۆڕان پرۆژەیاسایەکی تایبەتی بۆ مافەکانی زیندانییانی سیاسیی نـاردە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام ئەوەش نەخرایە بەرنامەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەری.

ئەمە جگە لـەوەی کـە دوای بینینی چەندجارەی پەرلەمانتارانو سەرۆکی پەرلەمانو سێجار ڕێپێوانو (٩) ڕۆژ مانگرتن لەبەردەم نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستانو وەرگرتنی بەڵێن لە لیستی دەسەڵات، کە کار بۆ داواکارییەکانیان بکات، تائێستا کێشەی زیندانییە سیاسییەکان بە بنبەست نەگەیشتووە.

هەربۆیە ڕۆژی (٤/١٤) دەستەی داکۆکیی لە زیندانییانی سیاسیی بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتووە؛ «ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێت کە تائێستا خوێندنەوەی یەکەم بۆ یاسای ژمارە (٤)ی پەرلەمانی عێراق نەکراوە، ئەمە دوای چەندین بەڵێنی زارەکیی، هەربۆیە داوادەکەین کە پەلە لە خوێندنەوە بۆ ئەو یاسایە بکرێتو وەک خۆی جێبەجێبکرێت».

هەروەک وتەبێژەکەی دەستەی داکۆکیی لە زیندانییە سیاسییەکان وتی: «هەرچەندە لە مانگرتنەکەماندا لیستی کوردستانیی بەڵێنی کارکردن بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانمانی پێداینو هەر بەو هۆیەشەوە مانگرتنەکەمان شکاند، بەڵام بینیمان وەک پێویست وەڵامی داواکارییەکانیان نەدایەوەو ئەو بەڵێنانەی کە پێیانداین نەیانبردەسەر، کە بەداخەوە دەبوو لەو ماوەیەی کە لە بەردەستیاندابوو خوێندنەوەیان بۆ ئـەو یاسایە بکردایە، چونکە پتر لە سێ ساڵە ئەو یاسایەیان لەبەردەستدایەو تائێستا خوێندنەوەیان بۆ نەکردووە، لەبەرئەوە ئەگەر لە نزیکترین ماوەدا ئەو داواکارییەمان جێبەجێنەکرێت، ئەوا دەستدەکەینەوە بە مانگرتنی سەرتاسەریو ئەمجارە بەڵێنە زارەکییەکان کارمان تێناکات».

## خۆپیشاندانی خوێندکاران، پەرەدەسێنێت

# لێپێچینەوە لە خوێندکارە خۆپیشاندەرەکان دەکرێت

ڕاپۆرتی: ئاوارە حەمید،
سۆکار عەبدوڵا، شکار موعتەسەم

خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری سلێمانی، سەر لەبەیانی ڕۆژی (٤/١٨) درێژەیان بەخۆپیشاندانەکەیانداو داوای ئازادکردنی هاوڕێکانیان کـرد، کە لە خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی پێشتریاندا، نزیکەی (٥٠) خوێندکاریان لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە بەهۆی کەوتنەوەی توندوتیژییەوە لێی دەستگیرکرابوون.

ئەم خوێندکارانە ڕۆژی(٤/١٧) ڕژانە سەر شەقامەکانو داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردەیان دەکرد کە بەپێی ئەو بڕیارە، نمرەکانی پۆلی (١٠ و ١١ و ١٢) بۆ خوێندکاران ئەژماردەکرێت لە وەرگرتنیان لە زانکۆو پەیمانگاکان، بەو هۆیەشەوە توندوتیژیی ڕوویداو شووشەی پەنجەرەکانی پـەروەردەی سلێمانی شکێنران.

حسێن شێخ مستەفا، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەوەی ئەو خوێندکارانە داوای دەکـەن لە سیستمی نوێدایەو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانو بڕیاری کۆنگرەی پەروەردەییە، کە دەبێت بڕیاری کۆنگرە لە کۆنگرەدا هەڵبوەشێتەوەو هەمووشی لە بەرژەوەندیی خوێندکارانە».

هـەر بۆ پشتگیریی لـەو داوایـەش، خوێندکارانی ئامادەییەکانی کـەلارو ڕانیەو قەڵادزێو هەولێر خۆپیشاندانیان کـردو ڕژانـە بـەردەم بەڕێوەبەرێتیی پـەروەردەی ناوچەکانیان، بەڵام بەشێک لـەو بەڕێوەبەرێتییانە بێدەسەڵاتیی خۆیان لەبەردەم گۆڕینی سیستمی نوێی پەروەردەدا دووپاتکردەوە.

ئـەم خۆپیشاندانەی خوێندکارە ئامادەییەکان دوای (٢)ڕۆژ هات بەسەر مانگرتنی خوێندکارانی کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانیدا، وەک نارەزاییەک لەبەرامبەر دیارینەکردنی ناونیشانی پیشەیی گونجاو بۆیانو لەو چوارچێوەیەشدا ڕۆژی(٤/١٤) خوێندکارانی ئەو کۆلێژە چوونە بەردەم سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانیو شەقامی سەرەکییان داخست.

لەلایەکی دیکەیشەوە ڕۆژی(٤/١٨) خویندکارانی کۆلێژی یاساو ڕامیاری، بەشی ڕامیاری زانکۆکانی هەولێرو سلێمانیو کۆلیژی چەمچەماڵ بەشی بەیانیانو ئێواران بۆ هەمان مەبەست خۆپیشاندانیان بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیران ئەنجامدا.

بارزان محەمەد، یەکێک لەخۆپیشاندەران بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند «مەبەست لەم خۆپیشاندانەمان گۆڕینی ناونیشانی دەرچوونمانە کە بە یاریدەدەری تێبینەر دادەمـەزرێـیـن، بـۆیـە داواکـاریـن کە دامەزراندنمان شایستەی خوێندنەکەمان بێتو بە توێژەری سیاسی دابمەزرێین».

بەبڕوای پسپۆڕانی پەروەردەیی، ئەم خۆپیشاندانانە دەرئەنجامی کۆمەڵێک کەموکووڕییە لەسیستمی نوێی پەروەردەداو پێدەچێت خۆپیشاندانەکان فراوانتریش بن، بەڵام بەرپرسانی پەروەردەیی جەخت لەوە دەکەنەوە کە ناتوانن لە ئێستادا سیستمی پـەروەردە بگۆڕن، چونکە لە کۆنگرەی پەروەردەییدا بڕیاری لەسەر دراوە.

مامۆستا کەمال نـوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەو خوێندکارانەمان ڕاگەیاند کە ئەمە بڕیارێکی پـەروەردە نییە، تا ئێستا بیگۆڕین، بەڵکو ئەمە سیستمە، ئەم سیستمە بە ئێمە ناگۆڕێت، بەڵکو دەبێت بچێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمان».

ئەوەی لە ئێستادا جێگەی نیگەرانیی خـوێـنـدکـارە خـۆپـیـشـانـدەرەکـانـی ئـامـادەیـیـەکـانـە، ئـەوەیـە کـە لەسەر بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندانەکاندا لەلایەن بەڕێوەبەرەکانیانەوە ڕووبەڕووی سزا دەبنەوەو کەسوکاریان بانگدەکرێت.

لەمبارەیەوە، خوێندکارێکی دواناوەندی ژیـنـی کـچـان ئاشکرایکرد «ڕۆژێـک دوای خۆپیشاندانەکەی ئامادەییەکان بـۆ بـەردەم پـەروەردەی سلێمانی، بـەڕێـوەبـەری خوێندنگە لە گۆڕەپانی خوێندنگەکەدا کۆیکردوینەتەوەو وێڕای سەرزەنشتکردنمان لە بەشداریکردن لەو خۆپیشاندانە، داوای لێکردووین بۆ ڕۆژی دواتر کەسوکارمان بێت بۆ قوتابخانە».

ئـەو خـوێـنـدکـارە وتـیـشـی: «ئـەو خـوێـنـدکـارانـەی کـە بـەشـداریـی ئەو خۆپیشاندانەیان کردووە، ناویان لە تۆماری سەرپێچی خوێندنگەدا تۆمارکراوە».

بەڵام وەک خوێندکاران خۆیان ئاماژەی پێدەکەن، لە ئێستادا وازیان لە تاقیکردنەوەو چوونە ناو هۆڵەکانی خوێندن هێناوەو جەخت دەکەنەوە کە تەنانەت ئەگەر ئەمساڵ لە خوێندنیش دەرنەچن، ئەوا دەست لە داواکارییەکانیان هەڵناگرن.

لـە بـەرامـبـەر ئـەو داواکـاریـیـەی خوێندکاراندا، د.سـەردار قادر، سەرۆکی بەشی زانستە ڕامیارییەکان لە زانکۆی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کێشەی دیاریکردنی ناونیشانێکی پیشەیی گونجاو بۆ خوێندکارانی زانستە ڕامیارییەکان لە تـەواوی زانکۆکانی کوردستاندا بوونی هەیەو جەختیشی کردەوە لەوەی کە ئەو داواکارییانە ڕەوانو خوێندکاران مافی خۆیانە داوای ناونیشانێکی پیشەیی گونجاو بکەن.

د.سـەردار ئاماژەی بەوەشکرد؛ ئەم کێشەیە بەر لە (١٨)مانگ پێش ئێستا لەلایەن هەرسێ بەشی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانیو چەمچەماڵو سەڵاحەدینەوە بـەرزکـراوەتـەوە بۆ وەزارەتـی داراییو ئەمساڵیش بەهەمان شێوە ئەو داواکارییە بەرزکراوەتەوە، بەڵام وەڵامی وەزارەتی دارایی وەک پێویست نەبووەو بەشێوەیەکی سلبیی وەڵامی ئەو داواکارییەیان داوەتەوە.

کـەژاوە تـەهـا، یـەکـێـک بـوو لـەو خوێندکارانەی کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سەڵاحەدین، کە بەخۆپیشاندان چـووبـوونـە بـەردەم سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، ئاماژەی بەوەکرد؛ ئەوان وەکو خوێندکاران بەهیچ جۆرێک بەو بڕیارە ڕازی نابن، چونکە ئەو بوارە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ زانستو لێهاتوویی خوێندکارانی ئەم بەشەدا ناگونجێت، بۆیە هاتوون بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیران.



کڕینی گۆشتی بێ مۆر دەبێتە هۆی نەخۆشکەوتنی خێزانەکەت، تکایە دوور بکەرەوە لە کڕینی.
ڕێنمایی ڤێتێرنەری سلێمانی

# هەڵواسینی وێنەی بەرپرسان لە فەرمانگەکانی هەرێمدا، «نایاسایە»


لە فەرمانگەکاندا! وێنەی سەرکردەکان هەڵدەواسرێن

ئاوارە حەمید: هەولێر

هەڵواسینی وێنەی سەرۆکی حکومەتو حیزبەکان بەشێوەیەکی فراوان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا بەرچاو دەکەوێتو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستانیش رایدەگەیەنێت، بەهۆی نەبوونی یاساکەوە، هەڵواسینی هەر وێنەیەک نایاساییە.

لەئێستادا وێنەی مەلامستەفا بارزانیو مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانو سەرۆکی هەرێم، جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقو سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی پێنجەمو چەندین وێنەی دیکەی بەرپرسان لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان هەڵواسراون.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٦ بەبریاک وێنەی سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بەسەر فەرمانگەکاندا گشتاند، بەڵام بەهۆی ئەوەی لایەنە سیاسیەکان وێنەی سەرکردەکانی خۆیانیان بەسەر هەندێک دامەزراوەو فەرمانگەداسەپاند، پەرلەمانتاران بەپێویستی دەزانن کە پەرلەمان خۆی یاسایەک بۆ ئەو کێشەیە دەربکات.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: تا ئێستا لە کوردستان هیچ یاسایەک نییە بۆ هەڵواسینی ئەو وێنانەی کە پەیوەندییان بە سیستمی دەسەڵاتی سیاسییەوە هەیە، یا پەیوەندیی بە حیزبەکانەوە هەیە، بۆیە هەڵواسینی ئەو وێنانە نایاسییە».

ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە؛ لایەنی حیزبی زاڵ لە هەواسینی وێنەکانداو بەپێی تێڕوانینی حیزب بۆ بینینی ئەو سەرکردە یان ئەو کەسە کە بەسەرۆکی خۆیانی دەزانن، وێنەکە هەڵدەواسن.

هەرچەندە ماوەی (٥) مانگ بەسەر کابینەی شەشەمدا تێپەڕیوە، بەڵام تائێستا وێنەی سەرۆکی کابینەی پێنجەم لە دامودەزگاکانی حکومەتدا لە سنووری پارتی دیموکراتی کوردستان لێنەکراوەتەوەو وێنەکان بەهەڵواسراویی ماونەتەوەو وێنەی بەرهەم ساڵح، سەرۆکی کابینەی شەشەم هەڵنەواسراوە.

کاردۆ محەمەد لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ رۆژنامە سەبارەت بە لێنەکردنەوەی وێنەی سەرۆکی کابینەی پێنجەم، رایدەگەیەنێت: بە هۆی ئەوەی ئەو کارمەندو خەڵکانەی کە لەدامودەزگانی حکومەتن، زیاتر پابەندو هەیمەنەی حیزب بەسەریاندا زاڵە، بۆیە دەبینیت، کەسە حیزبییەکان لە سەرووی یاساشەوە تا بڕیاری حیزبی پێنەبێت، وێنەکە لانابات.

# دوو ساڵە کار بە بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆو بازرگانی ناکرێت

نووسینگەی هەولێر



تا ئێستا ئەو بڕیارە جێبەجێنەکراوە کە دوو ساڵ لەمەوپێش هەر یەک وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی بازرگانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی قەدەغەکردنی فرۆشتنو بەکارهێنانی تەقەمەنیی دەریانکرد.

لەسەر راپۆرتێکی لیژنەی کاروباری تەندروستیو کۆمەڵایەتیی پەرلەمانی کوردستان، کە دووساڵ پێش ئێستا ئاراستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمیان کردووە، هەریەک لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆو وەزارەتی بازرگانی بە دوو بڕیاری تایبەت، یارییەکانی تەقەمەنیی منداڵانیان قەدەغەکردووە، بەڵام تا ئێستا ئەو بڕیارە جێبەجێنەکراوە.

کەریم سنجاری، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ لە نووسراوێکی تایبەتدا بە ژمارە (٧٨٥٨) لە رێکەوتی (٢٠٠٨/٦/٩)، کە ئاراستەی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پۆلیسی کردووە، فەرمان بەوە دەکات، کە مادەکانی تەقەمەنیی منداڵان بەهەموو جۆرەکانییەوە قەدەغەبکرێتو دەستی بەسەردا بگیرێت.

لە نووسراوێکی دیکەدا، بە ژمارە (٣٤٦١) لە رێکەوتی (٢٠٠٨/٦/١٦) کە ئیمزای محەمەد رەئوفی وەزیری پێشووی بازرگانی بەسەرەوەیەو ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی/ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی داهات کراوە، ئاماژە بەوە کراوە، کە بەکارهێنانی یارییەکانی تەقەمەنیی منداڵان بووەتە هۆی رووداوی چەندین کارەساتو گەیشتووەتە ئاستی لە دەستدانی بەشێک لە جەستەو لەهەمانکاتدا ئەو جۆرە یارییانە منداڵ فێر توندوتیژیی دەکەن. لەو روانگەیەوە، وەزارەتی بازرگانیی بڕیاریداوە بە قەدەغەکردنی هاتنی هەموو جۆرە یارییەکی تەقەمەنیی منداڵان، بەتایبەت ئەو یارییانەی کە بریندارکەرن، یان جۆرە باروتێکیان تێدایەو لەگەڵ ئەوەشدا قەدەغەکردنی هاتنی ئەو شیرەمەنی یان چکلێتانەی کە لە شێوەی چەک، یان جگەرەدا دروستکراون.

ئەگەرچی دووساڵ بەسەر بڕیارەکەی هەر دوو وەزارەتدا تێپەڕدەبێت، بەڵام لە بەدواداچوونێکی رۆژنامەدا دەرکەوتووە کە تا ئێستا یارییەکانی تەقەمەنیی منداڵان، لە بازاڕو سوپەرمارکێتەکانی هەرێمی کوردستاندا بە ئاشکرا دەفرۆشرێن.

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە رۆژنامەی راگەیاند: یارییەکانی تەقەمەنیی منداڵان، تەنیا لە رۆژانی جەژندا قەدەغەدەکرێن، بەوهۆیەوە کە بە وتەی ناوبراو، ئەو یارییانە تەنیا لە رۆژانی جەژندا بەکاردەهێنرێنو لە رۆژەکانی دیکەدا بەکارناهێنرێن.

# دەیان مامۆستای ئایینی لە پێدانی زەوی بێبەشدەکرێن

نووسینگەی هەولێر

دەیان مامۆستای ئایینی لە زەوی بێبەشکراون، ئەگەرچی بەبڕیارێکی کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە زەوی نیشتەجێبوون بەسەر مامۆستایانی ئایینیدا دابەشکرا، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ژمارەیەک لە مامۆستاکان زەوییان وەرگرتووە، بەڵام ئەوانی دیکە بەهۆی نەبوونی مەرجە یاساییەکانەوە وەریاننەگرتووە.

لە نامەیەکدا کە بەناوی مامۆستایانی ئایینی هەرێمی کوردستانەوە ئاراستەی پەرلەمانو پەرلەمانتارانی کوردستان کراوە، ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەگەرچی لەسەردەمی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمدا بە بڕیارێکی تایبەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران زەوی بەسەر مامۆستایانی ئایینیدا دابەشکراوە، بەڵام ئەو بڕیارە تەواوی مامۆستا ئایینییەکانی نەگرتووەتەوەو ژمارەیەکی زۆریان بێبەشکراون. هەر لەو نامەیەدا کە وێنەیەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، مامۆستا ئایینییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ژمارەیەک لە خەڵک بەناوی مامۆستای ئایینییەوە زەوییان وەرگرتووە، کە پێشنوێژو وتارخوێن نین.

بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا، بە ژمارە (١٨٣١) لە رێکەوتی (٢٠٠٦/٥/٤)، کە ناوو ئیمزای عەدنان نەقشبەندی، وەزیری پێشووی وەزارەتی ئەوقافی بەسەرەوەیەو ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، تێیدا هاتووە؛ هاوپێچ لەگەڵ ئەو نووسراوەدا لیستێک بەناوی مامۆستایانی ئایینی سەر بە میلاکی وەزارەتی ئەوقاف رەوانە دەکەین، کە تائێستا زەوی مینحەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیان وەرنەگرتووە، کە ژمارەیان (٦١) مامۆستا دەبێت، هەر لەو نووسراوەدا داواکراوە رەزامەندیی لەسەر تەرخانکردنی زەوی بۆ ئەو مامۆستایانە بدرێت، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە تائێستا ئەو پارچە زەوییانە تەرخاننەکراون.

یەکێک لەو مامۆستا ئایینییانەی ناوی لە لیستەکەدا هاتووە بۆ رۆژنامە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەگەرچی دابەشکردنی زەوی بەسەر مامۆستایانی ئایینیو چینو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە مافێکی رەوای هەموو کەسێکە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی حیزبو حکومەت تێکەڵکراوە، ئەو مامۆستایانەی حیزبیی نین، بەردەوام فەرامۆشو پەراوێزدەخرێن. ئەو مامۆستایە کە نەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێت، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ چەندینجار سەردانی وەزارەتی ئەوقافو ئەنجومەنو لایەنە پەیوەندیدارەکانیان کردووە، بەڵام وەڵامێکیان چنگ نەکەوتووە.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی، بۆ رۆژنامە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە لە کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمدا ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی داوایان لە وەزارەتی ئەوقاف کرد وەک مامۆستا ئایینییەکانی دیکە زەوییان پێبدرێت، وەزارەتی ئەوقافیش داوای لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ تەرخانکردنی زەوی بۆ ئەو مامۆستایانە، بە وتەی ناوبراو وەڵامی ئەنجومەنی وەزیران ئەرێنی بووە، بەڵام بە مەرجی ئەوەی کە ساڵانی خزمەتو ناونیشانی وەزیفی مامۆستاکان لەبەرچاو بگیرێت، لەبەرئەوە ژمارەیەک لە مامۆستا ئایینییەکان زەوییان وەرگرتووە، بەڵام ئەوانەی کە ساڵانی خزمەتیان تەواونەکردووەو ناونیشانی وەزیفییان شیاوی وەرگرتنی زەوی نەکردووە، زەوییان پێنەدراوە، هەروەک نەقشبەندی وتیشی: «ئێمە وەک وەزارەتی ئەوقاف پشتگیریی لە هەر مامۆستایەک دەکەین کە زەوی وەرنەگرتووەو هەوڵدەدەین زەوی بۆ تەرخانبکرێت».

# داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکرێت، سنوورێک بۆ هێرشکردنە سەر ئایینی ئیسلام دابنێت

ئاوارە حەمید: هەولێر

مامۆستایانی ئایینیی، داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکەن کە سنوورێک بۆ تەشهیرکردن بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دابنرێت، کە لەلایەن دەزگا راگەیاندنە حیزبییەکانو بەرپرسانی حیزبیو هەندێک نووسەرەوە ئەنجامدەدرێتو ئاماژە بەوەشدەکەن کە داواکاری گشتیی لەکوردستان زۆر سستە بەرامبەر هێرشکردنە سەر ئیسلام.

لە وتاری هەینی رابردووی مزگەوتەکانی شاری هەولێردا، وتارخوێنانی مزگەوتەکان، وتاری هەفتەیان تەرخانکردبوو بە باسکردن لەو هێرشانەی کە لە کوردستان دەکرێنە سەر ئایینی پیرۆزی ئیسلامو وتارخوێنان باسیان لەو هێرشو تەشهیرکردنانە کرد کە لە لایەن دەزگا راگەیاندنەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتەوە دەکرێنە سەر ئایینی ئیسلام.

مامۆستایانی ئایینی لەشاری هەولێر، باسیان لەو وتەیەی بەرپرسێکی پلەبەرزی یەکێک لە حیزبەکانی دەسەڵات کرد کە لە کۆبوونەوەیەکدا وتبووی «نازانم خەڵک چی دەوێت، ئەوەی ئێمە کردوومانە، خوداش ئەوەندەی ئێمەی بۆ ئەم خەڵکە نەکردووە». مامۆستایانی ئایینی، پرسیاریان لەو بەرپرسە کرد، کە چیتان بۆ خەڵک کردووە تاوەکو داوای خودایەتی بکەن.

وتارخوێنانی هەینی لە شاری هەولێر، هۆشداریشیاندا بەوەی کە ئەگەر ئەم تەشهیرکردنانە بەرامبەر ئایینی ئیسلامو خودا بەردەوام بن، ئەوا دەبێت مسوڵمانان دەنگیان هەبێتو ناڕەزایی دەرببڕن بەوەی کە لەدەستیان دێت، بۆیە داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکەین کە بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵسێتو سنوورێک بۆ تەشهیرکردن بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامو خودا دابنێت.

شوان رابەر، نووسەرو روناکبیری ئیسلامیی لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە رایگەیاند: «سەرۆکایەتیی هەرێمو حکومەتو پەرلەمان بەرپرسیارن لەو هێرشانەی دەکرێنە سەر ئایینی پیرۆزی ئیسلامو خودا، بەداخەوە لە هەرێمێکدا کە زۆرینەی خەڵکی مسوڵمانەو سەرکردەکانی ئەم هەرێمە بەردەوام لافی ئەوە لێدەدەن کە مسوڵمانین، ئەگەر وایە، چۆن رێگە دەدەن رۆژانە لەم هەرێمە مسوڵمانەدا هێرش بکرێتە سەر مسوڵمانان. بۆچی کاتێک بڵاوکراوەیەک، قسە بە بەرپرسێکی ئەوان دەڵێت قسە دەکەن، بەڵام لەسەر خوداو ئایینی ئیسلامو تەشهیرکردن بە بیروباوەڕی زۆرینەی کۆمەڵگە، قسە ناکەنو رێگەش نادەن مسوڵمانان تەنیا بەرگریی لە خۆیان بکەن؟».

ئەو رووناکبیرەی ئیسلام، باسی لەوەشکرد، کە چەندینجار پێشێلکاریی بەرامبەر ئایینو پیرۆزییەکانی کراوە، بەڵام بەداخەوە، داواکاری گشتیی بە ئەرکی خۆی هەڵنەساوەو یاسا بەسەر ئەواندا نەچەسپاوە.

شوان رابەر باسی لەوەکرد: پێویستە هەرچی زووە سنوورێک بۆ ئەم تەشهیرکردنە دابنرێتو لە لایەن یاساو پەرلەمانەوە لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کەسو بڵاوکراوانەدا بکرێتو بە پێچەوانەوە، هیچ مانایەک بۆ ئیسلامێتییەکەمان نامێنێتەوە.

## نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی كوردستان:

# یاسای رۆژنامەگەریی نەگەیشتووەتە هەندێك لە دادگاكان

سازدانی: رێبین فەتاح
نووسینگەی هەولێر

**فەرهاد عەونی، نەقیبی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، باس لەوە دەكات كە تا ئێستا لە هەندێك لە دادگاكانی كوردستاندا یاسای رۆژنامەگەریی كاری پێناكرێتو هەندێك كەموكورتیش لە یاساكەدا هەیە.**

**لەم دیدارەی رۆژنامەدا، فەرهاد عەونی جەختیش لەسەر ئەوە دەكاتەوە، ئەو رۆژنامەنووسانەی كە زەوییان وەرگرتووەو پێشتر سودمەندبوون، زەوییەكەیان لەسەر تاپۆ ناكرێتو لەبەرامبەر فێڵو ساختەكاریشیاندا، رەنگە لە ئەندامێتیی سەندیكا دووربخرێنەوە**

**رۆژنامە: لەپاڵ ئەوەدا كە رۆژنامەنووسان لێرەو لەوێ مافەكانیان پێشێڵدەكرێت، سەندیكای رۆژنامەنووسان چ بەرنامەیەكی هەیە بۆ داكۆكیكردن لە رۆژنامەنووسان؟**

* زۆربەی كاتەكانمان تەرخانكردووە بۆ داكۆكیكردن لە رۆژنامەنووسانو چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی لە كوردستاندا. بۆ ئەو مەبەستەش، لیژنەیەكی تایبەتمان دروستكردووە كە لە كۆی (١٢)ئەندامی ئەنجومەنی سەندیكاو پێنج لە ئەندامەكان كار لەو لیژنەیەدا دەكەن، بەناوی لیژنەی داكۆكیكردن لە ئازادییەكانی رۆژنامەنووسانو هەرشەش مانگ جارێك راپۆرتێك لەوبارەیەوە بڵاودەكەینەوە. راپۆرتەكانیشمان جێگەی گرنگیپێدانی ناوەندەكانی پەیوەندیدارو تایبەت بە رۆژنامەنووسانە، بەتایبەت فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتیو بۆ جاری دووەمیشە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا، داوامان لێدەكات، بە فەرمیی راپۆرتەكانیان پێبدەین بۆ ئەوەی ئەوانیش ئاماژەی بۆ بكەن. وەك سەندیكای رۆژنامەنووسان، رۆژانە سەرقاڵی ئەوەین كە ئەگەر رۆژنامەنووسێك كێشەی بۆ دروستببێت، چارەسەری بكەین، بەڵام تێكەڵبوونێك هەیە، هەندێكجار رۆژنامەنووس لەسەر كێشەی جیا لە رۆژنامەنووسی تووشی كێشە دەبێتو پێیوایە، دەبێت سەندیكای رۆژنامەنووسان داكۆكی لێبكات، بەڵام سەندیكا تەنیا ئیش لەسەر ئەو رۆژنامەنووسانە دەكات كە بەهۆی كاری رۆژنامەنووسییەوە تووشی كێشە دەبن.

**رۆژنامە: تا ئێستا زۆرجار لە دادگاكانی كوردستاندا كار بە یاسای رۆژنامەگەریی ناكرێتو یاسای سزادانی عێراقی دەخرێتە پێشەوە بەدواداچوونتان لەسەر ئەو مەسەلەیە كردووە؟**

* تا ئێستا (١٠٠٪)كار بە یاسای رۆژنامەگەریی نەكراوە لە دادگاكانی كوردستانداو ئەمەش دوو هۆكاری هەیە: یەكەمیان: هەندێك لە دادگاكان تا ئێستا بە رەسمیی مامەڵە لەگەڵ یاسای رۆژنامەگەریی ناكەنو هەندێك لە دادگاكان تا ئێستا دەقی یاسای رۆژنامەگەرییان بۆ نەچووە. ئەگەر بە رەسمیی یاساكەیان بەدەست نەگات، ناتوانن كاری پێبكەن، بەداخەوە سەرەڕای بەستنی سمینار لەوبارەیەوە لەسەر ئاستی بەرز، بەڵام كاری پێناكەن، داواكارین لە رێگەی وەزارەتی دادو ئەنجومەنی دادوەریو وەزارەتی ناوخۆوە گشتاندن بۆ دەزگاكانیان بكرێت، بۆ كاركردن بەو یاسایە، چونكە یاساكە لە پەرلەمان دەرچووەو قابیلی رەتكردنەوەی نییە. دووەمیان: هەندێك كەموكووڕیی لە خودی یاسای رۆژنامەگەریدا هەیە. ئێمە كاتی خۆی لە ژێر فشاری رۆژنامەنووساندا، بڕگەیەكی تایبەت بە ئادابی گشتیمان لە یاساكەدا لابرد، بەڵام ئەگەر رۆژنامەنووسێك لە ئادابی گشتیی لابدات، لەبەرئەوەی لە یاسای رۆژنامەگەریدا ئادابی گشتیی جێگەی نەكراوەتەوە، لەبەرئەوە دادوەر بۆی هەیە بەپێی یاسایەكی دیكە مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسەكەدا بكات. لە ئایندەدا بیر لەوە دەكەینەوە كە ئەو كەموكووڕییانە چارەسەر بكەینو یاسای رۆژنامەگەریی هەمواربكەینەوە.

**رۆژنامە: رەخنە لە سەندیكای رۆژنامەنووسان دەگیرێت بەوەی كە سەندیكای رۆژنامەنووسە حیزبییەكانە، نەك سەندیكای هەموو رۆژنامەنووسان؟**

* لە یاسای سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستاندا هیچ لەمپەرێك لەبەردەم هیچ رۆژنامەنووسێكدا نییە، لەسەر بنەمای بیروباوەڕی سیاسی، نەتەوەیی، ئایینیو... هتد، دەرگای سەندیكاش لەبەردەم هەموو رۆژنامەنووساندا كراوەیە. ئەگەر رێژەی دانیشتووان لەبەرچاوبگرین، باوەڕناكەم هیچ سەندیكایەك لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەندەی سەندیكاكەی ئێمە ئەندامی هەبێت. لەناو هەموو ئەندامەكانیدا، رۆژنامەنووسانی سەر بە حیزبەكان، رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ، رۆژنامەنووسانی سەر بە نەتەوەو ئاینە جیاوازەكانی كوردستان هەن. سەندیكایەك لە كەلارو خانەقینەوە تا دەگاتە زمارو سنجار، بە كەركوكو موسڵیشەوە، ئەندامی هەبێت، بێگومان بەشێكیان حیزبیو بەشێكیان سەربەخۆ دەبن، بەشێكیان لە نەتەوەی كوردو بەشێكیان سەر بە نەتەوەكانی عەرەبو توركمانو كلدو ئاشوورو ئاینەكانی دیكە دەبن. لە راستیدا سەندیكای رۆژنامەنووسان، نەك هەر سنووری حیزبایەتیو سنووری شاروشارۆچكەكانی كوردستانی بەزاندووە، بەڵكو سنووری دەستكردی هەر چوار پارچەكەی كوردستانی گرتووەتەوە، چونكە بەدەیان ئەنداممان لە پارچەكانی دیكەی كوردستانو ئەوروپاش هەیە.

**رۆژنامە: كەواتە بۆچی ئەو رەخنەیەتان لێدەگیرێت؟**

> **هەندێك كەموكورتی لە وەرگرتنی ئەندامانی سەندیكای رۆژنامەنووساندا هەیە، بەڵام پێشتر دەزگاكانی راگەیاندن بەرپرسیارن لەو كەموكورتییانە**



> **باوەڕناكەم هیچ سەندیكایەك لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەندەی سەندیكاكەی ئێمە ئەندامی هەبێت**

* لە رێگای رۆژنامەی رۆژنامەوە، داوا لە سەرجەم ئەو رۆژنامەنووسانە دەكەم كە قەوانی حیزبیبوونی سەندیكا لێدەدەن، یەك نموونە لەسەر حیزبیبوونی سەندیكا بهێننەوە، تا من هەڵوێست وەربگرم. ئێمە هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەكەینەوە، سەندیكای رۆژنامەنووسان بەشێك نییە لە دەسەڵاتی سیاسیی كوردستان، بەڵام بەشێكە لە ئەزموونی كوردستان. جگە لەوەی ئەو راپۆرتانەی تا ئێستا لە سەندیكا بڵاوكراونەتەوە، هەموویان رووبەڕووی دەسەڵاتی سیاسی كراونەتەوە، ئاشكراشە كام لایەن دەسەڵاتی سیاسی پێكهێناوە. ئەگەر سەندیكای رۆژنامەنووسان خاتری ئەم لایەنو ئەو لایەنو حكومەت بگرن، نابێت ئەو راپۆرتانە بڵاوبكاتەوە كە زۆرجار دەزگاكانی حكومەت بریندار دەكەن. بەكورتی، سەندیكای رۆژنامەنووسان، سەندیكایەكی سەربەخۆیەو دەرگاش واڵایە بۆ هەر رۆژنامەنووسێك ئەگەر بیسەلمێنێت بۆ یەكجاریش سەندیكای رۆژنامەنووسان بۆ لایەنێكی سیاسی دایشكاندووە، ئێمە هەڵوەستەی لەسەر دەكەینو هەڵوێستیش وەردەگرین.

**رۆژنامە: یەكێك لەو خاڵانەی ئاماژەی بۆ دەكرێت، ئەوەیە كە ئەنجومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسان بە تەوافوقی حیزبی دیاریكراوە؟**

* تۆ ناوی تەوافوقی حیزبی لێمەنێ. ئێمە لە رێگەی كۆنفرانسی سەربەخۆو ئازادەوە نوێنەرانی كۆنگرە هەڵدەبژێرین. لەكۆنگرەی پێشووشدا رۆژنامەنووسەكان لە رێگەی دەزگاكانی راگەیاندنەوە دیاریكرابوون. كۆنگرەش گەورەترین دەسەڵاتە، ئەگەر زیاتر لە (٤٠٠) رۆژنامەنووس لە كۆنگرە ئامادە بنو دادوەر سەرپەرشتی بكات، ئەندامانی كۆنگرە بڕیاربدەن لەسەر بنەمای تاكەكەس یان لیست ئەنجومەنی سەندیكا هەڵبژێردرێت، لەكۆی (٤٥٠) رۆژنامەنووس، (٤٣٠) رۆژنامەنووس لەگەڵ ئەوە بن كە لیست پێكبهێنرێت، ئیتر بۆ كارەكە حیزبییە. سەندیكایەك كە كارەكانی سەربەخۆبن، بۆچی حیزبییە. حیزبەكانیش پێویستیان بەوە نییە سەندیكا لایەنگرییان بكات، چونكە ئەگەر سەندیكا لایەنگری هەر لایەنێكی سیاسی كرد، لەماوەی یەك ساڵدا، دە سەندیكای دیكە دروستدەكرێن، بەڵام لەبەرئەوەی سەندیكایەكی سەربەخۆ هەیە، كەم كەس دەتوانێت تەعنی لێبدات، ئەو تەعنانەش لێیدراون، بێبنەمانو ئامادەشم بەرامبەر بە هەر كەسێكو هەر رۆژنامەنووسێك مونازەرەی تەلەفیزیۆنی بكەم لەسەر ئەو مەسەلەیە.

**رۆژنامە: بەردەوام رەخنەی ئەوە دەگیرێت كە سەندیكای رۆژنامەنووسان، هەندێك كەسی كردووە بە ئەندام كە رۆژنامەنووس نەبوون؟**

* ئەوە رەتناكەمەوە كە هەندێك كەموكورتی لە وەرگرتنی ئەندامانی سەندیكای رۆژنامەنووساندا هەیە، بەڵام پێشتر دەزگاكانی راگەیاندن بەرپرسیارن لەو كەموكورتییانە، چونكە دەزگاكانی راگەیاندن نووسراو بۆ ئەو كەسانە دەكەن كە دەیانەوێت ببنە ئەندام لە سەندیكا، دەزگاكانی راگەیاندن پشتگیرییان دەكەنو رەوانەی سەندیكایان دەكەن، بەڵام دیسان ئێمە ئەوە رەتناكەینەوە كە هەندێك كەس بە ناهەق بوونەتە ئەندام لە سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان. ئێمە لەو كۆنگرەیەدا وەرەقەیەكمان بەدەستەوەیە بۆ چارەسەركردنی شێوازی ئەندامبوون لە سەندیكاو بەدواداچوون لەسەر ئەو حاڵەتانەی كە هەن. بیریشمان لەوە كردووەتەوە، هەندێك ناونیشان لەئەندامێتی سەندیكای رۆژنامەنووسان رەشبكەینەوە. بۆ نموونە، ئەگەر خاوەن ئیمتیاز سەد لە سەد رۆژنامەنووسێكی كارا نەبێت، نایكەین بە ئەندام.

**رۆژنامە: باس لەوەدەكرێت كە ژمارەیەك لەو رۆژنامەنووسانەی لە چەند رۆژی رابردوودا زەوییان وەرگرتووە، پێشتر سودمەندبوون، ئێوە بەدواداچوونتان لەسەر نەكردووە؟**

* ئەمە جاری سێیەمە، زەوی لە حكومەت وەردەگرینو بەسەر رۆژنامەنووساندا دابەشدەكرێت. لە ساڵی(٢٠٠٥)وە (١٨٩) رۆژنامەنووس ناویان لە ئەنجومەنی وەزیران هەبوو، كاتی داواكردنیان لە زەوی سوودمەند نەبوون، بەڵام لەو ساڵەوە تا ئێستا، رەنگە بە دەیان رۆژنامەنووس لەو (١٨٩) رۆژنامەنووسە سوودمەندبووبن. لە سەرەتاوە ئێمە وەكو سەندیكای رۆژنامەنووسان بە هیچ شێوەیەك قبوڵی ناكەین، رۆژنامەنووسێك دووجار سوودمەند بێت، چونكە مافی كەسێكی دیكە دەخوات. پاشان یاسایەك هەیە لە وەزارەتی شارەوانی كە بە هیچ شێوەیەك رێگەنادات كەسێك دووجار سوودمەند بێت. جگە لەوەی ئەگەر رۆژنامەنووسێك خۆی یان خێزانەكەی سوودمەند بووبن، بەهەمانشێوە جارێكی دیكە سوودمەند نابێت. ئێمە لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی رێككەوتین بۆ ئەوەی هیچ كەموكورتییەك نەمێنێت، لەبەرئەوە لێرەوە نووسراو دەكرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت لە سلێمانیو دهۆكو هەولێر سوودمەند نییە، ئەوكات زەوییەكەی لەسەر تاپۆ دەكرێتو بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر رۆژنامەنووسێك پێشتر سوودمەندبووبێتو فێڵو ساختەكاریی كردبێت، مامەڵەیەكی یاسایی لەگەڵ دەكەینو دووریش نییە تەرقین قەیدی بكەین، چونكە رۆژنامەنووسێك درۆو ساختەكاریی بكات، مومكین نییە ببێت بە ئەندام لە سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان.

# خانوو لەو بەرپرسانە دەسەنرێتەوە كە نەچوونەتە ناوی

راپۆرتی: شاسوار مامە

نزیكەی ساڵێكە (١٩)خانوو بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگە حكومییەكانو (١)خانوو بۆ بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە دروستكراونو دواتریش دابەشكراون، بەڵام تا ئێستا بەچۆڵیی ماونەتەوەو پەنجەرەی خانووەكان، سەرجەمیان شكاونو ئەو گەڕەكەی خانووەكانیشی لێ دروستكراوە، بەبێ خزمەتگوزاریی ماوەتەوە.

موزەفەر مەلا عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە، لەلێدوانێكدا بۆ رۆژنامەی روونكردەوە، كە هەر خانووێك بۆ بەرپرسی فەرمانگەیەك دانراوە، بەڵام بەرپرسی فەرمانگەكان نەچوونەتە خانووەكانەوەو ئاماژەی بەوەشدا، چەندین گرفت لە خانووەكاندا هەیە، بۆیە بەرپرسی فەرمانگەكان نەچوونەتە ناو ئەو خانوانە.

بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە، وتیشی: «لە بەرنامەدایە خزمەتگوزاریی پێشكەش بەو ناوچەیە بكەن كە خانووەكانی لێ دروستكراوە، چونكە خانووەكان پێویستیان بەسیاجو سیانەكردنەوە هەیە».

موزەفەر مەلا عەبدوڵڵا، وتیشی: «خانوو لەو بەرپرسی فەرمانگانە دەسەنرێتەوە كە ناچنە ناو خانووەكان، چونكە ئەو خانووانە بۆ هەمیشە نابنە هی كەس».

بەچۆڵیی مانەوەی خانووی فەرمانبەرانی ناحیەی چوارقوڕنە لەكاتێكدایە، تا ئێستا چەندین فەرمانبەر لە خانووی كرێدانو هاوكات زۆرینەی بەرپرسی فەرمانەگەكان كێشەی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونیان نییە، بەڵام خانووی فەرمانبەران لەجیاتی بدرێن بە فەرمانبەرانی ئاساییو بێ خانوو، دابەشدەكرێن بەسەر بەرپرساندا و ئەوەش نیگەرانیی فەرمانبەرانی لێ كەوتووەتەوە.

فەرمانبەرێكی ناحیەی چوارقوڕنە كە نەیویست ناوی بهێنرێت، بۆ رۆژنامە وتی: «چوار ساڵە ژیانی هاوسەریم پێكهێناوەو تا ئێستا لەخانووی كرێدام، زۆر نیگەرانم لەوەی كە حكومەت خانوو بۆ بەرپرسان دروستدەكات لەجیاتی ئەوەی بۆ فەرمانبەرانی دروستبكات».

لای خۆشیەوە موزەفەر مەلا عەبدوڵڵا، جەخت لەوە دەكاتەوە كە لە بنەڕەتدا ئەو خانووانە بۆ بەرپرسی فەرمانگەكان دروستكراون، ئەگەر یەكێك لەوانەی خانووی پێدراوە بەرپرسی فەرمانگە نەمێنێت، خانووەكەی لێ وەردەگیرێتەوە، هەربۆیەش ناكرێت بیاندەین بە فەرمانبەران، بەڵام بەرپرسی فەرمانگە ئازادە، ئەگەر خانووەكەی بدات بە فەرمانبەرێك لە فەرمانگەكەیدا.

بە وتەی بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە، خانووەكان گرفتیان زۆرەو ناكرێت بەرپرسی فەرمانگەكان خۆیان پارە لە چارەسەركردنی گرفتی خانووەكان سەرفبكەن، چونكە ئەوان بۆ ماوەیەكی كاتیی لەو خانووانەدا دەمێننەوە.

# ئایا مێژوو دووبارە دەبێتەوە؟

**سالح ژاژڵەیی**

زۆرجار لێرەو لەوێ لەمیانەی گفتوگۆو قسەکردندا باس لەوە دەکرێت کە مێژوو جارێکی دیکە دووبارە دەبێتەوە، کە باسی مێژوو دەکەین بەمانای باسکردنە لە رابردوو، بەمانای هەموو شەڕو رووداو و بەسەرهاتی کە لە رابردوودا روویانداوە.

کەواتە ئەگەر مێژوو بەمانای رابردوو بێت، مانای وایە جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە، چونکە مێژوو بـەرەو دواوە ناگەڕێتەوەو هەمیشە بەرەو پێشەوە دەڕوات، بەڵام دەگونجێو رێکدەکەوێت رووداوی تازە لەسەردەمی ئێمەدا وەکو هاوشێوەی رووداوەکانی رابردوو رووبداتەوەو دووبارە ببێتەوە.

بۆ ئەوەی بەشێوەی وردترو قووڵتر لەمە بێگەین، باشتر وایە سەرنجی ئەوە بدەن کە لەخوارەوە باسی دەکەمو روونی دەکەمەوە.

لە رۆژی شەممە رێکەوتی (٢٠١٠/٤/١٠) بەڕێز مام جەلال سەرۆکی کۆماری عێراق لەیادی سێ ساڵەی شەهیدکردنی فەخامەتی سەید محەمەد باقر سەدرو خوشکەکەی بەدەستی سەدامی دیکتاتۆر، وتارێکی پێشکەشکرد لەبەردەم ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیی ناودارو بەرپرسانی حکومەتدا، لە وتارەکەیدا باسی گرنگیی رۆڵی شەهیدی ناوبراوی کرد لەپێناوی بەدیهێنانی ئازادیی بۆ گەلانی عێراقو شەهیدکردنیشی بەدەستی سـەدامو دارودەستەکەی بەتاوانێکی دژ بەمرۆڤایەتیو کەموێنە باسکرد لە مێژووی عێراقدا.

لە درێژەی قسەکانیدا باسی تاوانەکانی سەدامی کرد دژی هەموو پێکهاتە نەتەوەییو دینیو مەزهەبییەکانی گەلی عێراق، بەڕێز تاڵەبانی دەڵێت؛ سەدامی دیکتاتۆر هەمیشە دژی ئازادییو دیموکراسیو بیروڕای جیاواز بووەو هەرکەسێک لەبەرامبەریدا وەستا بێتەوە، رووبەڕووی ئەشکەنجەو زیندانییو کوشتن بـووەتـەوەو بـەزەیـی بەکەسدا نەهاتووەتەوەو زوڵمی زۆری کردووە.

دواجار دەڵێت، سەدام ئەوەندە کەسێکی بێ وەفاو دڵڕەقو زاڵم بووە تەنانەت دەستی لەوانەش نەپاراستووە کە تا دوێنێ کەسانی دڵسۆزو هاوڕێی خەباتو تێکۆشانی بوون.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە، کە لەگەڵ ئەوەی بەڕێز تاڵەبانی سەدامی بەکەسێکی دیکتاتۆر زانیوە لەسەر ئـەوەی کە دژی ئـازادییو دیموکراتیو بیروڕای جیاواز بووە، ئێستا بەڕێز تاڵەبانیو بەرپرسانی حیزبەکەی بەهەموو شێوەیەک دژایەتیی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەنو سزای سیاسییان دەدەن، تەنیاو تەنیا لەبەرئەوەی بیروڕای جیاوازیان هەیە.

لـەدوای هـەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥) و (٢٠١٠/٣/٧) هەموو ئەوانەی کە سەر بەبزووتنەوەی گـۆڕانـن، رووبـەڕووی دەرکـــردنو نـانـبـڕیـنو گـواسـتـنـەوەو کەمکردنەوەی مووچەو دابەزاندنی پلەو سوکایەتیپێکردنو سـزادانو زیندانیی دەبـنـەوەو تا کار گەیشتووەتە تیرۆری سیاسیی.

کەواتە بەڕێز تاڵەبانی سیاسەتێکی دوو فاقە پەیڕەو دەکاتو لەبەغدا بووەتە کۆتری ئاشتیو لەکوردستان شەڕی لێدەبارێت.

لێرەدا خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە دەمەوێت باسی بکەم ئەویش ئەوەیە، لەگەڵ ئەوەی کە سەدام حسێن چەند دڵڕەقو قین لەدڵو زۆرداربووە بەرامبەر بە نەیارەکانی، بەڵام باوەڕی وابووە کە بڕینی رزقی خەڵک خراپترە لەسەربڕینیان.

بەڕێز تاڵەبانی دەڵێت؛ سەدام تەنانەت دەستی لەو کەسانەش نەپاراستووە کە تا دوێنێ دۆستو هاوڕێی خەباتو تێکۆشانی بـوون، بۆ ئەمەشیان تەنیا راپۆرتەکەی پلینیۆم وەبیردێنینەوەو هیچی دیکە ناڵێین.

ئـەوانـەی کـە لـە سـاڵـی (١٩٧٦) بۆ یەکەمجار دوای شکستەکەی ساڵی (١٩٧٥) بوونە پێشمەرگەو جارێکی دیکە خەباتی پێشمەرگانەیان دەستپێکردەوە، بوونە خاوەنی شانازییو سەروەریی بۆ خۆیانو بۆ گەلەکەیان.

لە ساڵی (١٩٧٦) کـەم کـەس هەبوو بتوانێت ئەو تاجی سەروەرییە بکاتە سەری موژدەی دەستپێکردنەوەی شۆڕش بداتەوە بەگەلەکەی، هەر لەبەر ئەوە بوو کاتێک کە دەسەڵاتی بەعس نەماو حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بوو، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان مووچەیەکی تایبەتی بۆ ئەو پێشمەرگانە بڕییەوە کە ساڵی (١٩٧٦) بۆ یەکەمجار بوونە پێشمەرگە.

کەم کەس هەیە مام هادی هەورامیو عادل شوکر گەرمیانی نەناسێتو ئەوانە دوو شۆڕشگێڕی ساڵی (١٩٧٦)ن، حەقی خۆیانە شانازیی بەخۆیانەوە بکەنو ئێمەش شانازییان پێوە بکەین.

کێ هەیە عادل شوکر گەرمیانی نەناسێت کە لەهەر بستێکی گەرمیاندا نەبەردییەکی تێدا تۆمارکردووەو دوژمنی راوناوە، بەدەیان جار بەخۆییو بەپێشمەرگەکانییەوە لە قوڵایی گەرمیانەوە چوونە سەرکردایەتی لە زەڵێو لەسەرگەڵو بۆ پاراستنی بارەگاکانی سەرکردایەتی.

عادل شوکر شەڕی لەسەر ئازادکردنی ئـەو خاکە کـردووە کە ئێستا نەوتی لێدەردەهێنرێت و دەفرۆشرێت و کەسیش نازانێت پارەکەی چی لێدەکرێت.

ئێستا مام هادیو عادل شوکر گەرمیانی لەبری پاداشت، لەسەر بیروبۆچوونی جیاواز هەموو مووچەکەیان دەبڕن بەوەی ساڵی (١٩٧٦) کە تایبەتە بۆ ئەوان.

دیارە بەهانەی مووچە بڕینەکەیان ئەوەیە کەئەمانە مووچەکەیان لەلایەن حیزبەوە دراوە نەک حکومەت، گریمان ئەم مووچەیە حیزب پێی داون، بەڵام ئەوەی لەبری ساڵی (١٩٧٦) وەریانگرتووە، رەنجی خەباتو تێکۆشانیانە، بڕینی ئەو مووچەیە مانای لێسەندنەوەی خەباتەکەشیانە کە موڵکی خۆشیانە.

ئایا کەس بۆی هەیە خەبات لەکەسانی دیکە بسەنێتەوە؟ ئەگەر مووچەکەشیان حیزب پێی دابن، ئەوە هەر حەقی خۆیانە، چونکە ئەوە پارەی خەڵکی کوردستانە کە بەئاشکرا بودجەکە دەشارنـەوەو پارەی نەوتیش بەشی هەمووانە.

ئەمە ناحەقییەکی گەورەیە، بەڵام لەوەش ناحەقیی گەورەتر ئەوەیە کە دوای ئەو هەموو ساڵەی خەبات مووچەیماڵو منداڵی مام هادیو عادل شوکر گەرمیانیو دەیانی دیکە دەبڕن، تەنیا لەسەر بیروباوەڕی جیاواز.

ئەو موستەشارەی لە دەڤەری گەرمیان راوە پێشمەرگەی دەکردو بەخوێنی عادل شوکرو پێشمەرگەکانی تینوو بوو و خەڵکی گەرمیانی ئەنفال دەکرد، ئێستا مووچەی وەزیر وەردەگرێت، تەنیا ئەوە دەڵێم ئەو کەسەی بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتییان دەکات لە چ ئاستێکی مرۆڤایەتیدایە؟

لە ساڵی (١٩٨٨) عودەی کوڕە گەورەی سەدامی دیکتاتۆر دەڵێت، باوکم قاتەکەی بەری زۆر کۆن ببوو لـەڕووی نەدەهات بچێتە ناو خەڵکەوەو پارەشی نەبوو قاتی تازە بکرێت.


ئێمەش تەنیا ئەو دەغیلەیەمان هەبوو کە رۆژانە هەندێک پارەمان تێدەکرد بۆ رۆژی رەش، بەناچاریی دەغیلەکەمان شکاندو بەپارەکەی ناوی قاتێکی تازەمان بۆ باوکمان کڕی.

بەڕێز خانمی تاڵەبانیش لە لێدوانێکیدا دەڵێت؛ ئێمە هیچمان نییەو کە مردین دەبێت شارەوانی مەسرەفی قەبرهەڵکەندنو کفنمان بگرێتە ئەستۆ، لەکاتێکدا رۆژانـە سەدان تانکەر نەوتی خاو ئاودیوی ئێران دەکرێتو داهاتەکان ناچنە بودجەی هەرێمەوە.

من قسەیەکم نییە لەسەر راستیو دروستیی ئەم قسانەی سەرەوەو با هاوڵاتی خۆیوەڵامی خۆی بداتەوە، بەڵکومن مەبەستم ئەوەیە ئەمەی سەرەوە دووبارەبوونەوەی مێژوو نییە، چونکە کارەکتەرەکان جیاوازنو سـەردەمـەکـەی جـیـاوازە، بـەڵام ئەمە هاوشێوەی دووبارەبوونەوەی مێژووە.

قسەی ئـەو سـەرکـردانـەش لـەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەمیللەتەکەیان بەگەمژەو نەزان دەزانن و وەکو مرۆڤ حسابیان بۆ ناکەن، دەنـا هەرگیز جورئەتی ئەوەیان نەدەکرد ئاوا سوکایەتیی بەعەقڵیان بکەن.

# دەسەڵات کورسی فەوتاند، یان ئۆپۆزسیۆن؟



**مەهدی ئەبوبەکر**

لەوەتەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆتاییهاتووە، دەسەڵات باڵۆرەیەکی نوێی لە دژی ئۆپۆزسیۆن گرتووەتە دەمو وەک قەمیسەکەی عوسمان بە هەموو لایەکدا دەیگێڕێت.

باڵۆرەی ئەوەی گوایە هـەزاران دەنگی کورد بەهۆی فرەلیستییەوە فەوتاوە، ئەگەر فرەلیستی نەبوایە، ئەواکورد چەندکورسییەکی دیکەی زیاددەکرد، فرەلیستییو فرەگوتاریی کورسییەکانی کوردی کەمکردەوە.

ئەو باڵۆرەیەی دەسەڵات وەکو ئەوە وایە بەری راستییەکان بە بێژنگ بگرێت، چونکە راستی کەمبوونەوەی کورسییەکانی کورد پەیوەندیی بە فرەلیستییو بە فرەگوتارییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە کۆمەڵێک هۆکاری کۆنو نوێوە هەیە، کە هەموویان دەسەڵاتو خـودی حیزبە دەسـەڵاتـدارەکـان لێی بەرپرسیارن.

یەکێک لە هۆکارە دیارەکان کە راستەوخۆ کـاریـگـەریـی خـراپـی لـەسـەر رێـڕەوی رووداوەکان کردو بووە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی کورسییەکانی کورد، خودی یاسای هەڵبژاردنەکان بوو.

کاتێک بۆ یەکەمجار ئەنجومەنی نوێنەران یاسای هەڵبژاردنی هەموارکرد، ژمارەی ئەو کورسییانەی بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکرابوو (٣٧) کورسیی بوو، ئەوکات لیستی هاوپەیمانیی کـوردسـتـان ئەو یاسایەی پەسەندکرد، چەندین رۆژو شەو میدیای دەسەڵات بەتایبەتی میدیای یەکێتی ئەو یاسایەی وەکو «دەستکەوتی مەزن» وەسفکرد.

بەپێچەوانەوە ئۆپۆزسیۆن ئەوکات یاساکەی رەتکردەوەو رای گشتیی کوردستانی لە مەترسیی ئەو یاسایە ئاگادارکردەوە، کەچی دەسەڵات ئەو رەخنانەی ئۆپۆزسیۆنیان بە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دادەنا، سووربوون لەسەر ئەوەی یاساکە یاسایەکی فرە باشە.

ئەو یاسایە مام جەلال وەک سەرۆک کۆماری عێراق ئیمزای لەسەر کرد، ئەو سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوو بۆ ئەو سەفەرەی کە بۆ ئیمزاکردنی چەند پرۆتۆکۆڵێک بۆ فەرەنسا ئەنجامی دەدا، کاتێکیش پرسیاریان لە تاڵەبانی کرد، بۆچی یاساکەی ئیمزا کردووە وتی: «ئاخر دەکرێت من یاسایەک ئیمزا نەکەم کە نایبە کوردەکان لە پەرلەمان دەنگیان بۆ داوە؟»

بەووەڵامەتاڵەبانیویستیلێپرسراوێتییەکە بخاتە ئەستۆی پەرلەمانتارە کوردەکانو خۆی لەو ئەرکە بدزێتەوە، کە ئەو وەک نوێنەرو زامنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کورد لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بۆی دانیشتووە، یان لە بیری چووە بۆ ئەوە دانراوە رێگە لە دەرچوونی ئەو یاساو بڕیارانە بگرێت بە هەڵە یان بە زۆر بەسەر پەرلەمانتارانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەراندا تێدەپەڕێت.

دواتر تاریق هاشمی، وەکو نوێنەری سوننەکان لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار، یاساکەی رەتکردەوە، ئەوەش دەرفەتی ئەوەی رەخساند لە چوارچێوەی سازانو رێککەوتنی سیاسیدا چوار کورسیی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان زیادبکرێت، ئەگەرنا ژمارەی کورسییەکانی کورد لەوەی ئێستا کە هەیە کەمتر دەبوو.

هۆکارێکی دیـکـەی ناڕاستەوخۆی کەمبوونەوەی کورسییەکانی کورد، ئەدائی لێپرسراوانی کورد بووە لە بەغدا، بەتایبەتی ئەوانەی پلەو پۆستی بەرزیان لە حکومەتەکانی عەلاوی، جەعفەرییو مالیکیدا هەبووە. بزانین چۆن؟

ئەگەر وەک نموونە بەراوردێکی ئەو دەنگانە بکەین کە ئەیاد عـەلاویو نوری مالیکی لەم هەڵبژاردنەدا بەدەستیان هێنا، ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە لێپرسراوە کوردەکان لەوێ نەیانتوانیوە کارێک بکەن تا رووی کورد لای عێراقییەکان سوور بکەن.

ئەیاد عەلاوی بۆ ماوەی تەنیا (٩) مانگ سەرۆکایەتی حکومەتی کاتی وەرگـرت، لەماوەی ئەو (٩) مانگەدا توانی بەجۆرێک کار لە عێراقییەکان بکات، کە دواتر ئاه بۆ سەردەمی حکومەتەکەی ئەو هەڵبکێشن. عەلاوی ئەو ماوە کورتەی کردە دەستمایەی سیاسیی بۆ خۆیو توانی لەم هەڵبژاردنەدا بەکاریبهێنێتەوەو ببێتە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان.

لەوانەیە پرسیارێک بکرێت، ئەی ئەگەر عەلاوی ئەوەندە خۆشەویست بوو، بۆچی نەیتوانی لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)دا دەنگی زۆر بەدەستبهێنێت؟ رەنگە ئەو پرسیارە لە رووی تیۆرییەوە پرسیارێکی گونجاو بێت، بەڵام لە رووی کردەییەوە دەبێت ئەوە بزانین ئەوکات جەمسەرگیریە تایفییەکان هێندە بەهێز بوو، دەنگدەر ئەوەندەی بەرژەوەندیی تایفەکەی لا گرنگ بوو، ئەوەندە لای گرنگ نەبوو کێ ژیانو گوزەرانی باش دەکات.

راستە عـەلاوی بە مەزهەب شیعەیە، بەڵام زۆرینەی ئەوانەی ئێستا دەنگیان بە عەلاوی داوە، دەنگدەری سوننەن، ئەوکات ئەو دەنگدەرانە بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردبوو، نـوری مالیکیش بەهەمانشێوەی عـەلاوی، سەرەڕای ئەوەی بەشێکی زۆری حیزبەکەی هەڵوەری، کەسایەتییەکی وەکو ئیبراهیم جەعفەریشی لێ جیابووەوەو بەجیا لە حیزبو لایەنەکانی دیکەی شیعە بەشداریی هەڵبژاردنی کرد، کەچی توانیی کاری چوارساڵی دەسەڵاتی بخاتە کارو هەم لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو هەم لەم هەڵبژاردنەدا ژمارەیەکی زۆر کورسی بەدەستبهێنێت.

لێرەوە دەردەکـەوێـت، ئەو بەڕێزانەی لەماوەی شەش ساڵی رابردوودا وەک نوێنەری کورد لە بەغدا بوون، کارێکیان نەکردووە تا بتوانن بەهۆیەوە چەند کورسییەک لەدەرەوەی ناوچە کوردنشینەکان بۆ کورد مسۆگەر بکەن.

تەماشاکەن لە سەردەمی حکومەتەکەی عەلاوی، د.بەرهەم جێگری سەرۆک وەزیران بوو، د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆکی کۆمار بوو، هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوە بوو، د.فوئاد مەعسوم، سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق بوو، جگە لە چەند وەزیرێکی چەند وەزارەتێکی دیکە.

لە دەمی حکومەتەکەی جەعفەریدا، مام جەلال سەرۆک کۆمار بوو، د.رۆژ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو، عارف تەیفور جێگری سـەرۆکـی ئەنجومەنی نیشتمانیی بوو، د.بەرهەم وەزیری پلاندانان بـوو، چەندین وەزیـری دیکەی کـورد لە کابینەکەی جەعفەریدا هەبوون.

لە سەردەمی کابینەکەی نوری مالیکیدا، مام جەلال سەرۆکی کۆمارە، د.بەرهەم جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران بوو ئێستا د.رۆژ جێگەی گرتووەتەوە، عارف تەیفور جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانە، هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەیە، چەندین وەزیری دیکە لە کابینەکەدا هەیە.

ئایا ئەم بەڕێزانە لەماوەی ئەم شەش ساڵەدا بۆچی نەیانتوانی رۆڵیان هەبێت لەوەی چەند کورسییەک لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانو کەرکوک بۆ کورد مسۆگەر بکەن؟ بۆچی نەیانتوانی نەک دەنگی عەرەبو تورکمان، بەڵکو دەنگی کوردەکانی بەغداش بۆخۆیان مسۆگەر بکەن؟ هەمووان دەزانین لە بەغدا کوردێکی زۆر هەیە، یەکێتیو پارتی مووچەیەکی زۆر لە بەغدا دەبەخشنەوە، بەڵام کاتێک سەیری ئەو دەنگانە دەکەین کە لیستی هاوپەیمانیی لە بەغدا هێناویەتی، بۆمان رووندەبێتەوە کوردەکانیش ئەو لێپرسراوە کوردانەیان پێ قبوڵ نییە کە لە بەغدا بوون، ئەگەر سەیری رێـژەی دەنگەکانی کورد لە نەینەوا، دیالەو سەلاحەدینیش بکەین، دیسان بۆمان روونەبێتەوە کوردەکانی ئەو ناوچانەش بەهۆی ئەدائی لێپرسراوانی کوردەوە دەنگیان بە لیستی هاوپەیمانییو تەنانەت لیستە کوردییەکانی دیکەش نەداوەو بە ئاگری ئەوانەوە سوتێنراون.

دەسەڵات لەبری ئەوەی تانەو تەشەر لە ئۆپۆزسیۆن بگرێتو بە فەوتێنەری کورسی تۆمەتباری بکات، با پرسیاری ئـەوە لە نوێنەرەکانی خۆی بکات، بۆچی نەیانتوانیوە هێندە متمانە لای خەڵکی عێراق دروستبکەن، کە چەند کورسییەکیان لە دەرەوەی ناوچە کوردنشینەکان پێ رەوا ببینێت؟.

# کوێ پایتەختی عێراقە؟

**هەندرێن شێخ راغب**

بهێنە بەرچاوی خۆت، لە کوردستان لیستە براوەکان هەر یەکێکیان سەردانی وڵاتێکی دراوسـێ بکاتو بەرنامەیەکو ئەجێندایەکی تایبەت بهێنێتەوە؟ هەر لیستەو لەماڵی خۆی دانیشێتو بە هەوای وڵاتێکی دەرەوە قسە بکات؟ ئەو کاتە بهێنە بەرچاوی خۆت، چی بەسەر هەولێری قوڕ بەسەر دێت؟ ئێستا بەغدای خێرلەخۆنەدیو هەمان شتە؟ هەڵە نیم، ئەگەر بڵێم، ئێستا بەغدا شتێکی باشی ماوە، ئەویش ئەوەیە کە فەقیرە بەلای سیاسەتدا ناچێت؟ سەیرە سیاسەتی هەموو دنیاو دەوڵەتانی ناوچەکە پەیوەستە بە بەغداو سیستمی سیاسیو دەسەڵاتدارێتیی ئەو وڵاتەوە!، کەچی بەغدا هیچ سیاسەتی تێدا ناکرێت؟ ئاخر خۆ هیچی بەدەست نییە، ئەگەر شتێکیش بڵێت، ئەوا لە واشنتۆنەوە، لە تارانەوە، لە ئەنقەرەوە، لە ریازەوە، لە قاهیرەوە، تەنانەت لە مۆزەمبیقو سۆماڵو پیرۆو لیتوانیاشەوە، وەڵامی دەدرێتەوەو بۆی نییە قسە بکات؟ بۆی نییە دەم لە سیاسەت وەربـدات، بۆی نییە بریار بـدات. تۆ سەیربکە، لەوەتەی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق راگەیەنراوە، بەغدا چۆڵ بووە، لیستەکانو هێزو سەرکردەکان هەموویان لە سعودیەو ئێرانو تورکیاو میسر دێنو دەچن.. بە راستی ئێستا نازانی عێراق لە کوێوە بەڕێوەدەبرێت، لە ریـازەوە، یان لە تـارانو واشنتۆنەوە؟ ئـەوان عـێـراق بـەڕێـوەدەبـەنو کـوردی فەقیریش ناوێرێت، شتێک بڵێت، داروبەرد لێی دەکەنە هاتوهاوارو تاوانباری دەکەن، کە یەکپارچەیی عێراق دەخاتە مەترسییەوە. تۆ بڵێیت، قسە هەبێت لە یەکپارچەیی عێراق بێتامترو بێماناتر؟ ئاخر عێراقێک هیچی بەدەست نەبێتو پایتەختەکەی چۆڵوهۆڵ بووەو سیاسەتی لێ ناکرێتو بڕیارەکانی لە دەوروبەرو وڵاتانەوە بۆ دەردەچن، تۆ بڵێیت، سەروەرییو یەکپارچەییەکەی لەکوێوە بێت. بۆ نەگبەتیو ماڵوێرانی کوردیش، کورد چاوی بڕیوەتە پۆستو پایە گرنگەکانی ئەم وڵاتە، ئاخر ئەی کورد، پۆستێکت بۆچییە لەوڵاتێکدا کە دەوڵەتانی دیکە رازی بن، ئەگەر بێتو وەریبگری؟

عەرەبەکانی دەوروبەر کە هیچ خۆشیان لە ئامادەگی ئێران نایە لە عێراق، ورگی خۆیان دڕاند، ئەوەندەی دژی بوونی ئێران گوشار بخەنە سەر هێزە عێراقییەکانو بە راستی هێزەکانو پێکهاتەکانی عێراقیان هاڕیوە. لەولاشەوە ئێران وەکو سێبەرێکی چڕ بە شەوو بە رۆژ بـەدوای هێزو پێکهاتەکانی عێراقەوەیەو ئاگای لەهەموو هەناسەکانی بەغدایە، ئەنقەرەش خۆی بە خاوەنی ماڵ دەزانێتو قسەی زۆر لەخۆی گەورەتر دەکات لەسەر عێراقو پێکهاتەکانی ناو عێراق. ئەوان حەقیانە، چونکە عێراق خۆی ئەوە لە شانو شەوکەتی دەوەشێتەوە.

لەکاتێکدا بۆنی خوێنو دەنگی تەقینەوە بەهێزەکان شەقامەکانی بەغدای گرتووەتەوە، ترسو دڵەراوکێ ماڵەکانی داگیرکردووە، کەچی هێزەکان خەمی ئەوەیانە کام پۆستو کام ئیمتیازە بەدەستبهێنن، خەمی عێراق هێندەی لەناوەوەیە هێندە لە دەرەوە نییە، هەتاوەکو عێراقییەکان نەگەنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت برینەکانوناکۆکییەکان لەناوەوە چارەسەربکرێن، ئەوا وەزعی عێراق لەوە باشتر نابێت. ئەو دەوڵەتەی هەمیشە پشت بە دەرەوە ببەستێت هەرگیز بێگرفتو کێشەی گـەورەو قـوڵ نابێت، نموونەش عێراقە. گرفتەکانی عێراق لەدەرەوە چارەسەر ناکرێن، چونکە لە (٢٠٠٣)ەوە بینیمان رۆژبـەڕۆژ چۆن رەوشـی عێراق مەترسی لەسەرەو جێگیر نەبووە. کەواتە کێشەکان لەبەغداوە چارەسەر دەکرێن، نەوەکو لەشوێنێکی دیکە، ئەمەش بە مانای ئەوە نییە کە بڵێین، عێراق دەرگاکانی خۆی دابخاتو وڵاتێک بێت بەسەر خۆیدا دابخرێت، نەخێر، ئەمرۆ مۆدێلی ئەوە نەماوە کە وڵاتێک بەسەر خۆیدا دابخرێت، بـەڵام ئـەوەی عێراقیش کـارەسـاتـە، کە ئاوخواردنەوەکەشی بە بڕیاری خۆی نەبێت. دەبێت ئێمەی کوردیش لەبەردەم ئەجێندای جیاوازدا زۆر بەئاگا بین، نەوەکو خودی بەغدا بۆ ئێمە بکەنە تەڵەیەکی دانراو؟

# قایمقامی کۆیە: هێشتا کاریگەریی دووئیدارەیی لەسەر کۆیە ماوە

سازدانی: هەنگاو هاشم

**چاپوک عومەر، قایمقامی قەزای کۆیە رایدەگەیەنێت: قەزای کۆیە قوربانیی یەکەمی داوە بەهۆی دوو ئیدارەییەوەو تا ئێستاش کاریگەریی دووئیدارەیی بەسەرەوە ماوە، هەروەها رۆتینات هەیە لە کاروبارەکانداو ئەگەر تونێلی هەیبەت سوڵتانیش تەواوبوایە، رێرەوی کۆیە باشتر دەبوو، هاوکات ئاماژە بەوەش دەکات؛ ئاسانە کۆیە بکرێت بە شوێنێکی گەشتیاریی، بەڵام نەکراوە.**

**رۆژنامە: ئەو بودجەیەی لەئێستادا بۆ کۆیە تەرخانکراوە، تا چەند دەتوانێت کارو پڕۆژەکان بەڕێوەببات؟**

* دەربارەی قایمقامیەتی کۆیە، تەنیا بڕی (٣) ملیۆنمان هەیە وەکو نەسریە، جاران (٣٪)ی پڕۆژەکان دەهاتەوە بەردەستی قایمقام، بەڵام لەئێستادا ئەمە نەماوە، بۆیە لەئێستاشدا لە کۆیە کۆنکرێتمان نییەو شەقاممان قیرتاو نییە، ئەمەش بەگەورەترین کێشەی ئێمە دادەنرێت، هەروەها لە رووی باڵەخانەوە کێشەمان هەیەو جیاوازیش دەکرێت لەنێوان شارە گەورەکانو شارە بچوکەکاندا، تا ئێستاش کۆیە کاریگەریی دووئیدارەیی پێوەدیارەو رۆتینات هەیە لەکاروبارەکاندا، لەئێستادا شاری کۆیە لەزۆر بواردا پاشکەوتووە بۆنموونە لەساڵانی پێش راپەڕیندا، کۆیە شوێنێکی بازرگانیی بووەو باڵەخانەکانی لەئاستی باڵەخانەکانی بەغدادا بوون، بەڵام ئەمڕۆ لەم بازنە بازرگانییەدا نەماوەو ئەمەش بەهۆی نەبوونی رێگاوبانی پێویستەوەیەو ئەگەر تونێلەکەی هەیبەت سوڵتان تەواو بوایە، کۆیەی دەهێناوە سەر رێڕەوی خۆی، زۆرئاسانیشە کۆیە بکرێت بە شارێکی گەشتوگوزاریی، بەڵام نەکراوە لەگەڵ ئەوەی تێچوونی کەمی دەوێت.



چاپوک عومەر، قایمقامی کۆیە

**رۆژنامە: هۆکار چییە کە چەندین پڕۆژە هەن لەشاری کۆیە کە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە دەستیانپێکراوە، لەکاتێکدا دەبوایە کارەکانیان تاواوبوونایە، بەڵام تا ئێستا تەواو نەبوون؟**

* پڕۆژەکانی شاری کۆیە، بەشێکی زۆریان دەبوو چەندساڵێک پێش ئێستا تەواوبکرانایە، بەڵام چەند هۆکارێک هەن بۆ تەواونەکردکیان، یەکێک لە هۆکارەکان، دووئیدارەییە، کە پێشتر رێنماییمان لەسلێمانییەوە بۆ دەهات، بەڵام لەئێستادا لە پارێزگای هەولێرەوە رێنماییمان بۆ دێت، بۆیە کۆیە قوربانیی یەکەمی داوە بەهۆی دوو ئیدارەییەوە، چونکە کۆیە سەر بەپارێزگای هەولێرەو لە سلێمانییەوە بودجەو رێنمایی بۆ دەهات، یەکێکی دیکەش لەهۆکارەکانی شکستی پڕۆژەکان، خودی بەڵێندەری پڕۆژەکان بوون، کە نەیانتوانیوە پڕۆژەکان ئەنجامبدەنو بەجێیانهێشتوون.

**رۆژنامە: ماوەی سێ ساڵە بڕیاری تێکدانی بەشێک لە دوکانو خانووەکانی ناوشاری کۆیە دراوە بە مەبەستی فراوانکردنی شەقامەکەی، بەڵام تائێستا ئەم بڕیارە جێبەجێنەکراوە، هۆکارەکەی چییە؟**

* لەئێستادا ئەم بڕیارە وەستاوە، بۆیە رێگە دەدەین بەخاوەنی موڵکەکان ئەو موڵکانەی کە هەیانە نۆژەنی بکەنەوە. هۆکاری وەستانی ئەم پڕۆژیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تێکدانو دروستکردنی تێچوونی زۆری دەویست، لەسەرەتادا ئیدارەی سلێمانی بەم کارە هەڵسا، دواتر گوازرایەوە بۆ ئیدارەی هەولێر، هەروەها دەمەوێت ئەوەش بڵێم، ماوەی دوو ساڵ بودجە لەلایەن ئیدارەی سلێمانییەوە نەهاتبوو بۆ کۆیە، لەئێستاشدا بودجەی پارێزگای هەولێر کەمبووەتەوە، بەشێوەیەک ئەو بودجەیەی ئێستا هەیە، ناگاتە (٢٥٪)ی ئەو بودجەیەی پێشتر هەبوو، بۆیە بەناچاریی راگیراوە، ئەم شوێنەش هەردەبێت تێکبدرێت کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری کۆیەوە، چونکە شەقامێکی سەرەکییە.

**رۆژنامە: لەگەڵ ئەوەی کە ناحیەی تەقتەق شوێنێکی گونجاوە بۆ گەشتیاریی، بەڵام تا ئێستا پڕۆژەی گەشتیاریی لێ نەکراوە، بۆچی؟**

* ناحیەی تەقتەق یەکێکە لە شوێنە گرنگەکانی قەزای کۆیەو دەتوانرێت زۆر پڕۆژەی لێبکرێت، بەڵام بودجە یەکێکە لەهۆکارە گرنگەکان بۆ ئەوەی بتوانرێت پڕۆژەی لەسەر بکرێتو داوتر نەبوونی ریگاوبان بۆ ئاسانکاریی بۆ ئەوەی پڕۆژەی تێدا ئەنجامبدرێتو ئینجا خەڵکی کۆیەو سەرمایەدارانی بەهیچ شێوەیەک لێمان نایەنە پێش بۆ ئەوەی بتوانین پڕۆژەیان بدەینە دەستو رێککەوین لەگەڵیان.

# «دادگایینەکردنی سەرۆک جاشەکان، بێڕێزییە بەرامبەر قوربانییانی ئەنفال»

راپۆرتی:
پشتیوان سەعدوڵڵا

**شارەزایانی کەیسی تاوانی ئەنفالو کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال بەدادگایینەگەیاندنی سەرۆک جاشو ئەو کەسانەی بەشدارییان لە ئەنفالداکردووە بە گەورەترین سوکایەتی بەرامبەر کەسوکاری قوربانییانو بچووکردنەوەی کارەساتەکە وەسفدەکەن، هاوکات داڵدەدانی ئەو تۆمەتبارانە بە شەرمەزاریی بۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان ناودەبەن.**

هێمن کامیل، یەکێک لە کەسوکاری قوربانییانی ئەنفالو شارەزا لە مەسەلەی ئەنفال بە رۆژنامەی راگەیاند: گەورەترین بێڕێزیی بەرامبەر قوربانییانی ئەنفالو کەسوکاری قوربانییان بە دادگایینەگەیاندنی جاشو سەرۆک جاشەکانە، لە کوردستاندا سەرۆک جاشەکان نەک پەراوێزنەخراونو شەرمەزارنەکراون، بەڵکو حیزبە باڵادەستەکان پشتگیریان کردوونو داڵدەیانداونو بوون بە کەسانی خاوەن پلەوپایەو هەندێکیشیان شانازیی بە رابردووی خۆیانەوە دەکەن، بەرژەوەندیی حیزبیی وایکرد کە نەتوانین سەرۆک جاشەکان بدەینە دادگا، چونکە لە کوردستاندا لە بری یاسا حیزب سەرووەرە، حکومەتی هەرێمیش نەک زەمینەی نەرەخساندووە بۆ بەدادگاییگەیاندنی سەرۆک جاشەکان، بەڵکو بە جۆرێک لە جۆرەکان چاوپۆشیی لێکردوونو تەنانەت سەرکردە حیزبییەکان پاکانەیان بۆ کردوون.

وتیشی: «لەکاتێکدا ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێم بوو کە زەمینە بڕەخسێنێت بۆ بەدادگاییگەیاندنی سەرۆک جاشەکانو کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان».

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە (٢٠٠٧/٦/٢٤) پرۆسەکانی ئەنفالی گەلی کوردی بە رەسمی بە جینۆساید ناساندو هەروەک لە بڕیاری دادگاکەدا هاتووە: «دانانی تاوانی قەسابخانەکانی پرۆسەکانی ئەنفال بە تاوانی کۆمەڵکوژیی (جینۆساید)و بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیو تاوانی جەنگ دەرهەق بە رۆڵەکانی نەتەوەی کوردو ئەم تۆمەتبارانە تاوانبارکران بە حوکمی لەسێدارەدان. (عەلی حەسەن مەجید، سوڵتان هاشم، حسێن رەشید تکریتی، سابر عەبدولعەزیز دوری، فەرحان موتڵەگ).

دوای دادگاییکردنی گەورە ئەنجامدەرانی پرۆسەی ئەنفال، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لیستێکی لە ناوی ژمارەیەک تۆمەتبار، کە بەشێکیان جاشو سەرۆک جاشی کوردن ئاراستەی لایەنەپەیوەندیدارەکان کرد بۆ راپێچکردنیان بۆ بەردەم دادگا. بەپێی بڕیاری (٣)ی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، «کردنەوەی دۆزێکی سەربەخۆ دەرهەق بە (٤٢٣) تۆمەتباری دیکە کە لە کاتی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردندا ناوەکانیان هاتبوو».

دوای سێ ساڵ لە داواکارییەکەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تائێستا سەرۆک جاشو ئەو کەسو لایەنانەی بەشدارییان لە ئەنفالدا کردووە نەبراونەتە بەردەم دادگا، ئەوەش کاریگەریی سلبیی لەسەر گەورەیی تاوانەکە دروستدەکات.

بە بڕوای هێمن کامیل، دەبێت هەوڵی بەسزاگەیاندنی ئەوانە بدەین کە بەشداریی راستەوخۆو ناراستەخۆیان لە ئەنفالدا کردووە، بۆنموونە (سەرۆک جاش، جاش، ئەو بەرپرسە سەربازییانەی کورد کە لە سوپای عێراقدا بوون) تەنیا حیزبی بەعس ئەنفالی کوردی نەکرد، بەداخەوە ئەنفال لە چەند کەسێکدا کۆکراوەتەوە، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیەو خۆ بە بچووکزانینی کوردەو بە کەم سەیرکردنی قوربانییەکانمانە، دەبێت موستەشارەکان بدرێنە دادگا بۆئەوەی ببنە پەند بۆ نەوەکانی داهاتوو تا جارێکی دیکە کەس نەتوانێت خیانەت لە میللەتەکەی بکات.

هەروەک سالار مەحمود، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستانو شارەزا لە مەسەلەی ئەنفال بە رۆژنامەی راگەیاند: دەبێت سەرۆک جاشەکانو ئەو کەسو لایەنانەی بەشداریی ئەنفالیان کردووە بدرێنە دادگاو دادگایی بکرێن، لە کوردستاندا رەوانییە هیچ هێزێکی سیاسی بە هەر پاساوێک بێت چاوپۆشیی لەو کەسانە بکات.

بەدادگایینەگەیاندنی سەرۆک جاشو موستەشارە کوردەکانو داڵدەدانیان لەلایەن حیزبە باڵادەستەکانەوە پێشێلکردنی مافی مرۆڤەو ئازارێکی بەردەوامی کەسوکاری قوربانییانی ئەنفالە.

سالار مەحمود وتی: « زۆرجار کە دەبینم چەند کەسێک لە گەورە تاوانبارەکانی ئەنفال لە ناو کۆمەڵگەی ئەنفالکراودا دێنو دەڕۆنو تائێستاش بەشێوەیەک ئیعتیباریان هەیە، جەستەم دەهەژێنێت، سەدان هەزار خەڵکی کورد بە زیلو مەکینە دەبران بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق، نابێت وێنەکانی ئەنفال لەبیربکەین، ئەوەی کە ئازاری کەسوکاری قوربانییەکان دەدات ئەوەیە کە تائێستا مەلەفی تاوانبارانی راستەقینەی ئەنفال داخراوەو دادگایینەکراون، بەدادگایینەگەیاندنی ئەو تاوانبارانە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤو کەسوکاری قوربانییانە، دەبوو سەرۆک جاشەکان خۆیان بچوونایەتە بەردەم دادگاو داوای لێبووردنیان لە گەلی کورد بکردایە».

# بەرکەوتووانی کیمیابارانی خۆشناوەتی، چاوەڕوانی چارەسەرکردنن

ئاوارە حەمید: هەولێر

**دوای (٢٢)ساڵ لە کیمیابارانکردنی دۆڵی باڵەییان، تا ئێستا بەرکەوتووانی ناوچەکە لە چاوەڕوانی چارەسەردا مەرگ رووبەڕوویان دەبێتەوەو بەم هۆیەشەوە (٤٦) بریندارایان گیانیان لەدەستداوەو قوربانییانی ئەم ناوچەیەش داوادەکەن، جیاوازی لەنێوان ناوچە کیمیابارانکراوەکاندا نەکرێت.**

لە بەرواری(١٩٨٧/٤/١٦)دا ناوچەی خۆشناوەتی بەدەستی رژێمی بەعس کیمیاباران کراو ساڵی (١٩٨٨)یش دووبارە کرایەوە، کە هەر یەک لە گوندەکانی بالیسانو شێخ وەسانو کانی بەردو تووتمەو خەتێو قاسماوەو وەرێو دۆڵی مەلەکانی گرتووەتەوە.

رابیە محەمەد، دانیشتووی گوندی تووتمە، کە بەهۆی چەکی کیمیاییەوە هاوسەرەکەی شەهیدبووەو خۆشی بەهۆی کاریگەریی گازەکەوە تووشی هەناسە تەنگی بووە، توانای قسەکردنی ئاسایی نەبوو، لە خانووە قوڕینەکەیدا لەگوندی تووتمە بۆ رۆژنامە وتی: «هاوسەرەکەم گیانی لەدەستداو منیش برینداربووم، تا ئێستا بەردەوام بە چارەسەری پزیشکی خۆم راگرتووەو توانای کارم نییەو نابێت هەتاو لێمدا».

ئەو بەرکەوتووەی چەکی کیمیایی، نیگەرانیی خۆشی پیشاندا بەوەی تا ئێستا هیچ مووچەیەکی نییەو دەبێت چارەسەری پزیشکیی لەسەر گیرفانی خۆی بکرێت.

حەیدەر عەبدوڵا، سەرنووسەری گۆڤاری راز، کە گۆڤارێکی ساڵانەیەو لە ساڵیادی کیمیابارانی ناوچەکەدا دەردەچێت، هاوکات بەرکەوتوویەکی چەکی کیمیاییە، پێیوایە کە دوای (٢٢) ساڵ لەو کارەساتە وەکو پێویست خزمەتی ناوچەکە نەکراوە.

سەرنووسەری گۆڤاری راز بەنیگەرانییەوە باس لەوە دەکات، کە هەموو ساڵێک لەیادی ئەو کارەساتەدا بەشێوەیەکی رۆتینی یادەکە دەکرێتەوەو چەند بەرپرسێک ئامادە دەبنو چەند بەڵێنێک دەدەن، بەڵام بەڵێنەکان ناچنە بواری پراکتیکییەوە.

حەیدەر بەراوردێک لەنێوان ناوچەی خۆشناوەتیو شاری هەڵەبجەدا دەکاتو دەڵێت: «ئەگەر تەماشای هەڵەبجە بکەین وەک قەزاو شێخ وەسانو بالیسان وەک گوند، دەبینین رێژەی شەهیدانو بریندارانی زۆر زیاترە لە هەڵەبجەو پێشی وایە، دوای کارەساتەکە وەک قەبارەی خۆی تەماشا نەکراوە».

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە لە کارەساتی کیمیابارانکردنی ناوچەی خۆشناوەتیدا، کە بەچەند قۆناغێکو لە چەند کاتێکی جیاوازدا ئەنجامدراوە، لە گوندی شێخ وەسانان (١٥٦)شەهیدو (٢٣٩)بریندار، لە بالیسان (٢٩)شەهیدو (٨٧)بریندارو لە گوندی وەرێ کە لە (١٩٨٨/٥/١٥)دا کیمیاباران کرا (٣٥) شەهیدو لە قاسماوە (٦)شەهیدو (٢١) بریندارو لە گوندی خەتێ (٧)شەهیدو (٧)بریندارو لە دۆڵی مەلەکان (١٤) شەهیدیان لێکەوتووەتەوە.

فاتیمە محەمەد کە بەرکەوتوویەکی کیمیایی گوندی وەرێیە، لەسەرەتای قسەکانیدا بۆ رۆژنامە وتی: «زۆر جاریتر وێنەیان گرتینو هیچیان بۆ نەکردووین». پاشان فاتیمە کەوتە گێڕانەوەی کارەساتەکەو وتی: «کوا خزمەتگوزاریی، تەماشای ئەم گوندە بکە، کوا خوێندنگە، کوا نەخۆشخانە، کوا رێگەوبانو ئاووئاوەڕۆ؟، ئێستاش گوندەکەمان لە ساڵی(١٩٨٨) دەچێت».




دوای (٢٢)ساڵ لە کیمیابارانکردنی ناوچەکە، هێدی هێدی بەرکەوتووانی کیمیابارانی ناوچەکە مەرگ رێیان پێدەگرێتو لەم ماوەیەشدا (٤٦) قوربانیی گیانیان لەدەستداوە.

سابیر خۆشناو، بەرپرسی رێکخراوی کیمیابارانو ئەنفالکراوەکانی بالیسانو دەوروبەری، لە لێدوانێکی پێشتریدا بۆ رۆژنامە وتی: «باری تەندروستیی رێژەیەکی بریندارن خراپەو رۆژبەڕۆژ مەرگ بەرەو روویانەوە دیت، تەنیا ئەوانەی کە بە کاریگەریی چەکەکەو چارەسەرنەکردنیان گیانیان لەدەستداوە (٤٦)بەرکەوتووی ناوچەکەیە».

سەرنووسەری گۆڤاری رازیش داوا دەکات، کە چیتر حکومەت جیاوازی نەکات لەنێوان بەرکەوتووانی ناوچەکەو شوێنەکانی دیکەداو وەک یەکەم شوێنی کیمیابارانکراو سەیری ناوچەی خۆشناوەتی بکرێت.

# دەسـەڵاتو سـامـانـی مـرۆیـی



د.محەمەد ئەمین عەلی عومەر *

٢-٢

## ئایا کورد سامانی مرۆیی هەیە؟!.

بە رای زۆر لە شارەزایانی کۆمەڵناسیو سیاسیی جیهان هەموو میللەتانی جیهان شایستەی ئەوەن ببنە سامانێکی مرۆیی بەنرخ لەڕێی جێبەجێکردنی پرۆسەیەکی زانستیی کۆمەڵایەتی، کە بەستراوەتەوە بە هزرو فیکری ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی وڵات بەڕێوەدەبات، بەڵێ کوردیش وەک هەموو کۆمەڵگەیەکی جیهان دەکرێت بکرێت بە سامانێکی مرۆیی بەنرخ، ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی ئارەزوومەندبێت، بەڵام ئێستا سامانە یان نا ئەوە راوبۆچوونی زۆری لەسەرە، کاتێک دەسەڵاتی سیاسیی کوردی تووشی گرفتو شکست دەبێتەوە هەموو هۆکان دەخاتە ئۆباڵی تاکی کوردو بە کەمتەرخەمو نەزانو نەشارەزا ناویان دەباتو خودی خۆیان لە هەموو ئیلتیزاماتێکی ئەخلاقیو پیشەییو نەتەوەیی بەدووردەگرن، وەک ئەوەی هیچ تاوانێکی ئەمانی تێدانەبێتو ئەمان نەبوونەتە هۆی لاوازکردنی سامانی مرۆیی کوردی، ئەگەر بە وردیی بڕوانینە بارودۆخەکەو بە مەوزوعیانە هەلیبسەنگێنین، بۆمان دەردەکەوێت کورد خاوەنی سامانی مرۆییە، (بەڵام چ سامانە مرۆییەک) ئەگەر سەیری باری خوێندەواریی تاکی کورد بکەین بۆمان دەردەکەوێت رێژەی نەخوێندەواریی لەناو کورددا کەمترە لەو وڵاتانەی جیهانی سێیەم، کە سامانی مرۆیی کارامەو پرۆفیشناڵیان هەیە.

هەرچەند من بۆخۆمو تەنانەت لایەنە پەیوەندیدارەکانیش هیچ ئامارێکی باوەڕپێکراومان نییە لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام بە رای من کورد خاوەنی سامانی مرۆییە، دەرچووی زانکۆو پەیمانگاو دەستە تەکنیکییەکانو خاوەن پیشە جیاجیاکان سامانی مرۆیین، بەپێی بنەمای زانستیی گەشەپێدانی توانستی مرۆیی بێت ئەوانە سامانی مرۆیین، بەڵام پرۆفیشناڵن یان نا ئەوە بابەتێکی دیکەیە لەڕێی بەرنامەکانی گەشەپێدانی توانای سامانی مرۆییەوە دەکرێت، لەبری سەقەتکردنی ئەو سامانە مرۆییە خامە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە، ئەگەر گەشە بە توانستەکانیان بدەین دەتوانین پرۆفیشناڵی بکەینو مەعایری جیهانی بەسەریاندا بسەپێنین، کە لە بەرژەوەندیی هاوڵاتیو دەسەڵاتی سیاسیشدایە.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پاراستنی سامانە مرۆییەکە لە هەردوو رووی تەندروستیو ئاسایشی گشتییەوە لە گەشەپێدانو پرۆفیشنالکردنی گرنگترە، دەسەڵاتە دیموکراتو مۆدێرنەکانی دنیا چۆن هەوڵی پاراستنی سیستمی سیاسیو ئاسایشی نەتەوەییو سامانە سروشتیو داراییەکان دەدەن، زیاتر هەوڵی پاراستنی سامانە مرۆییەکە دەدەن (ئەوان سامانی مرۆییان بەلاوە بەنرخترە لە سامانەکانی دیکە)، ئەوەش بە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیو دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەواو بۆ گشت کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی لە رێگای سامانە مرۆییەکە خۆیەوە، کاتێک دەسەڵاتی سیاسی دەگاتە ئەو ئاستەی بیر لە ئەمنو ئاسایشی خۆی بکاتەوەو بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت، لەبری ئەمنوئاسایشی سامانە مرۆییەکە (هاوڵاتی)، هاوڵاتی دەخاتە دەرەوەی هاوکێشە سەرەکییەکەوە، مرۆڤو بەها مرۆڤایەتییەکان لە هاوکێشەکە دەردەچنو دەسەڵاتی سیاسیی مەرجەعییەتی خۆی دەدۆڕێنێت کە تاکی کۆمەڵە (سامانی مرۆییە)، لەئەنجامدا ئەو عەدالەتە کۆمەڵایەتییەی کە ئامانجە، نایەتەدی.

هیندستان وڵاتێکی هەژارە لەچاو وڵاتە بیانییە خۆرئاواییەکان، بەڵام بەهۆی بوونی سامانێکی مرۆیی پرۆفیشناڵەوە توانیویەتی ئەو سامانە مرۆییە بنێرێتە دەرەوەی وڵات بۆ کارکردن، کە توانایان لە توانای سامانە مرۆییە جیهانییەکان کەمتر نییە، لە هەمانکاتدا بەپێی پرۆژەیەکی زانستیی سامانە مرۆییەکەی ناوەوەی وڵاتی پێشخستووەو گەشەی پێکردووە، لەگەڵ ئەوەی سیستمی کارگێڕیی حکومەتەکەی زۆر جیاواز نییە لە سیستمی وڵاتە دواکەوتووەکان، لەگەڵ پێشکەوتنی جیهانگیریی زۆر لە کۆمپانیا خۆرئاواییەکانی جیهان بیریان لەوە کردەوە کارەکانیان بگوێزنەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە داهاتی تاک تیایدا کەمەو سامانی مرۆییان هەیە بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان لەپێناو گەڕان بەدوای (قازانجدا) بەرژەوەندیی ئابووریدا، هەر بۆیە ئەم کۆمپانیا نێودەوڵەتییانە رووەدەکەنە ئەو شوێنانەی سامانی مرۆیی پرۆفیشناڵی لێیەو لەهەمانکاتدا هەلی کار بۆ هاوڵاتییان دروستدەکەنو دەبنە سامانێک بۆ وڵات.

ئەگەر بمانەوێت سامانە مرۆییەکەمان پێشبخەینو کارای بکەین، پێویستمان بە دوو بەرنامەی کار هەیە.

١- دروستکردنو پەروەردەکردنی سامانێکی مرۆیی پرۆفیشناڵ لە رێگەی کاراکردنی زانکۆو پەیمانگاو دەستە تەکنیکییەکان، بەجۆرێک کۆمپانیا جیهانییە گەورەکان رووومان تێبکەنو کارەکانیان بگوێزنەوە بۆ وڵاتەکەمان.

٢- ناردنی سامانە مرۆییەکە بۆ دەرەوەی وڵات بۆ پێشخستنو کاراکردنی لەهەموو بوارە جیاجیاکانی ژیانو پرۆفیشناڵکردنیان بە بەرنامەیەکی داڕێژراو.

ئەم بەرنامەیەش کاتێک دەبێتە واقیع ئەگەر:

١- بتوانین بەرنامەیەکی کارگێڕیی هاوچەرخی وا دروستبکەین لە بیرکردنەوەو پێداویستی کۆمپانیا گەورەکان بگاتو بە سیستمێک رێکی بخەینو پراکتیزەی بکەین.

٢- بتوانین کۆمەڵگە پرۆفیشناڵ بکەین بە زمانی بیانیی بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، دووپاتکردنەوە لە زانستی کۆمپیوتەرو زانستی عەلاقاتی نێودەوڵەتی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان بەشێوەیەکی زانستی دوور لە سازشکردن لە مافە گشتییو سەرەکییەکانی سامانە مرۆییەکە.

٣- دوورکەوتنەوە لە بەحیزبیبوونی کۆمەڵگە (جیاکردنەوەی حکومەت لە حیزبو نەهێشتنی هەیمەنەی حیزبیی بەسەر دەزگا حکومییەکانو کۆمەڵگەوە)، بەمانای ئەوەی حکومەت پەرەپێدانو رێزگرتن لە پیشەکان بگرێتە ئەستۆی خۆیو هەوڵبدات بۆ دروستکردنی سامانی مرۆیی باش (کادیری باش) بە پاراستنی رەوشتە پیشەییەکان لە هەموو بوارەکانی ژیان بەپێی مەعایری نێودەوڵەتیی (گەڕانەوەی کەرامەتی پیشەیی بۆ گشت پیشەکان لە هەردوو سێکتەری گشتییو تایبەت).

ئەگەر ئێمە توانیمان ئەم سێ خاڵە جێبەجێبکەین، دەتوانین ببین بە خاوەنی سامانێکی مرۆیی پرۆفیشناڵو لە داهاتوودا پشتی پێببەستین، تەنانەت لە سامانە سروشتییەکانمان بەنرختر دەبێت بە نەوتیشەوە، ئەم کارەش تەنیا بە دەسەڵاتێکی سیاسی خاوەن هزرو فیکری هاوچەرخ دەکرێت، کە بەڕاستی دەسەڵاتێکی نیشتمانیی دڵسۆز بێتو حکومەت لە حیزب جیابکاتەوەو کەرتی تایبەتیش گەشەپێبدات بەشێوەیەکی یاسایی بەمەرجێک دەسەڵاتی سیاسی خۆی بازرگانیی نەکات!، دەبێت کەرتی تایبەت دەورێکی باشی هەبێت لە بنیادنانو پەروەردەکردنی ئەو سامانە مرۆییە شانبەشانی دەزگا تایبەتە حکومییەکان، ئەمەش بەستراوەتەوە بە هزرو فیکری دەسەڵاتی سیاسییەوە، کە بەرزترینو پیرۆزترین دەسەڵاتە ئەگەر بیەوێت وڵات ئاوەدان بکاتەوە دوور لە بەرژەوەندیی تاکەکەسیو حیزبایەتی، پێویستە دەسەڵاتی سیاسی گرنگییەکی زیاتر بدات بە کەرتی تایبەت، بەڵام تایبەتی هاوبەش، کە هاوڵاتییان بە هەموو چینەکانیانەوە بۆیان هەبێت بەشداریی بکەن، نەک کەرتی تایبەتی تایبەتمەند!، کە چەند کەسانێکی سیاسی موقەدەس! یان حیزبە موقەدەسەکان! دەبنە خاوەنی ئابووریی وڵاتو هەموو جۆرە بازرگانییەک قۆرغدەکەن بە خۆیانو حیزبەکەیانەوە، لە کۆتاییدا ئەو حیزبە دەسەڵاتدارە دەبێتە خاوەنی سەدەها کۆمپانیای بازرگانی تایبەتی گەندەڵ!، لەئەنجامدا کەرتە گشتییەکەش بە شێوەیەکی ناراستەوخۆو بە یاسا سەیروسەمەرەکانیان دەخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوەو بەروبوومی دەوڵەت دەخەنە سەر سەرمایەی تاکەکەسە موقەدەسەکانی حیزب، کە هەردەم لەسەرو یاساوەن، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کەسە موقەدەسو حیزبە موقەدەسەکان خودی خۆشیان ناتوانن بەربەست بن لە گەندەڵکارانو هەندێکجار جڵەوەکەشیان لەژێر دەست دەردەچێت، ئەگەر نیەتیشیان هەبێت تۆزێک چاکسازیی سەرزارەکی بکەن؟!، کە ئەگەر بشکرێت هیچ سوودێکی نییەو ناتوانن بیکەن، ئەوکاتە بۆیان دەردەکەوێت کە خاوەنی بڕیاری نیشتمانیی گەورە نین، چونکە سوپایەک لە گەندەڵکارانیان دروستکردووەو وڵاتیان بەرەو هەڵدێر بردووە، وەک لە وڵاتی خۆماندا باوە، لەهەمانکاتدا میللەتیش خاوەنی هیچ نییەو دەسەڵاتی سیاسی بووەتە کۆمپانیای ئابوورییو کار بۆ بەرژەوەندیی خۆیانو حیزبەکانیان دەکەن، زەرەرمەندی یەکەم میللەتو هاوڵاتی ئاساییە، کە (سامانە مرۆییەکەیە) ئەگەر تۆمەتباریش نەکرێن بە رێزنەگرتن لە بەها نیشتمانییەکانو تەخوینیش نەکرێن بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی گەل، ئەوا خێری دەوێتو دەبێت مەمنوونی ئەو دەسەڵاتە موقەدەسە بن کە میللەتی گەیاندووەتە ئەم رۆژە.

راستییەک هەیە دەبێت هەموومان بیزانین (میللەتی دەوڵەمەند ئەو میللەتە نییە کە لەسەر بەحرێک نەوت بژی، بەڵکو ئەو میللەتەیە کە سامانی مرۆیی پرۆفیشناڵی هەبێت، سامانی مرۆیی موقەدەسی هەبێت، نەک حیزبو کەسایەتی حیزبی موقەدەس، بەمانایەکی دیکە ئەو میللەتەیە کە عەقڵو هزرو فیکری ئازاد بێت).

ئەو کۆمەڵگەیەی سامانە مرۆییەی کە لە هەموو روویەکەوە پرۆفیشناڵە، لە رووی هزرو فیکرو رۆشنبیرییو تەندروستیو سیاسییەوە، نایەڵێت دەسەڵاتێکی مۆنۆکرات بەڕێوەی ببات، کە لەئەنجامدا ئازادییو دیموکراسییەت لەدەستبداتو بگەڕێتەوە بەرەو دیکتاتۆرییەتو دەسەڵاتی حیزبیی موقەدەس، بەڵکو لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون بەپێی یاسایەکی دادپەروەریی، سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی دەسەڵاتێکی تەکنۆکرات قبوڵدەکات، کە ئازادیی دیموکراسی هاوڵاتی بپارێزێتو بە یاسا دەوڵەت بەڕێوەببات بێ جیاوازی رەگەزو دینو هتد...

ئەوەی جێی داخە رۆژ نییە گەنجەکانمان، کە بە بڕبڕەی پشتی سامانی مرۆیی ئایندەی وڵاتن بە کۆمەڵ کۆچ نەکەن بەرەو هەندەران، بەرەو ئایندەیەکی نادیار، ئەمە زیانێکی هەرە گەورە بە سامانی مرۆیی کورد دەگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی پەیوەندیدار (دەسەڵاتی سیاسی) هیچ کاردانەوەیەکی نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانو رێگرتن لە کۆچکردنی گەنجان یان هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو سامانە مرۆییە پرۆفیشناڵەی دەرەوەی کوردستان بەمەبەستی سوودلێوەرگرتن بۆ پرۆفیشناڵکردنی سامانە مرۆییەکەی ئایندە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئایا دەسەڵاتی کوردی بەلایەوە گرنگە سامانە مرۆییە بە نرخەکەی بپارێزێتو رزگاری بکات لە چوونەدەرەوەی وڵاتو دەربەدەربوون بەرەو ئایندەیەکی نادیار؟.

ئەم وەڵامە بۆ دەسەڵاتی سیاسی بەجێدەهێڵم، بەڵکو لە ئایندەیەکی نزیکدا بتوانێت چارەسەری ئەم کێشانە بکاتو ئاوڕێک لە سامانە مرۆییەکەمان بداتەوە، چونکە سامانی مرۆیی پرۆفیشناڵو کارامە بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی هەر میللەتێک.

### کەواتە، کەی سامانی مرۆیی دەبێتە بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەیی؟

کاتێک دەبێتە بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەیی، کە ئەو سامانە مرۆییە ببێتە بەشێک لە ژیانی سیاسی ئەو کۆمەڵگەیە، لێپرسینەوەو بەدواداچوون بکات بۆ کارەکانی حکومەت، واتە ئەو سامانە مرۆییە راستگۆبێتو ناعەدالەتیو دیاردەی دزێوییو گەندەڵیی قبوڵ نەکات لە هیچ کەسێک، تەنانەت لەژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیشەوە، سامانە مرۆییەکە جگە لە راستی هیچ قبوڵ نەکات، تەنانەت لە دەسەڵاتە سیاسییەکەش، واتە بە شیعاراتی باقو بریقی کەس هەڵنەخەڵەتێت، لێپێچینەوە لە هەموو کەس بکات بەبێ جیاوازی بە دەسەڵاتی سیاسیشەوە، کاتێک بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتی ئاسایی دەکەوێتە مەترسییەوە، واتە کاتێک دەبێتە بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەیی، کە سامانە مرۆییەکەمان مرۆڤی ئازادو ئازا بێت، لەم ئیزدواجیەتەی ئێستا بەدووربێت بە رەش بڵێت رەشو بە سپی بڵێت سپیو رەنگی خۆڵەمێشی قبوڵ نەکات لە وتنو هەڵوێستی راستیدا.

لەگەڵ ئەوەی هیندستان یەکێکە لە وڵاتە هەژارەکانی دنیا، ئەگەر بەراوردێک بکرێت لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دنیادا یاسای رێکخستنی حکومیو کارگێڕیی لەگەڵ ئەو حکومەتو کارگێڕییەی ئێمە زۆر جیاواز نییە، بەڵام بە سامانە مرۆییە نایابو زیرەکو بەهرەمەندەکەی هەموو دنیای داگیرکردووەو بازاڕی کۆنترۆڵکردووە. دەسەڵاتی کوردی لەبری گەشەپێدانو پێشخستنی توانای سامانی مرۆییو کاراکردنی (پرۆفیشیناڵکردنی)، رێزی سامانە مرۆییەکەی نەهێشتووە، تەمەڵو گەندەڵی کردووە، ئەگەر سەیری بەڕێوەبەرێتیی خانەنشینو وەزارەتەکانو ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بکەین، بۆمان دەردەکەوێت زیاتر لە هەموو وڵاتانی دەوروبەر بە حکومەتی عیراقی فیدرالیشەوە شارەزاو راوێژکارو بەڕێوەبەری گشتییو پۆستی بەرزی جیاواز جیاوازو سەیروسەمەرەمان هەیە، کە زۆریان پرۆفیشناڵ نینو خاوەنی بڕوانامەی بەرزی تایبەت نین بەو تایبەتمەندییەو شایانی ئەو پۆستانە نین، دووبارە دێمەوە سەر ئەو باسە، کە ئێمە خۆمان بەدەستی خۆمان سامانە مرۆییەکەمان هەڵدەخەڵەتێنین بە پۆستی بریقو باق، وەک لەوەی گەشەیان پێبدەینو پێشیانبخەین، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەرەو دواوەو هەڵدێر دەیانبەین لەوانەیە هەندێکی لە نەزانی خۆمانەوە بێت!، بەڵام من خۆم گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە لە زۆرزانیو زیرەکیی دەسەڵاتو بەرپرسەکانمانەوە بێت!، ئەوان نایانەوێت هاوڵاتی، واتە سامانی مرۆیی هزرو فیکری ئازادو ئازا بێت بۆ ئەوەی هەر خۆیان فەرمانڕەوا بنو دەسەڵاتی سیاسییان لەدەستنەچێت، ئەوان سامانی مرۆیی لاوازو نەزانو ناڕاستگۆیان گەرەکەو بەمە گرەوەکە دەبەنەوە، با میللەتیش هەر بۆخۆی بڵێت، تەنانەت لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنیشدا کەمێک لەو سامانە دەڕێژن بۆ هاوڵاتییانو چەند هەزار کەسێک خانەنشین دەکەن بەبێ ئەوەی هیچ یاسایەک بیانگرێتەوە بۆ کڕینی هزرو فیکری تاکەکان، بۆئەوەی بۆ دەوروبەر بسەلمێنن کە دیموکراسین، ئەوەندەی رێز لە دەوربەر دەگرن، رێز لە خۆمان ناگرن، ئامادەن بۆ هەموو میللەتانی دنیا تەنازول بکەن، بەڵام بۆخۆمان نەک هیچ ناکەن، بەڵکو بە نەزانو نەفامو گەمژەش ناومان دەبەنو لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەمان دەکەن!.

لە راستیدا هەر ئەو سامانە مرۆییە دەسەڵات دروستدەکاتو شەرعیەتی دەداتێ، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە نەزانیی بێت یاخود لە زیرەکی بەناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییو خزمەتکردنی میللەت لە راستییەکان لادەداتو دەکەوێتە وێزەی فیکری بەرامبەر، بە تۆمەتی تیرۆرو لە رێگای پاراستنی ئاسایشی گشتیی شەرعیەت بەخۆی دەداتو هەڵدەستێت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بە هەموو جۆرەکانیەوە لە تەزویر، بەرنگاربوونەوەی فیکریی، شێواندنی راستییەکان تا تەسفیەکردنی جەستەیی!، ئەمەش کاردەکاتە کەسایەتی سامانە مرۆییەکە بە تێکشکاندنو کۆیلەکردنی، بۆیە ئازادو ئازاکردنی مرۆڤ بەهێزترین چەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێکشکاندنو کۆیلایەتیکردنی سامانی مرۆیی، کە هاوڵاتی ئاساییە، ئەمەش بە کاراکردنو پرۆفیشناڵکردنی سامانە مرۆییەکە دەکرێت.

* پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەریی

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید – هیوا جەمال
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

# بۆمبەکەی قەڵادزێ بەکێدا دەتەقێتەوە؟



ڕێبوار محەمەد یوسف

ژمارە چواری ڕێبازی نوێ لە ساڵی (١٩٨٩)، کە ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لە سەروتارەکەیدا، کە تەرخانکراوە بۆ یادی قەڵادزێ دەنووسێت: پشدەر لە بەرامبەر ڕووداوێکی مێژوویدایە.

(٢٤ و ٢٦)ی نیسان بیرەوەری شەهیدانی هەردووو شاری خۆشەویستی قەڵادزێو هەڵەبجەن، کە ڕژێمی بەعس لە ساڵی (١٩٧٤)دا بە دڕندانە پەلاماریدانو هەردووکیانی کرد بەگۆمی خوێن، لە قەڵادزێ نزیکی (١٦٣) مرۆڤی کوردی شەهید کردو زیاتر لە (١٠٠) خانووشی بەسەر هاوڵاتییاندا تەپاندو لە هەڵەبجەش نزیکی (٧٤) شەهید».

کاتێک یادی بۆردومانەکەی قەڵادزێ لە ساڵی (١٩٧٤)دا دەکەینەوە، دەچینەوە بۆ ناو هەموو ئەو یادەوەریی‌و کارەساتانەی، کە بەسەر ئەو شارەدا هاتووە «کە ئەمە لەکاتێکدا دوای هێرۆشیماو ناکازاکی بەپێی بڕیارنامەی نێودەوڵەتی لە ساڵی (١٩٤٩)دا، کە لە (جنێڤ) مۆرکرا بڕیاردرا، نابێت بەهیچ شێوەیەک وڵاتە زلهێزەکان چەکی قەدەغەکراو بەکاربهێنن «بەڵام ڕژێمی بەعس کە خۆی بە خاوەنی ئوممەی عەرەبی دەزانی، هەر زوو ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەی پێشێل کردو بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە بەم شێوە دڕندانەیە وەڵامی ئەو شارەی دایەوە».

کارەساتی بۆردومانی قەڵادزێ، کاتژمێر (٩/٤٥)ی سەرلەبەیانی ڕوویدا، لە کاتێکدا خەڵکی دەچوون بۆ سەر کارو کەسابەت‌و فەرمانبەران بۆ دەوامی ڕۆژانەیان‌و قوتابیان بۆ قوتابخانەو خوێندکارانی زانکۆش خەریکی زانست‌و زانیاریی بوون تاکو ببنە نەوەی دوارۆژی گەلەکەمان «بەڵام بەداخەوە ئەو ڕۆژە چوار فڕۆکەی ڕووسی بە فەرماندەیی (سالم سولتان عەبدوڵڵا بەسصۆ)، کە خەڵکی موسڵ‌و ئەفسەرێکی ئەڵقە لەگوێی ڕژێم بوو: بە پلەی لیوا لە هێزی تایبەتی فڕۆکەوانی عێراقی، ئەو فڕۆکانەشی ئەو شارەیان لەوکاتەدا بۆردومان کرد، لە هێزی هەوایی فڕۆکەخانەی کەرکوکەوە، هەڵگری چەکی قەدەغەکراوی ناپاڵم بوون، دواتر لە کودەتایەکدا ڕژێم ئەو ئەفسەرەی گوللەباران کرد، کە ئەو شارەی خەڵتانی خوێن کرد» کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەو بۆمبە ناپاڵمە لە گوندی دارەشمانە لە ماڵی (کاک جەمال) هەرماوە.

کارەساتێکی ئاواگەورەلەوکاتەدانەتوانرابگەیەنرێتەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن‌و جیهانی دەرەوە، ئەوکاتەش بەهۆی نەبوونی پەیوەندییە توندوتۆڵەکان‌و پەخشەکانی ڕاگەیاندن، کە وجودی نەبوو، تەنیا بێ تەلی حیزبەکان نەبێت، ئەویش لەڕێگەی جیهازەوە دەگەیەنرایە شوێنی مەبەست‌و ڕژێمی عێراقیش پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی‌و جیهانیدا هەبووە بۆ کپکردنی ئەوکارەساتەی لەو ڕۆژەدا ڕوویدا «ڕەنگە کەمتەرخەمییەکیش هەبێت لەلایەن خەڵکی دەڤەرەکەوە، کە نەیانتوانیوە بەپێی پێویست گرنگیی پێبدەن تاکو توێژینەوەیەکی ئەکادیمی‌و زانستی، لایەنەکانی بەجۆرێک شی بکاتەوە، کە ببێتە مادەیەکی دۆکۆمێنتاری بۆ گەلەکەمان».

(دێڤید هیرست)، کە ڕۆژنامەوانێکی لەندەنی بوو لە ڕۆژی (٧)ی مایسدا ڕاپۆرتێک بۆ ڕۆژنامەکەیان دەنووسێت: «کاتی بۆردومانەکەش دیاریدەکات بە (٩:٤٥) خولەک، هەروەها پەیامنێری لۆمۆندی فەرەنسیش کە لەوێ ئامادەبووە، لە ڕۆژی (١٩٧٤/٤/٢٥)دا وێنەی کارەساتەکە دەگرێت، کەڕۆژنامەکە بڵاوی دەکاتەوە قژی منداڵەکەی خواڵێخۆشبوو (ئەحمەدی حاجی سابیری) بەدەستەوەیە».

بۆردومانی قەڵادزێ نەبووەتە واقیعێکی سیاسیی کوردستانیش، نەک عەرەبی‌و جیهانی، تەنیا فۆرمێکی ناوچەیی وەرگرتووەو خەریکە ئەو کارەساتەش لەبیردەچێتەوە، بایەخ پێنەدانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن‌و لەبیرچوونەوەی یادەوەری ئەو کارەساتە لەلایەن بەرپرسانەوە جێگەی گومانە «ئەوەتا کەیسی (هەڵەبجە، ئەنفال، بارزانییەکان، کوردە فەیلییەکان) لە سەرتاسەری جیهاندا دەنگی دایەوە» بۆ دەبێت کارەساتێک بەچەکی قەدەغەکراوی ناپاڵم لەدوای هێرۆشیماو ناکازاکی بەر ئەو شارە کەوتبێت نەبرێتە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق‌و دادگایی زۆربەی ئەو بەرپرسانەی ئەو سەردەمە بکرێت».


بۆ دەبێت زۆربەی کەیسە جیهانییەکان بەتایبەتی کەیسی ئەرمەنییەکان‌و جولەکەکان بکرێتە بابەتی سەرەکیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ زیندووهێشتنەوەی مێژووەکەیان‌و لەو ڕێگەیەشەوە چەندەها کاری دیپلۆماتی‌و سیاسیان ئەنجام بدرێت، تاکو بتوانن ئەو هێرشانەی کە کراونەتە سەریان مەحکوم بکرێن‌و سزای تاوانباران بدرێت‌و قەرەبووی زیانلێکەوتوانیش بکرێتەوە».

کارەسات‌و ڕاپەڕینی (١٩٧٤/٤/٢٤) (١٩٨٢/٤/٢٤) لەو ساتەوەختەدا گرنگیی خۆی هەبوو، بگرە لە شوناسێکی ناوچەییەوە بووە شوناسێکی سەرجەم خەڵکی کوردستان، «بەڵام بەداخەوە ئەو برین‌و زامەی کە هەیە تەنیا لەگەڵ ڕەگ‌و ڕیشەی خەڵکی ئەو دەڤەرە تێکەڵاوەو خەریکە لەبیریش دەچنەوە، تەنیا ئەوەنەبێت جەماوەرەکەی لەو ڕۆژەدا وەک‌و سۆزو هاوخەمییەک یادی کۆستکەوتوانیان دەکەنەوە».

قسەکردن لەسەر مێژووی ئەو شارە زۆر هەڵدەگرێت، زامەکانی قەڵادزێ‌و هەڵەبجە دوانەیەکی ڕەگ‌و ڕیشە داکوتراوی ئەو سەردەمەن، کە بەزیندوویی ماونەتەوە، بەڵام بەداخەوە دەسەڵات زۆر زوو یادەوەرییەکانی لەبیر دەچێتەوە، کەچی بەسەر ئەم کوردستانەدا هاتووە، کاتێکیش لێی دەقەومێت پەنا بۆ ئەو جەماوەرە دەباتەوە، کە بوونە سووتوی خەبات‌و تێکۆشان».

ئەمساڵیش (٣٦) ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕدەبێت، پێویستە حکومەتی هەرێم هەوڵێکی زۆر بدات بۆ خزمەتکردن‌و ئەنجامدانی چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاریی‌و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان: هەماهەنگییەکی زۆریش بنوێنێت لەگەڵ خەڵکی ئەوشارە، کە ئێستاکە خەریکی کۆکردنەوەی چەندین بەڵگەنامەن بۆ بەدیکۆمێنتکردنی ئەو کارەساتە، تاکو سەردانی دادگای باڵای تاوانەکان بکەین، هەر هیچ نەبێت ئەم کەیسەش ببێتە پەڵەیەکی ڕەش بە ناوچاوانی ئەنجامدەرانی ئەو کاتەی ڕژێم .

# گۆڕان‌و هەڵبژاردنی(٣/٧)، هەنگاوێک بۆ پێشەوە، دوو هەنگاو بۆ دواوە



ئاری ئەبوبەکر

٢-٢

## سیاسەتی نەرم بەرامبەر پارتی

چەندجارێک لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە ئەوە دراوە بەگوێی گۆڕاندا، کە وا هەستدەکرێت گۆڕان سیاسەتێکی دووپێوەریی بەکاردەهێنێت بەرامبەر بە هێزەکانی کوردستان‌و بەتایبەتیش یەکێتی‌و پارتی. لەلایەک سیاسەتێکی ڕەقی بەرامبەر یەکێتی گرتووەتەبەر، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بە نەرمیی هەڵسوکەوت بەرامبەر بە پارتی دەکات.

هەموو نەرمبوونێکی گۆڕان بەرامبەر پارتی، هەموو نزیکبوونەوەیەکی ژێربەژێری گۆڕان‌و پارتی، واتای دابەزینی قورسایی گۆڕان‌و سەلماندنی ئەو گومانەی کە پێیوایە، گۆڕان لەبازنەی لۆکالیبووندا دەخولێتەوە، کە ئەمەش بە قازانجی پارتی کۆتایی دێت، چونکە پارتی ئەو کات بە ئاسانی دەتوانێت ناوی ململانێ سیاسەییەکەی گۆڕان بنێت لۆکالی‌و تەنیا ڕوو لە یەکێتی‌و ئەمەش دەبێتە بچوکبوونەوەو ئامانجی دروستبوونی بزووتنەوەکە، چونکە هەم ئێمەش‌و هەم هەزارەها هەڵسوڕاوی دیکەی گۆڕان ئەگەر بزانن کە ململانێی بزووتنەوەی گۆڕان تەنیا بۆ بەرە لەژێر پێ دەرهێنانی یەکێتییەو بەس، ئەوا ئامادەنین بۆ یەک سەعات پشتگیریی لەو بزووتنەوەیە بکەن‌و هەوڵی سەرخستنی ئەم بزووتنەوەیە بدەن، چونکە کێشە سیستەمە، نەک شەخس‌و تاکە لایەنێک.

لەگەڵ ئەوەشدا کە گۆڕان لە هەڵبژاردنی (٣/٧)دا بەرامبەر بە پارتی زۆر نەرم بوو، پارتیش بەهەمانشێوە نەرم بوو تا کاتی (حەسم)و لە دوارۆژەکانی بانگەشەدا، زیرەکانە کەوتە لێدانی گۆڕان‌و توانی گۆڵێک لە گۆڕان بکات، چونکە پارتی زۆر وریایانە کەوتە لێدانی گۆڕان‌و توانی لەکاتێکدا لە گۆڕان بدات، کە بە دواچرکەکانی گەمەکە دەمژێردرێت، هەروەها کات یارمەتیدەر نەبێت بۆ وەڵامی گۆڕان، کە ئەمەش لە دواجاردا بە قازانجی پارتی‌و بە زیانی گۆڕان کۆتاییهات.

یەکێکی دیکە لەو نەرمییانەی گۆڕان بەرامبەر پارتی، ناوهێنانی «ویستی سەرۆکایەتیی هەرێمی فیعلیی» بوو لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە، لەیەکێک لە وتارەکانیدا لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، کە ئەمەش بووە جێی سەرسوڕمانی هەزارەها هاوڵاتی‌و ڕۆشنبیر.

لە یەکێک لە وتارەکانیدا، نەوشیروان مستەفا ئاماژەی بەوەدا، کە ئەوان واتە بزووتنەوەی گۆڕان، سەرۆکایەتیی هەرێمی کارتۆنییان ناوێت، هەڵبەت ئەم ناوهێنانە هاوپێچ بوو لەگەڵ ناوهێنانی حکومەتی هەرێم‌و پەرلەمان‌و هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم‌و عێراقدا.

هەڵبەت جگە لەناوهێنانی سەرۆکایەتیی هەرێم، هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە نەوشیروان ناوی هێنان‌و داوای بەفیعلیکردنیانی کرد، جێگەی خۆی بوون‌و جێگەی دەستخۆشی لێکردنە، بەڵام داواکردن بۆ بەفیعلیکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم، دەستبردن بوو بۆ یەکێک لە هەستیارترین مەسەلەکان، کە تا چەند مانگێک پێش ئێستا لەلایەن خودی بزووتنەوەی گۆڕانەوە داوای داماڵینی ئەو دەسەڵاتە زۆرو زەبەلاحەی سەرۆکی هەرێم دەکرا، کەچی بە قودرەتی قادر، نەوشیروان مستەفا بە ئاشکرا کەوتە بانگەشەکردن بۆ ویستی دەسەڵاتی فیعلیی سەرۆکی هەرێم!!! جا ئەمە مەگەر نەوشیروان‌و سەرکردایەتیی گۆڕان، خۆیان وەڵامی ئەم گۆڕانکارییە خێرایە بدەنەوە لە بیروبۆچوونەکانیاندا، چونکە بەکەس هەزمناکرێت لەمەسەلەیەکی هەستیاری وەک دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمدا، ئاوەها بەزوویی گۆڕان لەزاری کەسی یەکەمەوە بیروڕای خۆی بگۆڕێت.

## کێشەی میلیشیاو عەدنان عوسمان

لەهەموو دونیادا وا باوە کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، ئەجێندایەک بۆ هەڵمەتەکە دیاریدەکرێت، جا ئەجێندای پێشوەختی لایەنەکان، یان ئەجێندای کتوپڕ، بەڵام بە پرۆفایلکردنی هەڵبژاردن لەلایەن هێزە سیاسەییەکانەوە، کارێکە لە دونیای دیموکراسیدا هەزاربارەبووەتەوە.

لایەنی ڕکابەری بەرامبەر گۆڕان، وەک مافێکی سروشتیی خۆی هات‌و یاریگای جەنگی هەڵبژاردنی دیاریکردو قسەیەکی (کە حەقیقەتێکی ڕوون‌و ئاشکرا بوو) پەرلەمانتارێکی گۆڕانیان کردە پرۆفایلی هەڵبژاردن. ئەوەی کە مەبەستمە لێرەدا بیڵێم، ئەوەیە کە هەرچەندە دڵنیام ئەو جەنگەی لەسەر مەسەلەی باسکردنی پێشمەرگە بە میلیشیا جەنگێکی ناڕەوابوو، کارێکی قێزەون بوو، کارێک بوو کە زەڕەیەک ڕاستی‌و بابەتیبوونی لەخۆ نەگرتبوو، بەڵام لە زانستی سیاسیدا، خەتێکی ڕۆشن هەیە کە پێیدەوترێت پراگماتیزم، واتا مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعدا، مامەڵەکردنێکی واقیعییانە.

لێرەوە دەبوایە گۆڕان مامەڵەی لەگەڵ واقیعدا بکردایەو وەک خوێندنەوەیەکی واقیعییانە بۆ کۆمەڵگای کوردی‌و ئەوکات‌وساتەی کە ئەم قسەیەی پەرلەمانتارەکەی گۆڕانی تیا بە پرۆفایل کرا وەک کەرەستەیەکی بانگەشەی هەڵبژاردن، دەبوایە گۆڕان خوێندنەوەیەکی واقیعییانەی بۆ ئەم بابەتە بکردایەو داوای لە عەدنان عوسمان بکردایە کە دەستی لەکار بکێشێتەوە، هەرچەندە من دەزانم کە عەدنان عوسمان شتێکی دیکەی نەوتووە جگە لە ڕاستی، بەڵام وەک نەریتێکی باوی دیموکراتی‌و بۆ خاوکردنەوەی ئەو فشارە زۆرەی بۆ سەر گۆڕان دروستبوو، دەبوایە عەدنان عوسمان خۆشی هەستی بەو لێپرسراوێتییە مێژووییە بکردایەو پەرلەمانتاریی خۆی سڕبکردایە، بەڵام بەداخەوە نە بزووتنەوەی گۆڕان ئەمەی کردو نە هاوڕێ‌و ئازیزم عەدنان عوسمان ئەمەی کرد، کە ئەگەر بێت‌و ئەم کارە بکرایە، ئەوا وەک چۆن گۆڕان لە ڕۆژنامەکەیاندا، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، بوونە سەرمەشق‌و ئاودێر شێخ عومەر ئازایانە دەستی لەکارکێشایەوە، ئەگەر چی ئاودێر دەشیزانی کە کارێکی خراپی نەکردووە، بەڵام وەک نەریتێکی دیموکراتییانە دەستی کێشایەوە لە سەرنووسەریی ڕۆژنامە، دەبوایە بە هەمانشێوە عەدنان عوسمان دەستی بکێشایەتەوە.

ئەوکات نەیارەکانی گۆڕانیش پێدەچوو وازیان لەو بابەتی «پێشمەرگەو میلیشا»یە بهێنایە، خۆ ئەگەر وازیشیان نەهێنایە، ئەو کات گۆڕان بەهانەی بەدەستەوە دەبوو، کە ئەو کەسەی ئەو ڕستەیەی وتووە، وازی هێناوەو قسەکەی لەسەر خودی سیاسەتی گۆڕان هەژمارنەدەکرا، بەڵام بەداخەوە نە بزووتنەوەی گۆڕان جورئەتێکی لەو جۆرەی تیابوو کە دەستبەرداری یەکێک لە ئەندامی پەرلەمانەکانی ببێت‌و نە عەدنان عوسمانی بەڕێزیش هەستی ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییەی تێدابوو کە لەسەر خواستی خۆی دەست لەکاربکێشێتەوە.

## بوونی گۆڕان بە نوخبە

هێزە سیاسییەکانی دیکە، بەتایبەتی تر یەکێتی‌و پارتی، لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، مەکتەب سیاسییەکانیان دەشاردەوەو نەیاندەهێشت بێنە سەر تەلەفزیۆن، لە ڕۆژنامەکانیان نووسین بنووسن، بەواتایەکی دیکە حیزب نەیدەویست ئەو کەسانە زۆر دەرکەون کە خۆشەویستی ناو جەماوەر نین، بۆ ئەوەی کە دەنگیان لێ نەتۆرێت، نموونەش، کەم لە لێپرسراوی ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکان هەبوو کە قسە بکات، وتار بنووسێت، بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداریی هەڵمەتی هەڵبژاردن بکات، بۆ؟ لەبەرئەوەی کە حیزب دڵنیابوو ئەگەر ئەمانە بانگەشەی هەڵبژاردن بکەن، ئەوا حیزب دەدۆڕێت، چونکە ئەمانە کەسانی خۆشەویستی ناو کۆمەڵگە نین، لەکاتێکدا ئەمانە داکۆکیکەری هەمیشەیی حیزبن‌و هەمیشە لەسەری سەرەوەی حیزبن، کەچی گۆڕان بە پێچەوانەوە، کەسانی بێلایەن‌و خەمخۆر، کاسانی خۆشەویست‌و پاکی وەلاوەناو کەوتە هێنانی بەشێک لەوانەی کە کەم تا زۆر لەناو خەڵکدا نیشانەی پرسیاریان لەسەرە، ئەگەر ڕاسستیش نەبێت، ئەوا دەبوایە گۆڕان لەبەر هەلومەرجی خۆی‌و هەڵبژاردنەکان لانیکەم ئەمانەی نەهێنایەتە سەر تەلەفزیۆن‌و وەک نوێنەری گۆڕان نیشانی نەدانایە، بەڵکو کاندیدە پسپۆڕو شارەزاکان بونایەتە دەمڕاستی بزووتنەوەکە.

## نەبوونی سیاسەت‌و وتارێکی ڕۆشن لەسەر کەرکوک

یەکێکی دیکە لەو تەمومژانەی بەسەر گۆڕانەوە بوو، نەبوونی وتارێکی ڕۆشن بوو بەرامبەر حکومەتی عێراق‌و مادە دەستوورییەکانی وەک(١٤٠)، نەبوونی وتارێکی ڕۆشن بوو بەرامبەر کەرکوک‌و ناوچە دابڕاوەکان.

ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کەس نازانێت بزووتنەوەی گۆڕان چ سیاسەتێکی هەیە بەرامبەر مادەی(١٤٠)، بەرامبەر بە عەرەبە هاوردەکانی کەرکوک، بەرامبەر بە حکومەتی عێراق، چ جۆرە حکومەتێکیان پێ باشە لە بەغداد، ئەمانە ئەو پرسە چارەنووسسازانەن کە گۆڕان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا هیچ جۆرە سیاسەتێکی ڕوونی نەبوو بەرامبەریان. ئایا گۆڕان دەیوپست چ دونیایەک بۆ کەرکوک‌و کەرکوکییەکان بخولقێنێت؟ ئایا گۆڕان چ میکانیزمێکی هەبوو بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوک‌و ناوچەکانی دیکە؟ ئەمانە ناڕۆشنییان دروستکردبوو لەلای خەڵکی، بۆ هاوڵاتییەکی کەرکوک کە لەسەر خاکی خۆی وەدەرنراوەو ئێستا لە یاریگاکەی کەرکوکدا بە هەزار کولەمەرگی ژیان دەگوزەرێنێت، ئەوە گرنگە کە تۆ چۆن نیشانی دەدەیت کە دەتەوێت مافەکەی بۆ بگەڕێنیتەوە، نەک قسەی لوغزاوی‌و ناڕۆشن.

وەک چۆن یەکێتی‌و پارتی بەوە تاوانباردەکرێن کە سیاسەتی ئاگرو ئاسن بەکاردەهێنن لە ناوخۆداو سیاسەتی گوڵ بۆ دەرەوەی کوردستان، سیاسەتی گۆڕانیش لەو گەمەیەدا هەمان سیاسەت بوو، هەروەها تەنیاو تەنیا تەرکیزکردنە سەر یەکێتی‌و پارتی بوو لە ناوکەرکوکدا، بەڵام بۆ تەنیا یەکجاریش بێت، قسەیان لەسەر هێزە عەرەبییەکان، هێزە ئیقلیمییەکان، نەکرد.

وتارێکی ڕۆشنیان نەبوو بۆ کەرکوک، بەتایبەتیتر کە تا ئێستاشی پێوە بێت کەرکوک‌و ناوچە جێناکۆکەکان، کێشمەکێشی نەتەوەیی‌و هەستی نەتەوایەتی زاڵە بەسەر کێشمەکێشەکانی دیکەی وەک خۆشگوزەرانی‌و ژیانێکی باشتر. تا ئێستاش ئەولەویەت لەلای خەڵکی ناوچە جێناکۆکەکان نەتەوەو سەلماندنی خودی نەتەوەییە.

لەلایەکی دیکەوە نەبوونی وەجهی ناسراوو کاریزمای گۆڕان لە کەرکوک، کە بەداخەوە لەهەموو ئەو کاندیدانەی گۆڕان لە کەرکوک، تەنیا کەسێکی تیانەبوو کە زۆر ناسراو بێت لەلای خەڵکی کەرکوک. لەکاتێکدا کاندیدی زۆربەی لایەنەکانی دیکە، خەڵکی بەتواناو ناسراو، خەڵکی کاریزماو تەنانەت داکۆکیکەری سەرسەخت بوون لە کەرکوک، کەچی گۆڕان هەندێک کاندیدی دانابوو کە بۆ تاکە جارێکیش نە بە وتار، نە لە تەلەفزیۆن‌و نە لە ڕادیۆ نەبینرابوون‌و دونیابینینییان نەدەزانرا، هەروەها زۆربەی کاندیدەکانی کەرکوک مەیدانییەن لەناو ئازارەکانی خەڵکی کەرکوکدا نەژیابوون.

ئەم هۆکارانە کارێکی کرد کە گۆڕان نەیتوانی تاکە کورسییەکی کەرکوکیش بەدەستبهێنێت‌و کەرکوک بووە موفاجەئەی گۆڕان، کە دەبێت بەڕاستی گۆڕان لەو مەسەلەیە بە وردیی بکۆڵێتەوەو دانی پێدابنێت. ئاخر کارەساتە کە زیاتر لە (٢٠)کاندیدی گۆڕان نەتوانن (٥٠)هەزاردەنگ بۆ گۆڕان کۆبکەنەوە، ئایا نەدەتوانرا کەسانی ئەوتۆ پەیدابکرێت بۆ کاندیدی کەرکوک، کە لەناو ئێش‌و ئازارەکانی خەڵکی کەرکوکدا ژیابن؟ یان نەدەکرا گۆڕان سیاسەتێکی ڕوونی ئەوتۆی هەبوایە کە خەڵک نەترسانایە لە چارەنووسیان لەکاتی دەنگدانیان بە گۆڕان؟

## کۆتایی

وەک کۆتاییەک بۆ ئەم وتارە بە پێویستی دەزانم ئەوە دووبارە بکەمەوە کە دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان وانەیەکی باش لە هەڵبژاردنەکانی (٣/٧)وە وەربگرێت‌و نەیەڵێت ئەو هەڵانەی بەسەردا تێیپەڕێت کە لەم هەڵبژاردنەدا بەسەریدا تێپەڕی. مادام کورسی دەسەڵات بووەتە گرەوکردن لەسەر بەدەستهێنانی دەنگی جەماوەر، مادام گۆڕان وەرزی یەکەم‌و دووەمی بە سەلامەتی تێپەڕاند، مادام توانی نزیکەی نیو ملیۆن دەنگ لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، کەواتە کاروانەکە کەوتووەتەڕێ‌و خەڵک هەست بەوە دەکات کە ئەم هێزەی ناوی گۆڕانە، دەتوانێت باروگوزەرانی وڵات بەرەو باشتر بەرێت، بە هەموو بارێکدا هاوڵاتییان‌و هاونیشتیمانییان دەزانن کە کاروانی گۆڕان‌و بوونی هێزی جیاواز ئەگەر کاری باشەو پڕۆژەی بەهێزکردنی کوردو تواناکانی کوردی بەدوادا نەیەت، هەرگیزاو هەرگیز کاری خراپ‌و ماڵوێرانکاری بەدوادانایەت. لە هەموو حاڵەتەکاندا، بوونی چەند هێزێکی لاوازو جیاواز باشترە لەبوونی تەنیا حیزبێکی بەهێزو تاقانە، بەمانایەکی دیکە بوونی گۆڕان، یەکێتی‌و پارتی بە هەموو کەموکورتییەکانیانەوە، سەد قات لەوە باشترە کە هەریەکێک لەم هێزانە بەتەنیا لە ساحەی سیاسیدا بن بۆ کۆمەڵگەی کوردی. بەهیوای ئەوەی کە گۆڕان‌و سەرکردایەتییەکەی بەچاوی بابەتییانەوە لە هەموو ئەو ڕەخنانە بڕوانن کە لێیان دەگیرێت‌و کاری لەسەر بکەن، نەک وەک هێزەکانی دیکە بکەونە دوورکەوتنەوە لە خەڵک‌و ڕەخنەکانیان.

Arei1976@hotmail.com








چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩